ڕێکخستن

یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی چالاکی حزبی

محەمەد مەنگوڕی

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی ٢٠٠٢

ناوی کتێب: ڕێکخستن یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی چالاکی حزبی

نووســەر: محمد مەنگوری

چاپی یەکەم ٢٠٠٢ سلێمانی

پیتچنین: تـاهیر شوکر

هەڵەبڕ: عیرفان ئەحمەد

مۆنتێر: شۆڕش ئەحمەد

ژمارەی سپاردن: (٣١٦)ی ساڵی ٢٠٠٢

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)

دەسپێکی باسەکە

بنەماکانی نەزمی نوێی جیهان، خەریکە شوێن دەستی نەك لەولاتانی ڕۆژئاوا دیار دەکەوێت بەڵکو سەرتاپا حکومەتەکانی دنیا حسابی بۆ دەکەن، ئەگەر بەرواڵەتیش بێت لەمیدیای خۆیاندا پانتایی‌یەکی بەر چاوی بۆ دیاری دەکەن.. خودی ولاتە دکتاتورو ڕەگەزپەرستەکانیش کەم تا زۆر، لەچوار چێوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانیان ئیشارەی پێ دەدەن‌و بەناچاری ئەو بڕیارە دەوڵەتیانەش مۆر دەکەن کەبۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایانە دێنە ئاراوە، یەکێك لەو بنەما هەرە زەقانە مەسەلەی دیموکراسی‌یە کە ئەوڕۆ لەزۆر لاوە بە ئازادی بیروڕاو فرە حیزبی ناو دێر دەکرێ. پێ یان وایە دیموکراسی و فرە حیزبی ، دوو چەمکی جومگەن یەکیان ئەوی دی تەواو دەکات. (د. موستەفا کامل) لەکتێبەکەی خۆیدا (قانونی دەستوری‌و دەستوری عیراق) لە بارەی دیموکراسی‌و فرە حیزبی لەلا پەرە (١٢٨) ئیشارە بەڤەولیکی (هانس کلسن) دەدا دەڵێ (خەیاڵ‌و خۆ فریودانە گەر وابزانین دیموکراسی بەبێ حیزبی سیاسی بوونی دەبێت!! چونکە دیموکراسی بێ شك‌و گومان دەوڵەتی حیزب‌و ریکخراوی سیاسی‌یە)..

ئەو بۆچونەجیاوازانەش کەجاران لەنێوان لایەنگرانی بوونی حیزبی سیاسی‌و نەبوونی دا هەبوو، ئێستا بەتەواوی یەکلا بۆتەوەو مەودای ململانێی نێوانیان، ئەوەندە تەسك بۆتەوە وەکو کێشە فکری‌یەکەی(چین‌و سوڤیەتی جاران) دەبێ لەئەرشیفەکاندا بەسەر بکرێتەوە! سەردەمێکیش حکومەتە کۆنەکان پێیان وابوو حیزبە سیاسیەکان خەڵکێکی هاوبیرورا کۆدەکەنەوە بۆ نانەوەی ئاژاوەو دروست کردنی گرفت‌و کۆسپ لەپێش ئیش‌و کاری دەوڵەت. ئەو تێروانینە، ئەگەر مابێتیش تەنها ڕەنگ دانەوەی بۆچونی چەند حکومەتێکی دکتاتور و ڕەگەزپەرستە. کە لەرای گشتی نێو دەوڵەتی بەتەواوی پەراوێز کراون‌و چاوەروانی مەرگی حەتمی خۆیان دەکەن..

ئەگەر زەمەنێك توێژینەوەی تەشکیلاتە قانونیەکانی وەزارەت‌و ئەنجومەنە نیابییەکان‌و هی تر لەپێشەوەی حیزبە سیاسیاکان بوون ئێستا توێژینەوەی حیزبە سیاسیەکان‌و کاردانەوەیان لەمەجالی هۆشیار کردنەوەو ئاراستە کردنی کومەلانی خەڵك‌و ئایندەی دیموکراتیزە کردنی حکومەت‌و کۆمەڵگاکان کەوتۆتە پێشەوەی تەشکیلاتە قانونیەکان، نەخوازە لەسەردەمی دیموکراسی کە واتای حکومەتی فرە حیزبی دەگەیەنێ.. دەمانێکی زۆر پێش نەمانی بلۆکی ڕۆژ هەلات (سوڤیەتی پێشوو) بیرمەندی بەریتانی (هارولد لاسکی) لەباسەکەیدا (اصول السیاسة) کە (ابراهیم لطفی عمر) کردویە بەعەرەبی‌و (بطرس. بطرس غالی) پێیداچۆتەوە بەحەماسەتیکی بێ حدود جەخت لەسەر دەوری حیزبە سیاسیەکان دەکات‌و دەنوسێ: (حیزبە سیاسیەکان، قەلای پتەوو شوورەی پۆلاینن، بەرامبەر خەتەری لەخۆ بایی بوون‌و زۆرداری حوکمی قەیسەرو هەموو زۆردارەکانی دنیا).

توێژینەوە لەسەر حیزبە سیاسیەکان، لەچاو زانستەکانی دی پانتایی‌یەکی تەسکی داپۆشیوە. ئەوەی کرابێتیش ئاکامیکی وایان بەرجەستە نەکردوە، کەشتێکی قەتعی بێت، بەڵکو زۆربەی گریمانەی خۆدی بیریارەکانیش، تەنانەت لەسەر چەمکی (حیزبی سیاسی) کۆك نین بەنەزەری (موریس دیڤرچیە)، [ئەو دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، حیزبە سیاسیەکان چالاکیان سەرپۆش‌و مەخفی‌یە. بە دەگمەن (زانیاری راست، سەرژمێری تەواو، کۆنوسی دیدو بۆچون، بینای رێکخراوەیی‌یان) دەستدەکەوێت، مەگەر هەڵکەوێت کۆنە سەرکردەی حیزبیکی سیاسی بوێرانە باسی رابردووی

حیزبەکەی بکاتو لەمەجالی لیکولینەوەدا جێگای مەنفەعەت بێت!!] نابی ئەوەشمان لەبیر بچێت مل ملانێ ئایدیۆلۆژیەکان بەدەرنین لەپێك هاتەی ئەو ئاستەنگەی ئیشارەمان پێدا.

ئەو روانینەی باسمان کرد لەسەر کەمی سەرچاوەی توێژینەوەی حیزبە سیاسیەکانو ململانێ ئایدیۆلۆژیەکان هەرگیز ئەو راستیانە نەفی ناکات کەلێکولینەوەی باش کراوە لەسەر حیزبە سیاسیەکان، ئەگەر لەزۆر لاشەوە جێگای پرسین بێتو کەلێنو ناکاملێ پێوە دیاربێت، هەروەها زۆرحەقیقەتیشی ئاشکرا کردوە گەر هەموشی نەبێت. ئەمەش زۆرینەی بیریارەکان لەسەری رێكو تەبان، یەکێکیش لەو حەقیقەتانە، لێکدانەوەی مانای دیموکراسیە.

(حوکم کردنی گەل لەلایەن گەلەوە) یا (حوکم کردنی نەتەوە لەلایەن نوێنەرە کانیەوە) ئەو دوو راڤەکردنە، دەگەڵ ئەوەی جوانو حەماس ئامێزن بەڵام لێکدانەوەی ئەو کەسانەن، کە لەژێر کاریگەری فەلسەفەکانی سەدەی هەژدەیەمدا دایان رشتوەو ناوەڕۆکەکەی شتێکی مەوزوعی ناداتە دەست. لەسەرتاپای مێژوی مرۆڤایەتیدا کام گەل حوکمی خۆی بۆ خۆی کردوە؟!! ئەگەر نوێنەریشیان هەبوبێت، کێ گەواهی ئەوەیە ، هەڵبژاردەی زۆرینەی خەڵك بوونە؟!! بەدرێژایی مێژوو حکومەتەکان (ئۆلیگارشی) بوونە. ژمارەیەکی کەم حوکمی زۆرینەی گەلیان کردوە، حەقیقەتی دووەم... ئەوەیە بەشێکی باشی مافە دیموکراسیەکان لەسێبەری سیستمی فرە حیزبیدا فەراهەم دەبیت. حەقیقەتی سێیەم... حیزبە سیاسیەکان، بەدەر لەحیزبە رەگەزپەرستەکانو دینیو عەسکەریو توند رەوەکان، بەهیچ شێوەیەك ترسناك نین لەسەر مەسەلەی دیموکراسی، بەڵکو کەبالآیان کردو گەشەیان سەند دەبن بەتاکە فاکتەری بەشداری چالاکانەی کۆمەڵانی خەڵك لەدامەزراوە سیاسیەکان. ئەو کارەش فەزای دیموکراسی فراوان دەکاو، بناغەی کۆمەڵگا مەدەنیەکان دادەرێژێو، تەشکیلاتە قانونیەکان گەشە پێ دەکات.

نەتەوەی کورد وێڕای ئەوەی یەکێکە لەو گەلە دەگمەنانەی تاهەنووکەش قەوارەی سیاسی خۆی نییە، دەریایەك خوێنی رشتوە تا بەئەسپاریش بێت لەگۆڕانکاریەکانی دنیا دانەبڕێ. بەڵام ئەورۆ لەسایەی راپەرینو تەکنەلوژیای نوێوە فەزایەکی بەر فراوانی بۆ رەخساوە، خۆی لەهاوکێشە فکریو سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەکانی جیهان نزیك بکاتەوەو هەوڵی خۆ خزانە نێو هەرە تازەکانی بداتو بەپێی هەلو مەرجی بابەتی کومەلگاکەی مامەڵەیان دەگەڵ بکات. یەکێك لەو هاوکێشە هەرە زەقانەش مەسەلەی دیموکراسیە، کەمەفهومەکەی سیستمی فرە حیزبیەو لەچوار چێوە کەیدا ئەو حیزبە بالآ دەست دەبێت زیاتر تواناو هێزی جەماوەر بەلای خویدا راکێشی. تواناو هێزی جەماوەریش بەچالاکی حیزبی دەستە بەر دەبێ. چالاکی حیزبیش بەندە بەنوێ کردنەوەو گەشە پێ دانو گونجاندنو پراکتیزە کردنی. فکرو رێکخستن یا تیۆرو رێکخستن.

بەشە فکری یەکەی ئەم مەسەلەیە جێ دێڵین بۆ ئەو کەسانەی پسپۆرو شارەزای ئەم بوارەن. ئێمەش. پشت بەست بەئەزمونی (٤٠) چل ساڵەی خۆمان لەکاری رێکخستنو، رابردووی هۆشیاری حیزبیمانو ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستایە، تیشك دەخەینە سەر مەسەلەی (رێکخستن) لەچالاکی حیزبیدا.. حەتمەن کەم وکورتی دەبێت. بەڵام خۆ هەر نەبێ ئەو زاتانە وەخەبەر دێنین، کەرەنگە زۆر لەئێمە شارەزاتربن، تابەنوسینی چاکترو بەپێزتر ئەو باسە دەوڵەمەند بکەن، چونکە زۆر کەمی لەسەر نوسراوەو جێگای لەکتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە.......

محمد مەنگوڕی

ڕێکخستن:

چەمکە گشتی‌یەکەی

ڕێکخستن لەسۆنگەی چەمکە گشتی‌یەکەیەوە ئەو میتۆدە یائەو رایەڵە یا ئەو وەسیلەیە، کە چالاکیەکانی ئەقڵی مرۆڤ ئاراستەی ئامانج دەکاو ئاکامەکەشی بە پۆزەتیڤ یا نەگەتیڤ، چاك یاخراپ رەنگ دەدرێتەوە، ئەو چالاکیانەش وێرای ئەوەی پانتاییی‌یەکی فراوانی ژیانیان گرتۆتەوە، دەگەڵ قۆناغەکانی گەشە کردنی کۆمەڵ گۆڕاون‌و پێشکەوتون‌و کاردانەوەی گەورەیان لێ کەوتۆتەوە. تاژیانیش هەبێت چالاکی مرۆڤ لەجووڵان‌و بەردەوامی‌دا دەبێت، بەقەولی مارکسیەکان لە(قوناغی کۆمۆنیستیشدا ئەگەرچی جیاوازی چینایەتی سنورەکان تەخت دەبن، دەوڵەت‌و ئەرتەش دەچنە نێو دەریای عەدەم، دنیا دەبێتە تاکە یەك کیشوەری پان‌و بەرین.. دیسان چالاکی مرۆڤ هەر درێژەی دەبێت لەجیاتی ململانێی چینایەتی ئەم جارە دەکەوێتە وێزەی سروشت، لەپای دیتنەوەی نهێنی‌یەکانی‌و (تەسخیر) کردنیان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ.. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر چالاکی تاکە کەس بەرتەسك بێت‌و لەبوون‌و ئیدراکەوە دەست پێ بکات تا مردن، ئەوا چالاکیە مرۆییەکان مەودایەکی بەرین‌و بەربلاو بێ کۆتاییان لەپێشدایە)...

لەراڤەکردنی چەمکی گشتی ڕێکخستندا ئیشارەمان بەوەدا، چالاکی ئەقڵی مرۆڤ لایەنی چاکەو خراپەی بەخۆوە گرتوە، چاکەکانی بەدەیان (ئینسکلۆپیدیا) لەژمارەنایەن، خراپەکانیش زەق‌و ئاشکران‌و رەنگە زۆریشیان لەسەر نوسرابێ، هەر بۆ وەبیرهێنانەوە ئاماژە بە هەرە نزیکەکان دەدەین کە شەڕی یەکەم‌و دووەمی جیهان بوو..ملیونان خەڵکی تێدا فەوتا ، شارستانیەتەکان سڕکران. توخمی بەشەریەت وەکو توێژینەوەکان دەڵێن.. خەلایەکانی لەژێر کاریگەری (مادە) کیمیاوی و بایەلۆژیەکان ناتەواوو شێواون. بڵاوبوونەوەی دەیان نەخۆشی کوشندەش ئۆباڵەکەی هەرلە ئەستۆی ئەو دوو شەڕە وێرانکاری یەیە!! ... ئەوە جگە لەبەش بەش بوونی چەندین گەل‌و وڵات کە کوردو کوردستانیش یەکێکە لەوان.

سەرەتای دەست پێ کردنی چالاکی مرۆڤ کەی و چۆن بوە؟... لەباسەکەی ئێمە بەدەرە، ئەوەی گەرەکمانە بیڵێین ، چالاکی‌و ڕێکخستنەکە دوو یەکەی پێکەوە گرێدراون ، نەك هەر یەکتری نەفی ناکەن، بەڵکو تەواو کاری رەهای یەکترین.. هەردووکیشیان کاری مرۆڤن و میکانیزمەکەیان جووڵانە (حرکة)، ئێمە ناڵێین مرۆڤ هەر لە بونیەوە هەستیار بوەو پەی بە چالاکی بردووە.. نەخێر. مرۆڤی بەرایی بونەوەرێکی کەم ئیدراك بوە . چەندین ساڵ هاودەمی ژیانی ئاژەڵی بووە، وەلێ کەم تا زۆر لە (رامان — تصور) بێ بەش نەبوە، بۆیە بە شێوەیەکی زۆر ساکاریش بوبێت بەرە بەرە پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیوە.. ئیدارەی مل ملانێکانی داوە ، تا دەگەڵ بەشێك لە وەڵامی پرسیارەکانی خۆیدا ئاشنابوە. لە قۆناغیکی زوشدا خێزانی پێك هێناوە. بە مەفهومە سادەکەی ئەوێ رۆژێ..لەمەجرای روو بەروو بونەوەی هەل و مەرجە بابەتیەکاندا.. ژیانی بەکۆمەڵی بەچاك زانیوە و چۆتە ژێر چەتری هۆز و تیرە و بەرەباب و تەشکیلاتە باوەکانی ئەودەم ئا لێرەشدا ڕێکخستن بۆتە میتۆدێکی سەرەتایی بۆ بەر جەستە بوونی هەر هەموو ئەو پێك هاتە تازانە ..

ئەو ڕێکخستنەش شکل و فۆرمی هەر چۆنێك بوبێت ، بۆ ئامانج‌و مەرامی جیاجیا پیادەکراوە.. جاری واهەیە بەرژەوەندی تاکە کەسی رەنگی داوەتەوە ، وەکو ڕێکخستنی جەردەو رێگرەکان زۆر جاریش هەر دوو بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ... وەکو ڕێکخستنی خیزان و هۆز و تیرەو... هتد.

میێژووی چالاکیەکانی مرۆڤ هەر لە پێك هاتنی مەمالیك وئیمپراتوریەت و پەیدا بوونی ئاینە ئاسمانیەکان و حکومەتەکان بەرەو سەر هەڵدانی فەلسەفە و زانستەکان ئەرشیفێکی ئەوەندە دەوڵەمەندە ، ئەستەمە بتوانین بەشێکی کەمیشی لێ هەڵێنجێنین،!! نەخوازە بۆ کەسیك لە مێژودا دەست کورتو کەم زان بێت..

بەڵام هەق بە خۆمان دەدەین .. حوکمێکی مەوزوعیانە بخەینە پاڵ ئەو راستی‌یەی سەرەوە . ئەویش ئەوەیە بە درێژایی مێژوو رێکخستن فاکتەرێکی سەرەکی بوە بۆ پیادە کردنی چالاکیەکانی توخمی بەشەریەت. تاکە یەك ئاکار و شاکاری مرۆڤیش بە دی ناکرێ، مۆرکی رێکخستنی پێوە نەبێت ..

هەنوکەش سەردەمی تەکنۆلۆژیای زەبەلاح و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت . چەمکە گشتی‌یەکەی رێکخستن بالاترین و حەساس ترین ئەرکە زانستی‌یەکان بەرجەستە دەکا ..کە سونبولێکی داهێنانی (سیاسی ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، فکری ، پیشەسازی، تەکنۆلۆژی) لە ئەرز و مانگ و ئەستێرەدا پشکوت ..حەتمەن دەبێ بکرێ بە بەرۆکی رێکخستن دا ..زێدە رۆیش نی یە ، ئەگەر بڵێین :-

ئەورۆ ژیان رێکخستنە و رێکخستن ژیانە..

رێکخستنی حیزبی

چەمکی رێکخستنی حیزبی هەمان چەمکە گشتی‌یەکەی رێکخستن هەڵدەگرێ بەڵام بواری پیادەکردنی تەسك ترەو کاردانەوەی لە چالاکی حیزبی دا دەردەکەوێت.. دەکرێ بەو شێوەی خوارەوەش پێناسە بکری..

رێکخستنی حیزبی چوارچێوەیەکە کەشکلی چالاکی حیزب و خەباتی دیاری دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی) یا وەك بیرمەندی مەجەڕی (جورج لوکاش) دەڵێ: (رایەڵەی پێك گەیاندنی تیۆرو پراکتیکە)..

رێکخستنی حیزبی هاوکات دەگەڵ پەیدا بوونی حیزبە سیاسیەکان وەکو پیگەیەکی سەرەکی چالاکی حیزبی ناوی هاتە ناوەوە، دواجاریش بوو بە یەکێك لە مەرجەکانی چەمکی (مۆدێرنی) حیزبی سیاسی.

بەڵام لەسەرەتادا نەزەری حیزبە سیاسیەکان بەرامبەر رێکخستنی حیزبی وەکو یەك نەبوە ، هەر یەکەی بەپێ‌ی سەرچاوەی پەیدابوونی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاکەی ، بواری چالاکی ئایدیۆلۆژی مامەڵەی دەگەڵ کردوە ، بگرە تاسەردەمێکی زۆریش وەکو مەسەلەیەکی تەکنیکی پیادە کراوە)!! زۆربەی حیزبەکانیش بەدەر لە(سوشیالیست و مارکسیەکان) لەسەریەکتریان فۆتۆکۆپی کردوەو بەپێ‌ی میزاجی سەرکردایەتی‌و زروفی چالاکی‌یان گۆران‌و رووتوشی تێدا کراوە!!.

کارێکی ئاسان نی‌یە ، ئیشارە بەدیدی یەکە یەکەی حیزبە سیاسیەکان بدرێت بەرامبەر رادەی پابەندیان بە رێکخستن ، چونکە جگە لەوەی ئەو کارە پێویستی بە سەرچاوەی زۆر هەیە لەرەوتی سیاسەت‌دا، چەندین حیزبی پێشوو پوکانەوەو ئەرشیفی کۆنی سیاسەتیان دەوڵەمەند کردوە!! دەیان حیزبی ئەلتەرناتیڤیش خۆیان بە دنیای سیاسەت ئاشنا کردوە، بۆیە چاك وایە حیزبە سیاسیەکان بە گشتی‌و بە پێ‌ی پێگەکانیان لەنەخشەی سیاسی‌دا بکەین بەچەند گروپێك ، نەزەری هەر گروپەش بە جیا و زۆر بە کورتی بدەینە بەر باس و توێژینەوە...

گروپی یەکەم:-

ئەو حیزبە بۆرژوایانە دەگرێتە خۆ، کە لەسەدەی نۆزدە سەریان هەڵداوە تا ئێستاو وەکو حیزبی (موحافیزکارو لیبراڵ) چالاکیان هەیە ..ئەو حیزبانە هەنوکەش پانتاییەکی فراوانی شانۆی سیاسی ئەمریکا دادەپۆشن.. ڕەهەندی سەرەکی ڕێکخستنی حیزبیشیان (میدیاکانو تەکنۆلۆژیای هەرە پیشکەوتووی پەیوەندیە). ئەو سیما تایبەتیەی ڕێکخستن لەوەوە سەرچاوە دەگری کە (کۆمەلگاکەیان کۆمەلگایەکی ڕوەو لوتکەی پیشکەوتنە، حیزبەکانیان حیزبی دەست بژێری (نائب)و سەرکردەکانی پەرلەمانن، کەمتر بەلای کێشە سیاسیو ئایدیولوژیەکاندا دەچن، زۆر مل نادەنە زۆر کردنی ئەندام و دابەزینە نێو کۆمەلانی خەڵك، تەنها لە وەرزی هەڵبژاردنەکان نەبێت، ئامانجی هەرە زەقیان، بردنەوەی هەڵبژاردنو مسۆگەر کردنی دەسەڵاتی حوکم کردنە...)

گروپی دووەم:-

حیزبە سوشیالیستەکانی کیشوەری ئەوروپایە .....

ئەم حزبانە خەڵك لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێن، جەماوەری فراوان بە سەرچاوەی چالاکی خۆیان دەزانن ، ڕێکخستنی حیزبییان وردو کارایە، بەلاّم بە شێوەی زنجیرەی فراوان ئەرکەکانی هەڵبژاردن وەپێش هەموو چالاکیەکانی تر دەخەن ، عەقیدەو هۆشیاری سیاسی دەورێکی بەرچاوی هەیە .. وێرای مەسەلە سیاسیەکان ، کیشە ئابوری و کۆمەلاّیەتی و بگرە شەخسیەکان زۆر بەجدی وەرەگرن...

گروپی سیێەم :-

حیزبە کۆمۆنیستەکان..

حیزبە کۆمونیستەکان، داهێنەری ڕێکخستنی حیزبی تۆکمە و پتەوو بەهێزو کاریگەرن ، تا روخانی یەکێتی شورەوی پێشوو، ئەوەندە ئاشنایەتیان دەگەڵ هەڵبژاردنو سیما پەرلەمانیەکان نەبوو، توندو تیژیو زەبروزەنگ بەرامبەر دنیای سەرمایەداری کرۆکی چالاکی حیزبییان بوو ، نەمانی جیاوازی چینایەتی بە تاکە قۆناخی سەرفرازی ئینسان دەزانن، پێیان وایە فەلسەفەی مارکسیزم سەرپشکی فەلسەفەکانە..

ماوە بلێین، ئەو پۆلێنەی سەرەوە، مانای ئەوە ناگەیەنێ لە هەر سێ گروپدا حیزبی تریش بە عەقیدە و ئایدیۆلۆژیای جیاوە وجودیان نەبوە، بە پێچەوانەوە دەیان حیزبی سیاسی شان بەشانی ئەو گروپانەو لەو ولاّتانەی پێی دەگوترا جیهانی سێ چالاکی خۆیان نواندوە و دەنوێنن.. هەر لە ڕێگای فکرو ڕێکخستنەوە دەوری سەرەکییان دیوە لە گۆرینی سیستمی دەسەلاّتی ولاّتەکانیان. لە میانی باسکردنی ئەو مەسەلەیەدا ، ڕاستییەکی بابەتی بەرجەستە بوە و دەتوانین بە حاشاهەڵنەگری بزانین ئەوەیش ئەوەیەکە جیاوازی کۆمەڵگاکان لەرووی ئابوری، کۆمەلاّیەتی، فکری ڕاستەو خۆ کار دەکاتە سەر شێوەی خەباتی حیزبەکان و ئامانجەکانیان. کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا چونکە لەمێژ ساڵە سەقامگیری سیاسیو ئابوری یان وەدەست هێناوە ململانێی حیزبەکان تەنها لەسەر وەدەست هێنانی دەسەلاّتە بە شێوەیەکی ئاشتی ئامێز و دوور لە توندو تیژیو لەرێگای سندوقەکانی هەڵبژاردن، بەلاّم لە ولاّتانی (نامی) تازە گەشە کردوو ئامانجی حیزبە سیاسیەکان سنوری سیاسەتی رووتیان رەت کردوە بۆ گۆڕینی سەرجەم رواڵەتەکانی ژیان (کۆمەلاّیەتی، ئابوری، روناکبیری). ئەو جۆرە خەباتەش خۆی لە خۆیدا ململانێو توندوتیژی خوێناوی لە چارە نوسراوە ،.. چونکە دەرگای هەموو شێوەکانی تری خەباتی لەروو داخراوە! هەر لەو روانگە شەوە ڕێکخستنی حیزبی ، توندو شلی بەخۆوە بینیوە لەکۆمەڵگا پیشکەوتوەکان، کە خەباتی پەرلەمانی تێدا زاڵە، فلاتی ڕێکخستنی حیزبی فراوان و گشتییە. لەولاّتانی تازە گەشە کردوش توندو تۆڵو تۆکمەیەو زۆر جاریش نهێنیو داپۆشراوە!!.. ئەوەی ڕاستی بێ خالێ وەرچەخان لە ڕێکخستنی حیزبی لە پەیدابوونی حیزبە کۆمونیستەکان دەست پێ دەکات ئەوان یەکەم گروپ بوون درکیان بە فەعالیەتی ڕێکخستنی حیزبی کرد ، ئەمەش وەکو پێگەیەکی سەرەکی چالاکی حیزبی، درایە بەر تۆیژینەوەو مشتو مڕو ململانێی زۆریشی لەمەڕ کراوە، بەلاّم تەرەفەکانی ئەو ململانێیە کێ بوون،؟ لایەنی ڕاست و نادروستیان، ئەوە بە ئاقاری مەتلەبی ئیمەدا گوزەر ناکا !! تەنها ئەوەی بۆ توێژینەوەی ئێمە جێگای ئیعتیبارە، ئەو جیانەزەری و تێك هەڵچونە ، لە زەمانێك دا بوە (جیاوازی ئایدیۆلۆژیەکان، مەسەلەی چینایەتی، دوو جەمسەری) لەهەرەتی لاوێتی دابو. ئێستا (تاك جەمسەری، مەدەنیەت،

جیهانگیری) خەریکە ئاساریان ڕەش دەکاتەوە، بۆیە ناکرێ بەهەمان دیدی ئەوسا مامەڵەی دەگەڵ بکرێ.. وەلێ نابێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکرێ لەوڵاتانی دواکەوتوو تازە گەشەکردو کە حیزبەکان تاکە فاکتەری گۆڕین‌و ریفۆرمن لەمەسەلەی ڕێکخستن، دیدی کۆمونیستەکان تا ئێستاش هەر تاکە سەرچاوەیە، چونکە ئەلتەرناتیڤیان لەو ڕووەوە دروست نەبوە....

ئاشکرایە حیزبە سیاسیەکان ئامرازی ململانێن بۆ دەستە بەرکردنی دەسەڵات. ئەو ململانێیانە.. جاروایە ڕەوتی دیموکراسی هێمای دوور لە زەبرو زەنگ بە خۆوە دەبینێ.. وەکو، ململانێی مسۆگەرکردنی زۆربەی دەنگەکانی سندوقی هەڵبژاردن.. لە زۆر وڵاتیشدا بە ناچاری هانا دەبەنە بەر توندوتیژی.. بۆ ئەو کارەش یەکێك لە فاکتەرە هەرە سەرەکیەکان ، ڕێکخستنی توندوتۆڵە.. لەو بارەوە روبەرت میشیل لە لاپەرە (٢٥) ی کتێبەکەی (الاحزاب السیاسیة) چاپی نیۆیورك ، نووسیویەتی:-

((مادام ڕێکخستن دەورێکی باڵای هەیە لەیەکلاکردنەوەی ئیجابی ململانێی نێوان حیزبە سیاسیەکان‌و نەیارە سەرسەختەکانیاندا، ئیدی نابێ پێش بینی مەیسەربوونی کارێکی بەپێز بکەین بەبێ ڕێکخستن..))

ڕێکخستن، هێزێکی پتەوی ئیدراکی، زانستی‌و عەمەلیە.. هاندەرو پاڵپشتی حیزبە سیاسیەکانە بۆ پیادەکردنی ئەو بڕیارانەی گوزارشت لە واقع دەکەن‌و کاری بابەتیش ڕەنگ دەدەنەوە.. نوسەری کتێبی (في التنظیم الثوري) ش زۆر باش هەدەفی پێکاوە، کە لەلاپەرە (٢٥) دا، دەڵێ:-

((جەوهەری حیزبایەتی لایەنە پراکتیکەکەیەتی، مەودایەکی زۆریش لە نێوان (تیۆرو پراکتیك)دا هەیە، ئەوەی ئەو مەودایەش پڕ دەکاتەوەو ئەو دوو لایە پێکەوە دەبەستێتەوە و کارێکی بابەتی یان لێ وەبەر دێنێ.. ئەوە تەنهاو تەنها هەر ڕێکخستنە..))

هەر ئەو سەرچاوەیە لەلاپەرە (٥٥)دا زیاتر درێژە بە باسەکەی دەدا ، لەمەڕ ئەهمییەتی ڕێکخستن و دەبێژێ:-

((ڕێکخستن، هەر تەنها هێزو توانایەکی بابەتی بە حیزبی سیاسی نابەخشێ.. بەڵکو، ئەتموسفێری ناوخۆی حیزبیش لەباردەکات، کە بە تەواوی بتوانێ تێکەڵاوی ڕووداوەکان ببێت‌و دەرئەنجامی بە کەڵکیشیان لێ هەڵێنجێ..))

هەرچەندە بابەتەکەی ئێمە ڕێکخستنی حیزبی‌یە ، لەهەموو باسەکاندا بەزەقی ڕێکخستن دەخەینە بەرچاو و جەخت لەسەر ئەو لایەنەی چالاکی حیزبی دەکەین، بەڵام پێویستە باش بزانین ڕێکخستن یەکێکە لەپێگەکانی چالاکی حیزبی.. پیگەکانی تری وەکو فکرو سیاسەتیش بناغەی چالاکی حیزبین.. بە هیچ جۆرێك نابێ ڕێکخستن لەوان جیابکرێتەوەو دەبێ فکرو سیاسەت‌و ڕێکخستن بە جومگە بزانین و وەکو تەواوکەری یەکتر مامەڵەیان دەگەڵ بکرێ. واتە:-

((کاری فکری‌و سیاسی+ کاری ڕێکخستن= چالاکی حیزبی))

وەك چۆن حیزب وەسیلەیەکە بۆ بە ئامانج گەیاندنی (کۆمەڵێك، دەستەیەك، جەماوەرێك، گەلێك). ئاواش ڕێکخستنی حیزبی وەسیلەیە بۆ پراکتیزە کردنی ئیرادەو ئامانجی ئەو حیزبانە. فۆرمەکانی ڕێکخستنیش بەپێی (قۆناخی خەبات، زروفی مەوزوعی، کرۆکی ئامانجەکان) ئەبێ بگۆڕێ، دارێژرێتەوە، نوێ بکرێتەوە دەنا کۆمەڵێك گرفت، کۆسپ‌و لەمپەر لەبەردەم چالاکی سیاسی قوت دەکاتەوە.. کاردەکاتە سەر نەزۆکی (ستراتیژو تاکتیك)، ڕێگر دەبێت لە کارامەیی قەناتەکانی تەبلیغات‌و تەسقیف کردن. نوێ کردنەوەو گۆڕینی فۆرمەکانی ڕێکخستن نیشانەی زیندوویی خوێندنەوەی بابەتیانەی گۆران‌و گەشەکردنە، کەخۆی لەخۆیدا زادەی بیرکردنەوەو تێڕوانینێکی زانستی‌یانەیە. ڕووەکەی دیکەی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە، نابێ ئەو گۆران‌و نوێ کردنەوەیە میزاجی بێت یالەسەر ویستی زاتی،.. گەرەکە زەرورەت‌و واقعی قۆناخ بسەپێنی، ئەگەر نا کۆمەڵێك (ئیفرازات) دەرهاویشتەی خراپی لێ دەکەوێتەوە!! سەقامگیری ڕێکخستن دەشێوێنێ، حەماسەت نزم دەکاتەوە، دڵە ڕاوکێ دەخاتە بڕواو متمانە بەخۆ بوونی کادر، قودسیەتی ئۆرگانەکان لەبەر دیدی جەماوەر کەم بایەخ دەکات..

هەر لەو سۆنگەوە ریزبەندی فۆرمـــــەکانی ڕێکخستن‌و (ئیعتیبار) کردنیان بەکلێشەیەکی ئامادەکراو خەسڵەتێکی نێگەتیڤ‌و خراپە.. یەکسەر ئەزمونی حیزبە

کۆمونیستەکانی سەردەمی شورەوی پێشومان وەبیر دێنێتەوە، کە لەئەغلەب ولاتی ئاسیاو ئەفریقیا چانسی سەرکەوتنیان یار نەبوو!! خودی قانونەکانی (دیالیکتیکیش) رەفزیان دەکاتەوە، بەلاّم دەکرێ لە روانگەی ئاراستەی سیاسیو فکری حیزبەکانەوە پۆلێنی فۆرمەکانی ڕێکخستن بکرێن، بۆ ئەوەی بەپێی دیدی سیاسیو فکری هەر حیزبە فۆرمی ڕێکخستنی خۆی بناسێتەوە.. وەکو (دیکومینتیش) لامان روون و ئاشکرا بێت، هەر کۆمەڵە (ئیتجاهێکی سیاسیو فکری) فۆرمی ڕێکخستنی خۆی پیادە دەکات...

لە لاپەرە (١٤٣)ی (موسوعة الهلال الاشتراكية) کەلە ساڵی (١٩٦٨) چاپ کراوە، (ابراهیم عامر) فۆرمەکانی ڕێکخستن بەو شێوەیە دەخاتە بەر چاو...

١-فۆرمی ڕێکخستنی ئەو حیزبانەی (سەرکردە یا فەرماندەیەکیان) بەدواوەیە.. وەك هەیئەی رزگاری میللی فەرەنسی کە ژەنەراڵ دیگول سەرکردایەتی دەکردن..

٢- فۆرمی ڕێکخستنی ئەو حیزبانەی بۆ قۆناخێکی دیاری کراو دامەزراون .. وەك حیزبە نیشتیمانیەکانی پێش قۆناخی رزگاری نیشتیمانی و بەرە سیاسیە تەکتیکیەکان..

٣-فۆرمی ڕێکخستنی حیزبە ئایدیۆلۆژیەکان (سۆشیالیستو کۆمونیستەکان).

٤-فۆرمی ڕێکخستنی حیزبە (ئۆپۆرتۆنزم)ە کان کەتەنها مەبەستیان دەسەلاّتە، ئاقاری ئەو دەسەلاّتە لە کوێ بێت رووی تێ دەکەن، بە بێ رەچاوکردنی عەقیدە وفکر وئەخلاق.

بەشێوەیەکی گشتی.. حیزبە مەبدەئیەکان، ڕێکخستنیان توندو تۆکمەو بەهێزە بگرە هەندێکیان عەسکەرتاریا ئامیزیشە.. بەلاّم حیزبەکانی بۆرژواو لیبراڵ.. ڕێکخستنیان نەرمو بێ هێزەو بارەگاکانیان شێوەی یانەو کۆمەڵەی روناکبیری بەخۆیەوە دەبینێ...

تیبینی:- لە زۆر سەرچاوە و تۆیژینەوە لەسەر حیزبە سیاسیەکان ڕێکخستنی سیاسی.. لەجیاتی حیزبی سیاسی، بەکار هاتوە.. بۆیە ئێمەش (ڕێکخستنی حیزبی)مان بەکارهێناوە، تــا تەنها گوزارشت لە بەشی ڕێکخستن بکات لە نێو حیزبی سیاسیدا...

ڕێکخستنی حیزبی

دیدی فکرە بالاّکان

ڕێکخستنی حیزبی وەکو وەسیلەیەك، کاری سەرەکی پیادە کردنی سیاسەتو ستراتیژو تاکتیکی حیزبە، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی ئەو چین و توێژانەی دەکەونە چوار چێوەی فلاتی چالاکی حیزبی، بۆ ئەوەی وەکو قاعیدەیەکی پتەوو یەکگرتو توانا بەخش بن، تەکان بە رەوتی چالاکی حیزبی بدەن، بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی زۆر لەو بیرمەندانەی توێژینەوەیان لەمەر ڕێکخستنی حیزبی کردوەو لەو قەناعەتەن حیزبە مۆدێرنەکان زیاتر بە شکلی ڕێکخستنەکەیان دەناسرێن نەك لە ڕێگای پلات فۆرم و جەماوەرەکەیان،!! ئەوەش بەو مانایە نیـیە ڕێکخستن لە عەقیدەو پایەی کۆمەلاّیەتی بایەخدار تربێ بەڵکو مەبەست ئەوەیە لەچالاکی حیزبی دا، سیاسەت و ڕێکخستن هاو تەریبی یەکترن. یەکیان ئەوەی دی تەواو دەکات.. لینین لە کتێبی (هەنگاوێك بۆ پێشەوە.. دوو هەنگاو بەرەو دواوە) دەڵێ:-

((سیاسەتو ڕێکخستن دوو رووی یەك دیاردەن، کە ئەویش دیاردەی چالاکی حیزبییە..))

واتە ڕێکخستنی (تفضیل) نەکردوە بەسەر عەقیدەدا، بەڵکو بایەخەکەی دەرخستوە لەچالاکی حیزبیداو بەقەد سیاسەت بایەخی پێ دراوە..

بەر لە(لینین) یش (فردریك ئینگڵس) پێگەی ڕێکخستنی لەچالاکیحیزبیدا بەرجەستەکردوەو ئیعتیبارێکی زۆری بۆ داناوەو لە ساڵی (١٨٥٢ ز) نووسیویەتی:-

((هیچ حیزبێكی سیاسی ناتوانێ بەبێ رێكخستن بوونی هەبێت))*

هەر سەبارەت بە رولێ كاریگەری رێكخستنیحیزبی، دیدگا هەیە ئەڵێ هەندێ جار رێكخستن لەعەقیدە چاكتر، جەماوەر بەرەو ئاقاری سەركەوتن دەجمێنێ، بیرمەندی فەرەنسی (موریس دیڤرچیە) لەكتێبی (الاحزاب السیاسیە) كە(علی مقلد) و(عبد الحسن سعد) كردویانە بە عەرەبی زۆر بە ئیعجابەوە باس لە رێكخستنی شیوعیەكان دەكاتو ئەو گەواهنامەیەی خوارەوە تۆماردەكات:- (لە ساڵی ١٩٢٥ – ١٩٣٠. ز) شیوعیەكان پەیڕەوی جۆرە رێكخستنێكی زۆر رەسەنیان كرد، چەند ئەڵقەیەكی بچووك بە هۆی (سانترالزمی دیموكراتیك) بەیەكەوە گرێ درابوون).

(ئەو رێكخستنە داهێنەرە ، بۆ پەیوەندی بەجەماوەرەوە لەعەقیدەی ماركسی زیاتر كاری كردە سەر سەركەوتنی شیوعیەكان..)

هەر لە هەمان كتێب دا ناوبراو درێژە بە باسەكەی دەداو دەڵی..

((ئەگەرچی (تحفظ)م بەرامبەر بۆچونی ماركسیەكان هەیە كە پێیان وایە كۆمەڵ ژێرخانو سەرخانی هەیەو زانستە سیاسیەكان دەكەونە چوارچێوەی زانستەكانی سەرخان.. حیزبەكانی سەدەی بیستەم، ئەو پرانسیپەیان شكاندوە لەسەر خانی كۆمەڵەوە بەرەو ژێرخانی كۆمەڵ پەلكێشییان كردوە، وێڕای ئەوەش رێكخستنەكانیان بوە بە پێگەیەكی سەرەكی چالاكی حیزبی ، ئەوەش خۆی لەخۆیدا گەشەكردنێكی سەلیم و بەرچاوە))..

پەی بردن بە قانونەكانی گەشە كردنی كۆمەڵ، (ئەنالیزە– تحلیل) كردنێكی زانستییانەی زروفی (زاتی ومەوزوعی)ە، وەكو حیزبە شۆڕشگێرەكان دەڵێن:- (هەڵچونی كێرڤی حەماسەتی كۆمەڵ).. ئەوانە هەرچەند كاریگەرن، ناتوانن وەكو رێكخستن وەلاّم دەرەوەی سەركەوتنو شكستی بەرنامەی سیاسی حیزبەكان بن!

جۆرجی دیمتروف لە كۆنگرەی پێنجەمی حیزبی شیوعی بولگارستان، ئاوا گوزارشت لەو مەسەلەیە دەكات.. (رێكخستنی حیزبی بڕیار دەدا داخوا خەتی

---

* ماركس – انگلز – چەمكی حزب ، وەرگێرانی (شاهینی كریمی) ل٢٣

سیاسیمان راستە؟ .. یا نادروستە؟ سەركەوتنی وەدەست هێناوە یاشكستی خواردوە..))

رەنگە هەبێت بپرسێ، بەڵگەی ئەو بۆچوونە چییە؟!..

ئەو حیزبەی (ئایدیۆلۆژی– فكری) خۆی پیادە دەكات، چاوەڕوانی دوو ئاكام دەكات .. یەكەمیان ئەگەری بە پیرەوە هاتنی جەماوەرێكی زۆرە... دووەمیان ئەگەری نەبوونی ئیستیجابەی جەماوەرە....حاڵەتی یەكەم... روە پۆزەتیفەكەیە رەنگدانەوەی راستی بەرنامەی سیاسی حیزبە، حاڵەتی دووەم.. رووە نیگەتیفەكەیەو نیشانەی شكستی بەرنامەكەیە..

وەلێ زۆر جاریش، نەزۆكی میتۆدی رێكخستنو ئاستی هۆشیاری كۆمەڵگە لەئاكامە سلبییەكەدا بەشدارن .. لە زۆربەی وڵاتانی دنیای سێ، (ئەگەر بشێ ئێستا ئەو تەعبیرە بەكاربێنین) حیزبە كۆمونیستەكان سەركەوتنیان وەدەست نەهێنا ، بێ شك ناتوانین ئوباڵەكەی بخەینە ئەستۆی (ئایدیۆلۆژیاو رێكخستن)، بەلاّم بوار هەیە پاشكەوتوویی ئەو كۆمەڵگەیە بە فاكتەرێك بزانین (كۆمەڵێك هێشتا ئاساری سەدەكانی نەزانینی تێدا بەدی بكرێ.. چۆن دەتوانێ ئایدیۆلۆژیای ماركسی هەزم بكات و بە پیریەوە بچێت!!)

ئەبێ ئەوەش بزانین، نابێ شكستی بلۆكی شەرقی بەو پێوەرەی سەرەوە هەڵسەنگێنین، چونكە وڵاتەكانی ئەوێ تا رادەیەكی باش پێشكەوتو بوون، چەندین ساڵێش لە نێو ئەزمونەكەدا ژیان، دیارە كۆمەڵێك فاكتەری تری بە دواوە بوە، زیاتر پسپۆرانی ئەو بوارە دەتوانن ئەو نهێنیانە ئاشكرا بكەن، خودی باسەكەی ئێمەش ئەو تەوەرە ناگرێتە خۆ....

بە پێی ئەو دیدو بۆچونانەی لەمەڕ بایەخی رێكخستنی حیزبیو پێگەكەی لە چالاكی سیاسیدا خرایە روو، جەمع بەندییەكی تەواو لەنێوان فكرە بالاّكان بەدی دەكرێ بەرامبەر فەعالیەتی رێكخستنی حیزبی، رەنگە ئەو بیرمەندانە لەرووی ئایدیۆلۆژیاوە مەودایەكی باش لێكیان جیا بكاتەوە، بەلاّم زۆرینەیان پێیان وایە ..

١-رێكخستن پێگەیەكی سەرەكی چالاكیحیزبییە..

٢-تەنها مەسەلە سیاسیەکان بەرجەستە ناکا، بەڵکو پەلکێشی دەکات بۆ بواری ئابوری، کۆمەڵایەتی هەتا بە شەخسیش دەگات...

٣-تاقیگەی فکر و سیاسەتە...

٤-کاردەکاتە سەر بەرزکردنەوە و دابەزاندنی ئەهەمیەتی (پلادفۆرمی) حیزبەکان...

٥-خاوەنی تیوری تایبەتەو کارێکی تەکنیکی سەرف نییە..

وێڕای ئاشکرا بوونی بایەخی ڕێکخستنی حیزبی، دەبێ چاومان بەسەر ئەو راستییەوە بێت، کە هەموو حیزبەکان بە یەك ئەندازە پابەندی خۆیان بەو ڕەهەندە ڕاناگەیەنن.. ئەوەش کارێکی مەنتیقییە،! نامۆ نییە بە واقیعیەتی چالاکی حیزبی، بە تەبیعەتی جیاجیای کۆمەڵگەکان ..

چۆن ڕێکخستن وەسیلەیە، فۆرمی هەمە ڕەنگی هەیە ، بە پێی سروشتی فلاتی کارکردنی حیزبەکان گۆڕینی بە سەردا دێ. فەزای ڕێکخستنی توند و تۆڵ جیایە دەگەڵ فەزای کاری ئەو حیزبانەی هەیکەلین‌و دەربەستی جەماوەر و تواناو هێزی جەماوەرنین، کۆمەڵگەکەیان، لێ بڕاوانە قانون‌و تەشکیلاتە یاساییەکان پەیڕەو دەکات، سەقامگیری سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی بازدانی نەوعی بەخۆیەوە دەبینێ، خاوەن ئەزمون‌و باگراوندیکی دەوڵەمەندی عیلمی‌و ڕۆشەنگەرین. کەسەکانی هەوای دیموکراسی و سەربەستی‌یان هەڵمژیوە، هەژموونی، دکتاتوری. ڕەگەز پەرستی، جینوساید، تەنها دەزوولەیەکی مێشکی ئەوانی سەرقاڵ نەکردوە...!! بمانەوێ‌و نەمانەوێ، کێرڤی ڕێکخستن لەو تەرحە کۆمەڵگەیە نزمە بگرە لە هەندێکیان لەژێر سفرەوەیە.!! پێچەوانەی ئەو حاڵەتەش چالاکی حیزبە جەماوەریەکانە.. (شیوعی، سوشیالیست‌و حیزبە شۆڕشگێرەکانی) تر...سەختی موهیمەکەیان، دڕەندەیی و کەللە ڕەقی سەرانی حوکم بەدەست، کۆڵەواری و نەداری کەسانی کۆمەڵگەکەیان، ڕێکخستنی حیزبی وردو تۆکمەو پڕ مەترسی بە سەردا بڕیون!!.. بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی مەنزورەکەمان، ئیشارە بە بەراوردکاریەکی بیرمەندی ئەمریکی (ئوستن رنی) دەدەین، کە لە بەشی دووەمی کتێبەکەی (سیاسة الحکم) وەرگێرانی (د. حسن علی الذنون)دا، چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندام لەدوو کۆمەڵگەی جیا دەخاتە روو دەنوسێ:-

((پرانسیپەکانی وەرگرتنی ئەندام لە زۆربەی حیزبە دیموکراتیەکان بەچەند ئوسولێکدا دەڕوا))

أ. داوایەك ئاراستەی ئیدارەی حیزب دەکرێ ..

ب. ئیدارەی حیزب.. جاروایە سەرکردەکەی دوای ڕەزامەندی بە (ئەنکیتیکی) مۆر کراو داواکار ئاگادار دەکاتەوە...

ج. فۆرمێکی مەعلومات پڕ دەکاتەوە.. ئابونەی دیاری کراو دەدات بە ئیدارەی حیزب‌وو ئۆرگانی چالاکی حیزبی تەحدید دەکرێ...

ئەو پرۆسەیە.. ئەندام‌و هەوادار لێك جیا دەکاتەوە، ئەنکیتەکەش وەکو جەوازێك دەرگای دەخالەتی چالاکی حیزبی بۆ دەکاتەوە لەهەر گۆران‌و حاڵەتێکی تایبەتی خۆیی‌و خیزانەکەی حیزبەکەی وە ئاگادێنێ..

لەحیزبی (دیموکراتی‌و کۆماری) ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئەو ڕێ و ڕەسمە ڕەچاو ناکرێ.. ئابونەش لە کەس وەرناگیرێ، تەنها لە کاتی هەڵبژاردنەکان دەنگ بە کام حیزب بدرێ لەلیستی ئەو حیزبە ناوی تومار دەکرێ. ئەو هەڵوێستەش.. کاتی‌یەو بۆ خاوەنەکەی هەیە.. ئەگەر ویستی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتو سەنگەر بگۆڕێ..!! بەڵام لەکۆمەڵگە دوا کەوتو و تازە گەشەکردوەکان حاڵەتێکی تەواو جیاوازە، ئەرکی حیزبەکان (گۆڕین‌و ریفۆرمە). جەماوەریش سەرچاوەی هێز و توانا و دەسەڵاتی حیزبەکانە.

وەرگرتنی ئەندام دەکەوێتە چوار چێوەی چەند تاقی کردنەوەیەکی بەرنامە ڕێژ، هەر لە ماوەی تاقی‌کردنەوە بگرە تا دەگاتە رابردووی خۆیی‌و (دافعی) هاتنە نێو حیزب‌و توانای خۆ گری‌و ئاستی دڵسوزی‌و قەوارەی متمانە پایەی کۆمەڵایەتی.... لە هەمان کات پرانسیپەکانی حیزبی بە دەقیقترین شێوە پیادە دەکرێن بە هەردوو شێوازی شاراوەو ئاشکرا...

(فکر، سیاسەت، ڕێکخستن) ئەمانە سێ کوچکەی چالاکی حیزبین، هەریەکەی وەزیفەی تایبەتی خۆی هەیە.. (کەمتەرخەمی‌و، خەلەل)، لەهەریەکێکیانا هەبێت کاردانەوەی سلبی بەسەر ئەوانی ترەوە دەبێت، یەکەمو دووەمیش هەرچەند کارا بن.. سێیەم دەوری ئەساسی هەیە لە زیادکردن‌و کەم کردنی ئەو کاراییە، بێ لەوەش زۆر ئەزمونی مێژویی هەیە ڕێکخستن پیرۆزی کردوە، ئەزمونی واش بەدی دەکرێ نەبوونی ڕێکخستن بەئاکامێکی گەیاندوە حەسودی پێنابرێ.!! ئەگەر دڵمان نەیەت خەرمانی خەباتی رابردووی خۆمان شەنبا بکەین.. لە ئەزمونی خەباتی گەلان نمونە هەیە.. فاکتەری زەقی شکستەکەی نەبوونی ڕێکخستن بوە، ئەوەتا (شارل لانغ) کە ئەندامێکی بەر چاوی کۆمۆنەی پاریس بوە، لە کۆبونەوەی (کومنترن) ی ساڵی (١٨٧٢) ز . دەبێژێ.. ((حەقیقەتێکی تاڵە، بەڵام بۆ مێژو دەبێ بیڵێم.. کۆمۆنە روخا، چونکە ڕێکخستنی نەبوو..))

هەروەها لەکتێبی (الماركسية اللينينية ونظرية الحزب الثوري) لاپەرە (١٦، ١٧) منیر شەفیق لەژێر سەردێڕی (تقيم) هەڵسەنگاندن ڕەخنە لەڕێکخستنی نێونەتەوەیی یەکەم‌و دووەم دەگرێ‌و دەنوسێ:-

((پێداچونەوەی نێونەتەوەیی (الاممية) یەکەم‌و دووەم لەرووی ڕێکخستنەوە ئەوەمان لا بەرجەستە دەکات، ڕێکخستنی هەردووکیان زیاتر لەڕێکخستنیکی جەماوەری بەر بلاو دەچوو، نەك لە ڕێکخستنی حیزبێکی کەمینەی شۆڕشگێڕی پێشڕەو.))

هەر لە بواری ڕێکخستنی حیزبی‌دا، لە مەنفەعەت خاڵی نی‌یە، سەرنجی کادرە سیاسیەکان بەلای ئەوەوە راکێشین، پابەندبوونی جەماوەر بە (ئایدیۆلۆژیا.. عەقیدە.. فکر) ڕەنگە کارێکی زۆر ئەستەنگ نەبێ.. بەڵام ئولفەت گرتن بە پرانسیپەکانی ڕێکخستن ئەوەندە ئاسان نی‌یە..!! چونکە لە لایەك کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی بەدواوە هەیە،!! تا حەدێکیش زەوت کردنی سەربەستی تاکە کەسی پێوە دیارە.!!— بۆیە ئێمە ئەو بۆچۆنەی لە لاپەرە (١٤٤)ی (موسوعة الهلال الاشتراكية) زۆر بەراست دەزانین کە دەڵێ:- ((پەروەردەی تەنزیمی ماندووبوون‌و کاتێکی زۆر زیاتر هەڵدەگرێ لەچاو پەروەردەی سیاسی..))

کادری تەنزیمی سەرکەوتووش ئەو کەسەیە، چالاکی خۆی بە هەردوو کەناڵەکەدا بگوزەرێنێ.. واتە کەسانێکی قبوڵ بێت کە تەنها فکری حیزب پەسند دەکەن.. باوەشیش بۆ ئەو کەسانە بکاتەوە، ئامادەگی تەواویان تێدایە بۆ پابەند بوون بەپرانسیپەکانی ڕێکخستن... ماوە بڵێین هەر لە بواری دیدی فکرە باڵاکان بەرامبەر بایەخی ڕێکخستن لەچالاکی سیاسی‌دا، جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوتەیەکی ستالین بدەین کەلە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی‌دا پێشکەشی کردوەو بەروونی پێگەی ڕێکخستنی لە چالاکی سیاسی‌دا زۆر بەرز نرخاندوە کە دەڵێ:-

((ناکرێ وابزانین خەتی موستەقیمی حیزب‌و بڕیارو بەیانە پەسندو دەنگ بۆ دراوەکان.. ئیدی هەر لەخۆوە زامنی داباریني مەتلەب‌و ویستەکانمانە..! ئەو ڕوانینە خەسڵەتی بیرکردنەوەی بیرۆکرات‌و موبەمو مەسلەکیەکانە..! چونکە دارشتنی پلادفۆرم‌و تەبلیغاتی بابەتی، تەنها هەنگاوێکە بەرەو مەیلی سەرکەوتن، نەك خودی سەرکەوتن خۆی، بە جێ گەیاندنی ئەرکەکانمان وێڕای خەتی راستی حیزب، بەندە بە فەعالیەتی تەنزیمی‌و دەست بژێری دروستی خەڵکی لێهاتوو بەڕێوە چوونێکی زانستی‌یانەی تەبلیغاتی قیادە لەوەبەدەر، ڕەوتی حیزبایەتی وپێکهاتەکانی لەراستە ڕێی خۆیان دەردەچن‌و روەو هەڵدێر مل دەنێن..!! لەوەش واوەتر، چالاکی ریکخراوەییمان مەحەکێکی ڕەهایە بۆ پەی بردن بەوەی داخۆا خەتی سیاسیمان کارایە، یا نەزۆکە، سەرکەوتنی بەدواوەیە یاگلان...))•

• کتێبی (فی الجبهة الوطنية الموحدة) جورجی دیمتروف ل١٤.

ڕێکخستنی حیزبی

فاکتەری گەشەکردن

ڕەهەندەکانی چالاکی حیزبی (فکر... سیاسەت... تیور... ڕێکخستن).
چەند ئەلقەیەکی پێکەوە بەستراوو پەیوەندییەکی (جدل)یان دەگەڵ یەکدا هەیە..
دەکرێو دەشێ ڕیزبەندیان بشکێنین، بەپێی ساتو سەودایەکی هەڵکەوتو
یەکێکیان بەکار بهێنین، بەڵام نابێ کاردانەوەیان لەسەر یەکتر فەرامۆش بکرێ..
شایەت گەرەکمان بێ گەشە بەتاکێکیان بدەین، حەتمەن دەبێ ئەوانی دیکەش بێنە
ناوەوەو کارا بکرێن، ئیدی جووڵەو تەکانی هەموویان بەئاقارێکی عیلمیو عەمەلی،
پەرە گرتنو گەشە کردنی ئەو ئەلقەیەی لێ دەکەوێتەوە کەمەبەستمانە، بەو قیاسە
گەشە پێ دانی ڕێکخستنی حیزبی بەندە بە:-

١-دروستی سیاسەتی حیزب، ڕوونی دیدی سیاسی، کاریگەریو موستەقیمی
چالاکی فکریو سیاسی.....

٢-تواناو لێ هاتوویی قیادەی سیاسی، کە نالیزەو بەرنامە ڕێژی کارەکان،
گونجاندنی شکلی ڕێکخستن دەگەڵ (سیاسەتو ستراتیژو تاکتیک). تا
(ئەتموسفیر)ێکی ئەوتۆ بۆ ئۆرگانەکان برەخسێ، بە چاکترین شێوە ئەرکەکانیان
ڕاپەڕێنن...

٣-دەست نیشان کردنو دابەش کردنێکی گونجاوی کادری حیزبو پەروەردەو
فێرکردنو ڕاهێنانیان، دوابە دوای ئەوەش کارپێ سپاردنیان بە پێی شارەزاییو لێ
زانین... مەسەلەی پسپۆڕی لە فەعالیەتی حیزبیدا، هەڵدەگرێ.. بەردەوام جەختی
لەسەر بکرێتەوە، چونکە لەبەر چاو نەگرتنی، شیرازەی ڕێکخستن لەبەر یەك
دەترازێنێو پاشاگەردانی لێ دەکەوێتەوە!!.. بەر لەڕاپەڕین، لەڕۆژنامەیەکی عیراقی
باسێکم خوێندەوە، زۆر لەبارە لێرە کوردیەکەی بخەینە ڕوو، چونکە باس لەگرنگی
دەوری کادری وەسەت دەکات لەبواری خزمەتو ڕاپەراندنی ئیشو کاری حیزبو
دەوڵەت.. ڕۆژنامەکە پێم وابێ (الثورة) بوو، لە ژێر سەر دێری (گرنگی کادری
وەسەت) نووسیبووی:-

((دوای ڕزگار بوونی یوگسلافیا، وەزیری پلان (تخطیط) بەوە تاوانبار کرابوو
پەیوەندی دەگەڵ یەکێك لە دەزگا جاسوسیەکانی دەوڵەتێکی گەورە هەیە...!!
کەسەرۆکی دادگا لێی پرسی بۆچی خۆت بەو داوە جاسوسیەوە کردوە.. کابرای
وەزیر گوتی.. بەرامبەر پولێکی زۆر داوایان لێ کردم هەوڵ دەم کادری پسپۆڕو
شارەزا لەشوێنی شیاوی خۆی دانەمەزرێنم.. من پێم وایە ئەو کارە.. خیانەت نییە..
چونکە ئەوان بەکادری حیزب ڕازی بوون، بەمەرجێ شایستە نەبن، منیش هەر وام
کردوە.!! هەرچی کادری حیزب هەیە کاری بۆ دابین کراوە ، ئیدی پێیان گوت ،
بەو کارە بتەوێو نەتەوێ سەرتاپا دەستکەوتەکانی گەلت وەبەربا داوە،!! ئایندەی
حیزبو دەوڵەتت خستۆتە مەترسیەکی گەورە،!! چاکترین خزمەتیشت بە
دوژمنەکانی یوگسلافیا کردوە..!!))

٤-ڕەخساندنی فەزایەکی لەبار بۆ ئۆرگانەکانی حیزب، تاکو لێ بڕاوانە توانای
بێ ئەندازەیان بەکار بێنن لەمەجالی (پیادە کردنی سیاسەتی حیزب، کارا کردنی
ڕێکخستن، پەیوەندی کردنێکی توندو تۆڵ بەجەماوەر). ئەوەش لەڕێگای...

*چاکترکردنو لەبارترکردنی پێکهاتەی ئۆرگانەکانو بەرپرسەکانیان.. هیتلەر
دەڵێ:-

(بەر لە سازدانی ئۆرگان دەبێ بیر لەبەرپرسی بکەینەوە، ئەگەر بەرپرسی شیاو
دەست نەکەوت، وا چاکە ئۆرگان بێ بەرپرس بمێنێتەوە چونکە بەرپرسی نەشارەزا

وەکو قائیدی ئەحمەقە، هەموو پلان‌و بەرنامەکانی نەهامەت‌و شکستی بەدواوەیە..)*

*کەنالیزە کردن‌و بەرنامە رێژی ئەرك‌و موهیممەو دەسەلاًت‌و مافی ئۆرگان.

*فراوان کردنی پانتایی دیموکراسی، لە هەلّس‌و کەوتی ناوخۆیی، ئۆرگانەکان.

*دابین کردنی پشتگیری‌و متمانەی تەواو بۆ ئۆرگانەکان.

٥-چاودیری بەردەوامی ئۆرگانەکان، بۆ بە هێز کردنی رۆحی موبادەرەو داهێنانی تازە.

٦-هەلّسەنگاندنی دەوری ئۆرگانەکان، بۆ ئەوەی ئاشکرا بێت کارو چالاکی سیاسی‌و تەنزیمی لەچ ئاستیك دایە..

٧-بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی چالاکی تەنزیمی، ئەوەش بە:-

*گەشە پێدانی جیهازەکانی‌حیزبی‌و بن بڕ کردنی گیانی ئەزمون گەری تەسك لە چالاکی‌دا.. بەشێوەیەك.. توانستی ئەوەیان هەبێت کەلّك لە زانیاری‌یە نوێکان وەر بگرن‌و هونەری ئاراستە کردنـــی زانست‌و هونەر سیاسەتیان لابەرجەستە بێت..

*چـاك کردن‌و رێك خستنی قەناتەکانی مەعلوماتی حیزب‌و بەکارهێنانیان وەکو وەسیلەیـــەك بۆ زانینی چۆنیەتی پێشکەوتنی رێکخستن و ژیانی حیزبی ئۆرگانەکان..

کاردانەوەی ئەو فاکتەرانەی باس کران، شتێکی حاشا هەلّنەگرە..

بەلاّم دەبیٚ ئەو حەقیقەتەش فەرامۆش نەکریٚ.. چەند فاکتەرێکی تریش، وەکو بەشێك لەو عەمەلیەتە دەورو تەئسیری خۆیان هەیە لەئەنجامە سلبی‌و ئیجابییەکانی گەشەکردنی رێکخستنی حیزبی...

١-ئاستی هۆشیاری کۆمەلّگە.. مەیلی کۆمەلگە بۆ کاری تەنزیمی..

کاردانەوەی سیاسەت لەسەر ژیان‌و هەلّس‌و کەوتی رۆژانەی خەلّك، بە واتایەکی دی، چۆنیەتی رەنگدانەوەی بەرژەوەندی‌یەکانی جەماوەر لەکاری سیاسی‌دا..

٢-زروفی زاتی‌و مەوزوعی کۆمەلّگە..

٣-بوژانەوەی پرۆسەی دیموکراتیك.. لەتەشکیلاتەکانی دەسەلاّت..

* (الاحزاب السياسيه) د. شمران حمادی ل٨.

٤-هێزو توانای جەماوەری حیزبی سیاسی..

٥-تەئسیری چالاکی سیاسی لەسەر ژیانی ئابووری‌و کۆمەلاّنی خەلّك..

(ستالین) دەلّیٚ:-

(کە نان نەبیٚ.. گوزەران خراپ بێت، هاوڕیٚ نی‌یە تەنها بەئازادی ڕەق‌و ڕووت بژی..!!)

٦-ئەتموسفیری ئازادیە سیاسیەکان. ئەگەر سلبی بێت، رێکخستن وێك دێتەوە، سیمای نهێنی بەخۆیەوە دەبینیٚ، فلاتی گەشەکردنی تەسك دەبێتەوە، خۆ ئەگەر ئیجابی بێت رێکخستن فراوان دەبیٚ‌و گەشە دەکات‌و چاکتر کۆمەلاّنی خەلّك بەپیریەوە دیـــن....

فکرو... رێکخستن

((فکر چالاکیەکی ئۆرگانیزمەو لەمێشك‌و مەرکەزی چالاکیەکانیەوە دەردەچیٚ‌و سنورە فسیولۆجیەکەی تێدەپەرێنیٚ بەرەو ئاستی تاکە کەس‌و کۆمەلّگای بەشەرییەت، بۆ ئەوەی ببێتە توانایەك بۆ کاردانەوەو گۆرانکاری، هەر خۆشی دیاردەیەکی مێژویی‌و کۆمەلاّیەتی‌یەو لەئاکامی کاری توخمی مرۆڤو هەلّس‌و کەوتی کۆمەلاّیەتی، نەش‌و نمای کردوەو بەپیٚی قۆناخی جیاجیای مێژووی ئینسانیش گەشەی کردوەو پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە....

روانینەکانی فەلسەفەو کۆمەلاّیەتی وەکو یەك لەچەمکی فکر نادوێن‌و زۆرکەم یەکانگیریان لەنێواندا هەیە، هەر یەکەو بەپیٚی دیدی خۆی راڤەی دەکات، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەسیٚ جۆرە بۆچوون پۆلێنیان بکەین:-

یەکەمیان ئەلّیٚ:- فکر کردارێکی (معنوی)یە، پابەندی هیچ ئەساسێکی ئۆرگانی‌و مادی نی‌یە، هەر فکریشە (وجود) دێنێتە ئارا.. ئەو بۆچوونە لەبۆچوونی وەکو رەهاوە سەرچاوە دەگریٚ...

دیدگای دووەم پیٚی وایە، فکر یەکێکە لەبەرهەمەکانی راستەو خۆی (مادە)و دەرهاوێشتەکانی.. ئەوەشیان بیرکردنەوەیەکی مادی سادەیە...

بەلاّم روانینی سیٚیەم.. درك بە بنچینە ئۆرگانیەکەی عەمەلیەتی فکری و ئەساسە کۆمەلاّیەتیو مێژووییەکەی دەکات..

لەوەش زیاتر بەفاکتەرێکی کارای گۆرینو کاردانەوەی دەزانیٚ.. دەشلیٚ، فکر هۆکارێکە بۆ گۆرینی (واقع)و گەشە پیٚ دانی..

ئا ئەوەیان، رێك روانینە زانستیو بابەتیەکەیچەمکی فکرە))[•]

پانتایی بواری فکری بەرینو بەربلاّوە، لەو دەمەی وەکو دیاردەیەکی گشتی بەشێکە لەسەرخانی کۆمەلّو باری ئیکۆنۆمیو کۆمەلاّیەتی رەنگ دەداتەوە، لەهەمان کاتا گوزارشت لەفەلسەفەو زانستو ئەدەب دەکاتو هەر یەکەی دەخاتە خانە تایبەتیەکەی خۆیو ماناکەی بەرجەستە دەکات...

تائێستا لەمێژوودا بەر چاو ناکەویٚ کۆمەلّێك مرۆڤ خۆیان ریکخستبیٚ، بەبیٚ ئامانجێكو ویستو مەرامێك.. هەر وەك هیچ رێکخستنێکیش نییە وەکو ئامانج کاری بۆ کرابیٚ، بەلّکو ئەوەی تاکو ئێستا تۆمار کراوەو بەرچاوە هەر ئەوەیە، هەمووشێوە رێکخستنەکان وەسیلە بون بۆ پێکانو ئەنگاوتنی ئامانجو ویستی خوازراوو رەنگە لەڕەوتی رێکخستندا کەسانێك هەبوبن، زۆر بەقەبەیی لەرێکخستن ڕامابنو لەسەنگی خۆی زیاتر بەهایان بۆ قەبلاّندبیٚ مۆرکی (رێکخستن لەپێناوی رێکخستن) یان بەبالاّدا بریبیٚ ئاکامی ئەو کارەشیان تەنها لادانو دوور کەوتنەوە بووبیٚ لەتیۆری رێکخستن، کەخۆی لەخۆیدا زادەی تیۆری زانستیيە،..

رووی دووەمی ئەو لادانەش، خۆی لە یەکەم سەیرکردنی رێکخستنو پەراوێز کردنیدا دەنوێنیٚ،. کەبێگۆمان ئەوەشیان هەر دەرچوونو لاکردنەوەیە لەتیوری زانستی، چونکە نەفکر بەبیٚ رێکخستن پیادە دەکریٚو ورد دەکرێتەوە،.. نەرێکخستنیش وەکو ئامانجێك ساز دراوەو ساز دەدریٚ، بەلّکو فکرو رێکخستن،

• موسوعة الهلال الاشتراكية ل٣٩١

یەکەیەکی پێکەوە گریٚ دراونو هیچ کامێکیان بەبیٚ ئەوی تر رەواجی نابێتو ئامانج ناپێکن...

واتە پەیوەندی نێوان فکرو رێکخستن، پەیوەندییەکی بابەتییە، ناکریٚ بەهیچ شێوەیەك نکولیٚ لیٚ بکرێتو بخرێتە خانەی پەراوێزەوە..

بەگوێرەی هەموو ئەو توێژینەوانەی تـــائێستا لەمەڕ رێکخستن نوسراون، رێکخستنەکانی بەرایی دەگەلّ سادەییو ساکاری خۆیان، لەبنچینەدا ئامانجیان دابین کردنی بەرژەوەندیەك بووە، کەبارودۆخی ئەویٚ رۆژی فەرزی کردوە ، بۆ نمونە ، سەرهەلّدانی (هۆزو تیرەو بەرەبابی) کەلە وانەیە تـائێستاش لەزۆر شوێنی دنیـــا مابیٚو پەیڕەوی عادەتو تەقالیدەکانی بکریٚ.!! خۆیان لەخانەی ئەو جۆرە خۆرێکخستنە بەراییانەدا دەبینن، کەبۆ خۆپاراستن لەکارەساتەکانی رۆژگار سازدراون... یـــاشێوە پەیوەندییەکی گەلەکۆمەکی بووە کە بوە، لەپەناو سایەیدا ، ئەو کۆمەلّە خەلّکە.. بەناوی (تیرە، هۆز، بەرەباب).. پشتی یەکتریان، گرتوە، لەخۆشیو ناخۆشیدا هاوکارو هاو تەبای یەکتر بوونە، هەر کەسە هۆزو تیرەو بەرەبابی خۆی بە هێزو تواناو پشتی خۆی زانیوە، پێکەوە بەرگریان لەهەر مەترسییەك کردوە، کەلە دووتۆی ململانیٚی ژیان هاتۆتە رێگایان، ئەو شێوە رێکخستنە بەراییانە هەر لەو دەمەی بەرژەوەندی تایبەتی رەنگی داوەتەوە، لەزۆر بواریشدا بەرژەوەندی گشتی ئەو کۆمەلّە خەلّکەی نواندووە..

دیارە زۆر شێوە و فۆرمی تری رێکخستن لەمێژووی چالاکی مرۆڤدا سەریان هەلّداوەو لەبۆتەی پراکتیكدا کاریان پیٚ کراوە، وەکو وەسیلە بۆ پێکانی ئامانج بانگەشەی بۆ کراوە، بەلاّم وەنەبیٚ هەمویان یەك ئامانجو مەرام بووبن..

ریٚ گرەکان (قطاع الطرق) لەژێر فەرمانی سەروکێك.. مل کەچی شێوە رێکخستنیٚ بوونە پارەو پوولی بەدواوە بوە، سەر هەلّدانی حیزبە سیاسیەکان، جۆرە رێکخستنێکی تری هینایە ئارا ، کە لەپەنایا بۆ وەدەست هێنانی دەسەلاّت خەبات کراوە،. جا ئەگەر رێکخستنی ریٚگرو جەردەکان لەسەر بنەمای کەس پەرستی مل کەچی بۆ سەرۆكو فەرمانەکانی بنیات نرابیٚ. ئەوا رێکخستنی حیزبەکان، شکلّو شێوەی جیاجیایان هەبوە.

١-ئەوەی لەسەر بنەمای (مەرکەزیەت– سێنترالیزم) دامەزرابێ، بەتەواوی ڕێك‌و تەبایە دەگەڵ شێوەی ڕێکخستنی حیزبە فاشیەکان.
٢-ئەوەی لەسەر بنەمای (دیموکراتیکی ڕەها– الدیمقراطیة المطلقة) بنیات نرابێ، ئەوا پاشا گەردانی‌و بەرەڵایی سیماکەیەتی..
٣-ئەوەی لەسەر بنەمای سێترالیزمی دیموکراتیك بەمەفهومە تازەکەی.. نەك مەفهومە تەقلیدی‌یەکەی سەردەمی پیشوو.. بنیات نرابێ.. ئەوا زۆربەی حیزبە سوسیال دیموکرات‌و نیشتیمان پەروەرەکان‌و نیمچە کۆمونیستەکان پەیڕەوی دەکەن، بەشێوەی هەرە باوی، ڕێکخستن. دەژمێردرێ....

ڕێکخستنی حیزبە سیاسیە مۆدێرنەکان، لەسەر بنچینەی فکری بنیات نراون، جاری وایە ئەو بنچینە فکری‌یە زانستی‌یانە واقع بینانەیە، هەشیانە لەسەر بنچینەی خەیاڵ‌و خرافات لەدنیای غەیبی لەدایك بوە، لەهەردوو حاڵەتیشدا سروشتی (تیور) بەندە بەسەرچاوەی فکرەکەی، ئایا فکرێکی زانستی‌یە؟.. یــا فکریکی خەیالی‌و ڕووکەشە؟.. تیورو سەرچاوەکەش بەتەنیا کافی نی‌یە...

مەرجە وەسیلەی پیادەکردنی فکرو تیۆریش فەرامۆشنەکرێ، دەبێ ئەو ڕاستی‌یەمان هەمیشە لەبەر چاو بێت، کەفکرو تیوری واقعی‌و عیلمی ئەو دەمە ئامانج دەپێکی، کە ڕێکخستن شیاوو لەباربێت..

دوور نی‌یە لە وڵاتێك چەندان حیزبی سیاسی بۆ یەك ئامانج خەبات بکەن، بەڵام هەر یەکەیان فکرو بەرنامەی تایبەت ڕەچاو بکەن،.. لێرە پرسیارێك دێتە ئارا، ئایا چۆن‌و کەی؟.. ڕەوشی (فکرو ڕێکخستن).. ڕێگای ئاوات دەبڕێ‌و خەبات‌و تیکۆشانی حیزب وەبەر دینێ؟.. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەبێ جەمسەری شێوەی شی‌کردنەوەی کۆمەڵگە بخەینە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە، لەو سۆنگەشەوە حوکم لەسەر پێش کەوتویی‌و دوا کەوتویی فکر بدەین.

ئەگەر تەنها بە ڕووکەشی دیقەت بدەینە گۆرانەکان، لە چوار چێوەیەکی تەسك‌و یەك لایەنە یاساکانی گۆران دیراسە بکرێ، بەبێ شك بیروبۆچونمان نەزۆك دەبێت، بەرنامەو هەنگاوەکانمان نشوستی بەدواوەیە، لەبازنەی دوگمادا خول دەخۆینەوە، لەرەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ‌و گۆڕانکاری سەردەم دوا دەکەوین... بەڵام ئەگەر بەفکرێکی کراوە، بەدیدێکی هەمە لایەنەو بەپێی بەرنامەی (جدل)ی لەململانێی دژەکان‌و ناکۆکیەکان بکۆڵینەوە، مۆرکی تازە گەری بابەت ئامیز بەفکرمانەوە دیار بێت، ئەوا زوو یــا درەنگ چالاکی سیاسیمان ئامانج دەپێکی‌و چارەی گونجاویش بۆ کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵ (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) دادەڕێژین، پەی بەسەرتاپا یاساکانی پیشکەوتن‌و گەشەکردن دەبەین.... شوێن پێ‌ی ڕووداوەکانی ڕۆژ دەکەوین، چارەی هەنووکەیش بۆ کوسپ‌و تەگەرەکان دەست نیشان دەکەین، ڕەوتی فکرو ڕێکخستن بە شێوەیەکی سروشتی قوناخەکانی خەبات دەرەتێنێ، بارو دۆخێکی نوێ لەهەناوی ڕابردوودا بەرجەستە دەبێ، بەواتەیەکی تر...

پیادە کردنی بەرنامەی زانستی‌و نوێ گەری، دەرگای هەمەلایەنەی توێژینەوە واڵا دەکات.. تاشۆڕ بینەوە ناخی نهێنیەکانی سروشت‌و ژیان‌و ڕوناکی بخەینە سەر هەموو بوارەکانی زانیاریە مرۆییەکان کەخۆی لەخۆیدا ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی دنیای مادی‌یە هەر لێرەشەوە جیاوازی فکری زانستی‌و فکری (صوری) دەردەکەوێت، لەهەر دوو جۆرە فکریشدا.. (تەحدیدی ئامانج– خاڵێ دەست پێ کردن، ئوسلوبی کارکردن) تیوری سیاسی، دەخەنە ڕوو....

فکرو.. جەماوەر

پێمان وانی‌یە سیاسیەك هەبێت نکۆڵێ لەو ڕاستی‌یە بکات (فکرو ڕێکخستن) وەکو چەکێکی کاریگەری چالاکی سیاسی، تەنها جەماوەر لەمەیدانی عەمەلی‌دا.. کاریان پێ‌دەکات ، بۆ وەبەر هێنان‌و بەئەنجام گەیاندنی ویست‌و مەرامی دیاریکراو... هەر وەك جەماوەریش فاکتەرێکی هەرە سەرەکی بوونی حیزبی سیاسیە، بۆیە ئەوەندە ئاسان نی‌یە بتوانین پۆلێنی ئەو دیدانە بکەین کەهەر یەکەیان بەتەرحێکی جیاواز تەحدیدی جەماوەر دەکەن،.. بەڵام لەسەروو ئەوەشەوە، لەرۆژگاری ئەورۆماندا دوو فاکتەری سەرەکی دەست نیشانی واتای جەماوەر دەکەن،..

یەکەمیان (**فاکتەری مەوزوعی‌یە، کەسروشتی قۆناخی میژوویی فەرزی دەکات.**)

دووەمیان (**فاکتەری زاتی‌یە کەبارودۆخی هەر ولاتێك بەجیا دەی‌سەپێنیّ**).. بۆ نمونە، شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە لەقۆناخی سەرمایە داریدا، ئەگەر مەوزوعیانە چەمکی جەماوەر شی بکەینەوە ئەوا بە پلەی یەکەم، چینی کریکار دەگرێتە خۆ، لەکاتێکا بارودۆخی زاتی ئەو حالّەتانەی لەخوارەوە باسیان دەکەین لەوانەیە هەر لەهەمان قۆناخی مێژوویی چەند چین‌و توێژێکی تری فراوان لەدوو تۆی چەمکی جەماوەر کۆ بکاتەوە،.. پشت گویّ خستنی ئەو راستی‌یە بەتەواوی فکر لەکەداردەکات‌و لەرەوەتی زانستی‌یانەو واقعیانەی خۆی لای دەدات..!!

حالّەتی یەکەم:-

ئەو ولاّتانەی ئیمپریالیزم راستە وخۆ حوکمڕانی تێدا دەکات و چینێکی بورژوازی سازدەدا کەبەرژەوەندی بەمانەوەی داگیرکەر بەندبێت، لەو ولاّتە چەمکی جەماوەر چینی (کرێکار، جوتیار، بورژوای نیشتیمانی).. دەگرێتەوە.. چونکە وەدەرنانی داگیرکەرو رزگار کردنی ولاّت لەبەرژەوەندی سەرجەم ئەو چینانە دایە.. ئەم قۆناخە قۆناخی وەدەر نانی ئیمپریالیزم، بە قۆناخی (رزگاری نیشتیمانی) دەست نیشان دەکریّ..

حالّەتی دووەم:-

ئەو ولاّتانەی بەپالّپشتی ئیمپریالیزم دەستەیەکی بێگانە پەرست دەسەلاّت دەگرنە دەست و پاریزگاری بەرژەوەندی ستراتیژی، سەربازی، ئابووری، ئیمپریالیزم مسۆگەر دەکەن، لەو ولاّتانە خەباتی دوو لایەنە رۆلیّ خۆی دەبینیّ لەلایەك خەبات دژی ئیمپریالیزم، لەلایەکی ترەوە خەبات دژی چەوسێنەرانی ناوخۆ، واتە تێهەلّکێشی‌و یەکانگیری (خەباتی رزگاری نیشتیمانی‌و خەباتی دیموکراتی‌یە) لەو ولاّتانەش مەفهومی جەماوەر بریتی‌یە لەبەرەی فراوانی گەل (کرێکار، جوتیار، بۆرژوای نیشتیمانی، چینە شۆڕشگێرەکانی تر...) لێرەدا دەبیّ بوار بە بۆرژوای نیشتیمانی بدریّ کەدەوری تایبەتی خۆی ببینیّ لەبەربەرەکانی بورژوای (کۆمپرادور)، بەمەرجیّ ئەو مەسەلەیە نەبێتە هۆی زیاد لەپێویست پیّ درێژی بورژوای نیشتیمانی، تاکو زەمینەی فکری چینە شۆڕشگێرەکان بەرتەسك نەبیّ و پێشرەوی لە دەست نەدەن..

حالّەتی سیّیەم:-

ئەو ولاّتانەی ئیمپریالیزم نەك هەر راستەوخۆ دەست دەخاتە ناویەوە، بەلّکو گەلەکەشی دەردەپەرینیّ، خەلّکی غەیرەو نامۆ لەشوێنەکەیان جێگیردەکات‌و وەکو عەمیل‌و داردەست بۆ وەگەر خستنی ماشێنی پیلانەکانی خۆی بەکاریان دەهێنی، ئەم شێوە ئیمپریالیزمە رەگەز پەرستە بەهیچ کلۆجێك لەپاکتاو کردنی رەگەزی ناسلّەمێتەوە، لەو حالّەتە گەل بەگشتی رووبە رووی دەبێتەوە، ئەگەر بەر لەداگیرکردنی ولاّتەکەیان‌و ئاوارە بوون‌و تالان کردنیان جیاوازی چینایەتی بەش بەشی کردبن،..

ئێستا لەو سات‌و کاتەدا بۆ بەرگری لەخۆیان، هەر هەموویان یەك دەگرنەوە، رزگارکردنی ولاّت بەئامانجی سەرەکی خۆیان دەزانن..، چونکە جگە لە چەند کەسێکی خۆ فروش‌و خائین بەوەتەن، هەر هەموو نیشتیمان پەروەرێك دەستە چیلکەی گڕی سووتێنەری داگیرکەر دەبن..!!

لەو ولاّتانە بەرەی گەل بەشی هەرە زۆری جەماوەر دەگرێتە خۆیی‌و بە گشتی لەسەر یەك مەبەست‌و ئامانج پیّ دادەگرن، کەئەویش رزگارکردنی ولاّتە لەئیمپریالیزم‌و حالّەتە زاتیەکەی یاساکانی رزگاری نیشتیمانی بەخۆیەوە هەلّدەگریّ..

بەخەستی‌و بەچڕی مەبەستمان لەو باسە (فکرو جەماوەر) ئەوەیە کەناشیّ لەقۆناخە جیاجیاکانی کۆمەلّ جەماوەر بەیەك (مقیاس) هەلّسەنگێنین!! دەنا، فکرو رێکخستن رەنگە چینیّ یـــاکەسانێك لەنێو خۆیانا ببینن کەبەهیچ شێوەیەك بەرژەوەندی‌یان دەگەلّ (گۆڕان‌و پێشکەوتن)ی ئەو قۆناخە یەك نەگرێتەوەو نەك هەر دلّسوزانە لەریزی رێکخستندا کار ناکەن،. بەلّکو ئەوەندەی بۆیان بکریّ کۆسپ‌و تەگەرەی گەورە دەخەنە رێگای ریفۆرم‌و گۆڕان‌و پێشکەوتن... گریمان بمانەویّ لەقۆناخی دەرەبەگایەتی خەبات بکەین... بۆ گۆڕینی ئەو قۆناخەو وەدیهێنانی‌ریفۆرم بەرەو قۆناخێکی بالاّی تر... دەکریّ دەرەبەگ بچێتە چوارچێوەی رێکخستن.. ئەگەر وات کرد.. دوژمنێکی فکری خۆت گلاندە نێو حیزبەکەتەوە.. ئەوەندەی بۆی بکریّ بەرنامەو پلانت تێك دەشکێنیّ بەرەو هەلّدێری لەناوچوون رامان دەپێچی یـالەقۆناخی سەرمایەداری.. بەرەو قۆناخێکی جیـــا..

دەشێ سەرمایەدارەکان بەجەماوەر بزانین؟ بەدڵنیاییەوە نابێ، چونکە.. ماقوولە، گۆری خۆیان بەدەستی خۆیان هەڵکەنن!! وبەعەکسی بەرژەوەندی خۆیان خەبات بکەن!!

رووی دیکەی مەبەستمان لە (فکرو جەماوەر) ئەوەیە...

فکر.. گەرەکە دەگەڵ.. ئیرادەو دیدو بۆچونی جەماوەر جووت بێت، ماوەیەك لەولاتانی (حەبەشە، ئەسیوبیا، ئەفغانستان)و شوێنی دیکە.. شیوعیەکان دەسەلاتیان گرتە دەست، بەلاّم ئەنجامێکی نێگەتیڤیان هاتە رێگا.، چونکە ئاستو (طموحات)ی جەماوەر دەگەڵ فکرەکە هاوتا نەبوو!!..

لە کۆنگرەی (ئاسیاو ئەفریقیا) دا، کەلەساڵی (١٩٦٤ز) بەسترا، یەکێك لە نوێنەرانی دەوڵەتێکی ئەفریقی.. ووتی:-

(باسی ململانێی (چینو سۆڤیەتمان) بۆ دەکەن، ئیمە مارکسی نین، زۆربەمان.. دێرێکی کتێبی سەرمایەی کارل مارکسمان نەخوێندۆتەوە، ئیدی چۆن داوامان لێ دەکەن تەرەفێك بین لەو مەسەلەیە.؟!

(ئەوەی جەماوەری ئێمە زۆر بەپێویستی* دەزانێ، تەنها ئەوەیە.. دوور لەهیچ مەترسی‌یەك زگمان تێر کەین...)

لەو سۆنگەوە ئەبێ فکر رەنگدانەوەی کێشەکانی (سیاسی، ئابوری، کۆمەلاّیەتی) جەماوەر بێت..

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ لەمەسەلەی فکرو جەماوەر ئەوەیە، فکر هەرچەندە زیندوو بابەتی بێت.. ئەگەر بەشێوەیەك ئاراستەی جەماوەر نەکرێت کەلێ‌ی حاڵی بێت، ناتوانێ بەقەد تاڵە دەزوویەك.. کاردانەوەی ئیجابی بەسەر جەماوەر هەبێت..

بۆیە زۆر پێویستە، ووتاری فکریو سیاسی حیزب.. بەزمانی لۆکاڵ، زارەوەی لۆکاڵ بخرێتە روو.. تاکو هەر لەروناکبیرێکەوە تادەگاتە جوتیارو کرێکارێکی نەخوێندەوار پەی بەمەبەستی بەرێ، هەموو حیزبێکی شۆڕشگێڕ، شەرتە فلاتی چالاکیەکانی دوو شەریحەی جەماوەر لەخۆ بگرێ... یەکەمیان جەماوەر بەگشتی، دوەمیان جەماوەری پابەند بەرێکخستن (حیزبی). بەردەوامیش قیادەی حیزبی سیاسی خۆی بەقیادەی شەریحەی یەکەمیان دەزانێو هەر لەو سۆنگەیەشەوە

ستراتیژو تاکتیك دادەرێژێ.. بەدەر لەو حاڵەتە درەنگ یازوو حیزبی سیاسی لەجەماوەر دادەبڕێ و پایەی خۆی لەدەست دەدات ...

لەژێر رۆشنایی ئەو بۆچونەی سەرەوە، دەکرێ حیزبی سیـــاسی پەیتا پەیتا هەڵسەنگاندن بۆ رادەی گونجانی فکروسیاسەتی خۆی بێنیتە ئارا، ئەوەش بەسازدانی ئەو پرۆسێسانەی خوارەوە:-

١-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ستانداردی تیگەشتنی جەماوەر لەئایدیاو سیاسەتی حیزب.

٢-کۆکردنەوەی رەخنەی جەماوەرو لێکولێنەوەی.

٣-تەخمین کردنی رادەی پابەندی جەماوەر بەفکرو سیاسەتی حیزب.

٤-تەخمین کردنی ژمارەی چینو توێژە زۆرینەکانی ناو کۆمەڵ لەناو تۆڕەکانی رێکخستن.

٥-تەخمین کردنی ئەو پرۆژانەی خزمەت بەجەماوەر دەکەن..

زۆرجار قیادەی حیزبی سیاسی، بەحەماسەتەوە جار بۆ مەسەلەیەك دەدات.. کەچی جەماوەر نابزوێنی، ئاکامەکەش قەتیس مانی حەماسەتەکەیە لەناو ئەڵقەیەکی زۆر تەسكدا، جاری واش هەیە جەماوەر بەگەرمی کێرڤی حەماسەتی بۆ دیاردەیەك بەرز دەبێتەوە،.. کەچی بەبێ وجودی قیادە دەرەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە، ئەوەی ئەو دوو قسورە ناهێڵێ، وردکردنەوەی فکروسیاسەتە بۆ حاڵەتێکی مادی لکاو بەجەماوەرەوە.. ئەوسا بۆچونو ئیرادەی قیادە یەکسەر لەلایەن جەماوەرەوە دەقۆزرێتەوە، بەحەماسەتێکی گەرمەوە پیادە دەکرێ،.. هەڵچوونی حەماسەتی جەماوەریش لەمەر قیادە کەناڵیزە دەکرێ، بەشێوەیەکی واقعیو بابەتی وەبەر دەهێنرێ..

لەدنیای فکروسیاسەتدا، زۆر لەبارو گونجاوو زانستی‌یە کەحساب بۆ چەند (فاکتەرێك) بکرێو هەڵسو کەوتیش دەگەڵ خیتابی فکری وسیاسیی بەهەند وەربگیری.. وەك

أ-فاکتەری زەمەن.

ب-فاکتەری گەشەکردنی کۆمەل.

ج-فاکتەری ئاستی هۆشیاری جەماوەر.

بەو پێیە فکرو سیاسەت بەردەوام دەگەڵ گۆڕان.. وجودی خۆی نوێ دەکاتەوە، ناکەوێتە دواوەی رووداوەکان، داهێنانو پیشکەوتن دەکا بەبەرۆکی جەماوەرەوە، بەردەوام وەکو چراوگ رێکخستنی نوێ کاری سیاسی نوێ.. قوناخ بە قوناخ پەخشو بڵاودەکاتەوە، نهێنی (بەردەوامی گەشەکردنی) حیزبی سیاسیش رێك لەو حاڵەتە سەرچاوە دەگرێ...

رێکخستنو چالاکی سیاسی

پەیوەندی نێوان چالاکی سیاسیو رێکخستن بۆتە مەسەلەیەکی موسەللەمو بەڵگە نەویستو هەموو (منظر)و سیاسەتمەدارەکان تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە.. ئەو دەمەی چالاکی رێکخستن دەگەل سیاسەتی حیزب دەگونجێ، دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەتەواوی جێ بە جێ بکات، توانای سەرکەوتنی حیزبیش لەراپەراندنی (موهیمەتەکانی) هەر لەسەر ئەو هەم ئاهەنگی‌یەی نێوان سیاسەتو رێکخستن بینا دەکرێ..

(لینین) یش لەکۆنگرەی دەیەمی حیزبی شیوعی روسی جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردۆتەوەو گوتویەتی: (هەموو مەسەلەیەکی سیاسی دەکرێ ببێتە مەسەلەیەکی تەنزیمیو مەسەلە تەنزیمیەکانیش بەموقابیل سیاسینو هەرگیز کەسێکی سیاسیش لەکەسێکی تەنزیمی جیـــا ناکرێتەوە...)

چونکە کێشە سیاسیەکان لەرێگای چالاکی تەنزیمی‌یەوە مەیسەر دەبن، هەمـــوو گرفتێکی تەنزیمیش لەچوارچێوەی سیاسەتی حیـزب فەراهەم دەکرێ، لەو سۆنگەوە دەتوانین بێژین: پەیوەندی بەینی سیاسەتو رێکخستن پەیوەندی نێوان ناوەرۆكو شکڵە، ئەگەر بەقوولی بیر لەچەمکی فەلسەفەی ناوەرۆكو شکڵ بکەینەوە بۆمان ئاشکرا دەبێ،.. سیاسەت وەکو ناوەرۆك مەسەلە سەرەکیەکەیە.. رێکخستنیش وەکو شکڵ بەپێی گۆڕانی ناوەرۆك (سیاسەت) رادیو گۆڕانی بەسەردادێ...

راستە تارادەیەك رێکخستن سەر بەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام هەمیشە کاردانەوەی لەسەر سیاسەت هەیە.. هەر کاتێ سیاسەت گەشەکردنو پیشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ، حەتمەن سەرچاوەکەی گونجانی سیاسەتو رێکخستنە،.. خۆ ئەگەر رێکخستن لەئاستی مەتڵەبی سیاسەتدا نەبێ.. کۆمەڵێك لەمپەر دێنە ئاراوە، ململانێ دەکەوێتە بەینی سیاسەتو رێکخستن، ئەو کاتە هەلو مەرجە سیاسیەکان زەرورەتەکانی فەعالیەتی سیاسی فەرزی دەکات، رێکخستن ئالو گۆری بەسەر دادێت.

مەسەلەی گۆڕینی شکڵەکانی رێکخستنو هەڵبژاردنی شکڵی گونجاوو کۆكو تەبا دەگەڵ چالاکیە سیاسیەکاندا، کارێکە قابیلی پشت گوێ خستنو فەرامۆش کردن نی‌یە،، چونکە کەم تەرخەمیو لاکردنەوە لەو ئەرکە فەوری‌یە.. وێرای ئەوەی کەناڵەکانی چالاکی حیزبی (فکری.. سیاسی.. تەنزیمی) پەك دەخات،، حیزبیش لەگۆرانکاریە کان جێ دێڵێو دەکەوێتە خانەی پەراوێزەوە.. هەلو مەرجی وجودی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام دەبێ بزانین ئەو پرۆسەیە (گۆڕینی فۆڕمی رێکخستن).. کارێکی سەرپێیی‌یەو مەزاجی نی‌یە.. بەدەرە لەوێك چواندنی نـــا واقیعیو چاو لێ کاری،.. هەروەها پابەندە بە:-

١-رەخسانی هەلو مەرجی نوێی سیاسیو چالاکی سیاسی..

٢-روودانی گەشەکردنی چۆنایەتیو چەندایەتی لەئاستی هۆشیاری کۆمەڵو بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی...

ئاشکرایە رێکخستن تەنها وەسیلەیەکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی حیزبە سیاسیەکان.. ئەوەیان مەسەلەیەکی بەڵگە نەویستەو سیمای بۆچونێکی رەهای پۆشیوە، هیچ حیزبێکی سیاسی شۆڕشگێرو سیاسەتمەدارێك ئەو حەقیقەتە رەدناکاتەوە، بایەخو کاردانەوەی ئەو چەمکە لەبەرامبەر چالاکی حیزبی زۆر بۆچوونی جیای بەخۆوە دیوە، لەرەوتی کار پێ کردنیشی بەئاقاری جۆربەجۆر

رەتاوەو لەخانەی ئەساسی خۆی وەدەرنراوە، (لیو– شاو– تشی) لەو راپۆرتەی بۆ کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی شیوعی چینی نووسیوە دەڵێ:

((راست ڕەوە هەلپەرستەکان ویستویانە لەنێو حیزبدا، لا لەپرانسیپەکانی ڕێکخستن بکەنەوەو دەرگا والا بکەن بۆ هەمموو کەسێك بۆ ئەوەی بێنە ناو حیزبەوە، بەبێ هیچ مەرجو هەڵسەنگاندنێك، هەلپەرستە چەپەکانیش پێچەوانەی ئەوان ڕێکخستنیان کردوە بەشووڕای چینو بەدەر لەفکرو سیاسەت شەوو ڕۆژ بانگەشە بۆ ڕێکخستنو دیسپلین دەکەن، ئەوانە بێ لەوەی چاو لەئەزموونی حیزبی دەرەوەی چین دەکەن، ڕێکخستنیان بەسێنترالیزمێکی توند (سندم) کردوە و دەستیان ناوەتە بینە قاقای دیموکراسی ناوخۆی حیزبو پێیان وایە خۆیــان فەرماندەنو خەڵکــیش رەعیــەت، ئیدی دەبێ فەرمانەکانیان بەبێ سیو دوو جێبەجێ بکرێ، کەسیش قودرەتی موناقەشەو راوبۆچوونی نەبێ!!. ئەو دوو جۆرە لادانە ئەگەر چارەیان نەکرێ حەتمەن حیزبەکەمان بەرەو هەڵدیرو مایە پووچی رادەپێچن....))•

واتە ناکرێ لەچالاکی حیزبیدا ڕێکخستنو پرانسیپەکانی پشت گوێ بخرین، چونکە ئاکامەکەی لەدەست چوونی جەوهەری فکرو سیاسەتەو پاشاگەردانیو بەرەڵایشی لێ دەکەوێتەوە...

هەر وەك زۆر خەتەرە ڕێکخستن لەفکرو سیاسەت جیاکرێتەوەو لەژێر هەژموونو تەوژمدا پرانسیپەکانی بەسەر خەڵك دا بسەپێنن.. ئەو کاتە بەگوتەی ماتماتیك زانەکان، ڕێکخستن دەبێتە سفری پاش فارێزە..!!

(فاسیل کۆلارووف) یش، زۆر بەچاکی پەیوەندی سیاسەتو ڕێکخستن بەرجەستە دەکات کەدەڵێ :

• حول الحزب وەرگێڕانی ، م ابو المذهب ل٢٤

سیاسەتی راست وڕەوان شەرتی سەرەکی بەجەماوەربوونی حیزبی سیاسی‌یە، بەڵام بەبێ ڕێکخستن مەحاڵە پیادە بکرێو ببێتە حاڵەتێکی مادی لکاو بەخەڵکەوە))•

بەکورتی چاکترین گوزارشت لەپەیوەندی سیاسەتو ڕێکخستن دووبارە کردنەوەی ئەو بۆچوونەی (فردریك ئینجلیس)ە کەدەبیژی:-

((بۆ خەباتی سیاسی چینێك بەرامبەر چینێکی تر، چاکترینو کاریگەرترین چەك (ڕێکخستن)ە))•

ڕێکخستن..و ستراتیژو تاکتیك..

ستراتیژ:-

ستراتیژ هێڵی گشتی سیاسەتی حیزبە.. بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی قۆناخێکی مێژوویی تایبەت، کە بەزۆری قۆناخێکی درێژخایەنە، ئەرکەکانی چەند ئەلقەیەکی پێکەوە بەستراون، کەم جار وایە هەموو ئەلقەکان پێکەوە فاکتەری سەرکەوتنیان بێتە ئارا.. بەڵکو ئەلقە بەئەلقە و قۆناخ بە قۆناخ، بەپێی هەڵکەوتنی زروفی (زاتیو مەوزوعی)و ساتو سەودای نێونەتەوەیی دەکەونە چوارچێوەی جێ بەجێ کردنو بەئاکام گەیشتن...

• وحدة النشاط الایدیولوجی والسیاسی ، د . حمید بخش ل٢٦٦

• هەمان سەرچاوەی سەرەوە ل٢٦٦

ئامەنجەکانی ستراتیژ... کەمتر قابیلی سازش‌و گۆرانکارین، بەلاّم ئەو بۆچونەش ناکەوێتە خانەی (مطلق)ەوە....

تاکتیك:-

ئەو هێڵە سیاسیەیە، دەگەڵ قۆناخێکی کورت خایەن، دەگونجێ دەست نیشانی خەتی رەوتی سیاسی حیزب بکات بەرەو سەرکەوتن‌و دابەزین، هەورازو نشێو، کارێکی لوژیکیەیە ئامانجەکانی بگۆڕێن‌و جێ گۆڕکەیان پێ بکرێ- جار وایە سازش لەسەر ئامانجەکانی دەکرێ بۆ قازانجی ئامانجە ستراتیژیەکان، ئەگەر چی ئەرکی رێکخستن پراکتیزە کردنی ستراتیژو تاکتیکە، وەلێ ئەو کارە بەجارێك‌و دووجارو لەپڕێکا مەیسەر نابێ بەڵکو هەنگاو، بەهەنگاو لەقۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی پێشکەوتوتر بەئاکام دەگات، بەلاّم چونکە فکر.. لەرێگای ستراتیژو تاکتیك حوکم بەسەر رێکخستندا دەکات.. ئیدی موبەمو رێکخستندا تێزەکانی فکر رەنگ دەداتەوە..

بۆ نمونە:- فکری گێرە شێوینی لیبرال، رێکخستنی هاوتای خۆی لێ دەکەوێتەوە، رێکخستنی پتەوو ستراتیژو تاکتێکی دیاری کراو رەت دەکاتەوە، جارِ بۆ بەرەلاّیی‌و پاشا گەردانی دەدات، رێکخستن لەو جۆرە فکرەدا ناوێکی بێ ناوەرۆکە!!، وەسیلەش نیە بۆ جێ بە جێ کردنی ئامانجێکی روون‌و ئاشکراو دیاری کراو..!!

هەروەها فکری حیزبە فاشیەکان مەرکەزیەتی موتلەق لەرێکخستندا پەیرەو دەکا، کەلەسەر بنەمای کەس پەرستی، فشار، دکتاتوریەت، ستراتیژو تاکتیکیان رێك خراوە!! رۆژ ژمێری کردارو رفتارەکانیان بریتیە لە:-

پیلان، ئینقلاب، خوێن رشتن، سەرکەوتن‌و ژێرکەوتن، وێرای ئەوەی رەگەز پەرستی‌و خۆ لەهەمموو توخمی بەشەر پاکتر زانین ناسنامەکەیانە!! ڤیزو بێزیان لەپرۆسە دیموکراتیەکان دەبێتەوە!! ئەوەتا (ادولف هیتلەر) لەکتێبەکەی (کفاحی)دا دەڵێ:-

((تێپەراندنی حوشترێك بەکوونی دەرزیدا،!! زۆر لەوە ئاسانترە کەبتوانی لەرێگای هەڵبژاردنەوە پیاوێکی لیهاتو دەست نیشان بکرێ...))•

فکری عیلمی.. بەپێچەوانەی فکری لیبرالی گێرە شێوێن‌و فاشی،.. بە رەچاوکردنی ستراتیژی زانستی‌و تاکتیکی بەرنامە رێژ سیاسەتی حیزب دەداتە بەر نەزەرو بواری (بەرەلاّیی، بیروکراتی، کەس پەرستی) تەسك دەکاتەوە،.. پرانسیپ‌و دیسپلینی رێکخراوەیی تاو دەدات، جەمسەری پێکەوە گرێدانی (قیادە وقواعد) دەچەسپێنێ، بەپێی یاساکانی گۆڕانی کۆمەڵ‌و رووداوەکانی دەورو بەرو جیهان ستراتیژو تاکتیك لەرێگای رێکخستن پیادە دەکات‌و دەیکا بەحاڵەتێکی مادی لکاو بەجەماوەر، ئەم کارەش بالاّترین قۆناخی گەشە کردنی حیزبی سیاسیەیە.

سەنگ‌و بەهای رێکخستن لەفکری عیلمیدا هەر لەوەدا نیە.. گورزی کوشندە لەدوژمن دەوەشێنێ، بەڵکو لەدەرەنجامی ئەو ریفورمانەش دایە کەبۆ بەرژەوەندی گەل دەستە بەر دەکرێن... ئەوەی کەپێویستە هەرگیز حیزبی سیاسی لەرەوتی خەباتی خۆیدا فەراموشی نەکات ئەوەیە:-

کۆمەلاّنی خەڵك واقعی شۆڕش گێری دوای سەرکەوتن بەپێی واقعی شۆڕشگێری هەر یەك لەقۆناخەکانی خەبات تەماشا دەکەن.. روونتر بڵێین:- جەماوە وای دەبینن، سیمای گەل‌و ویستی هەر قۆناخێ ، وێنەی واقعی دوای سەرکەوتن پێك دەهێنێ.. لەپابەند بوون بەویست‌و مەرامەکانی گەل.. هەروەها پەیوەندی نێوان هەڤالاّنی رێکخستن دەگەڵ خودی خۆیان‌و دەگەڵ جەماوەر کت‌و مت ئەو شێوە پەیوەندیە دەنوێنێ کەرەنگە باری دوا رۆژ لەنێوان دەسەلاّت‌و گەلدا دروستی بکات.. بۆیە ئەو دەمەی جەماوەر.. دڵنیاو گەش بین بوو لەو شێوە پەیوەندیە، یەکسەر دروشمەکانی حیزبی سیاسی بەرز رادەگرێ‌و بەیەکێك لەپیرۆزەکانی خۆی دەزانێ.. خۆ ئەگەر رووداوەکان بەعەکسی ئەو بۆچوون‌و پێشبینیانەوە خۆیان نواند.. ئەوا ئەو کاتە فلاتی حەماسەتی جەماوەر وێك دێتەوە، رەش بینانە لەئایندە دەڕوانێ.. زۆر جار چاو لەو کەسانەش دەپۆشێ کە شۆڕش‌و حیزب رووەو هەڵدێر دەرەتێنن!!

• الاحزاب السيا سية .. د. شمران حمادي _ ل٨٤

دابڕانی حیزبی سیاسی.. لەجەماوەر مانای لادانیەتی لەئامانجە سەرەکیەکانی!!، دواجاریش مانای دۆڕانو ژێر کەوتن دەگەیەنیٚ، ئەگەر هەرچی زووە تەقیمو بەخۆدا چوونەوە نەبێت، ڕێکخستن نەخۆشی لیبرالی گیرە شێوێنو خود ڕەفتاری دەمارگیرانە تەنگی پیٚ هەڵ دەچنیٚو وردە وردە هۆیەکانی وجودی خۆی لەدەست دەدات،!!...

دوور کەوتنەوەی فاکتەرەکانی چالاکی سیاسی (تیور، ستراتیژ، تاکتیك، ڕێکخستن) لەو فکرەی لەهەناویا گەشەیان کردوە هەر وا لەخۆڕا روو نادات،.. کۆمەڵیٚ کاری نیگەتیڤ ریگای بۆ خۆش دەکەن، لە سەرەتادا رەنگە بتوانریٚ لەڕێگای دوو قەناتەوە چارە بکرێن، یەکەمیان رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتنە، کەبنەمای ڕێکخستنی زانستی‌یە.

دووەمیان قیادەی جەماعی‌یە کەئەساسی ڕابەری کردنی ڕێکخستنی شۆڕشگێرە...

لەو سۆنگەوە دەردەکەویٚ، قەناتەکانی چالاکی حیزبی.. هەر هەموویان تەئسیریان لەسەر یەکتر هەیە.. پێکەوەش ماشێنی کاری حیزبی وەگەڕ دەخەن.. لەکارکەوتنی هەر یەکێکیان ئەوانی دی دەوەستێنیٚ.. بۆیە کە ڕێکخستن فەعال بوو.. مانای وایە فاکتەرەکانی تری چالاکی حیزبی کاراو گونجاوو لەبارن.. پێچەوانەی ئەو حالەتەش ئاکامە نیگەتیڤەکەی لیٚ دەکەوێتەوە..

ڕێکخستنو.. ئایدیۆلۆژیا..

چەمکی ئایدیۆلۆژیا، نەزەری هەمە چەشنەی لەسەرە، هەندیٚ لەو دیدانە یەکتر دەگرنەوە، هەشیانە کەم تـــازۆر جیاوازیان لەنێواندا هەیە...

*مارکسیەکان دەڵێن:- ئایدیۆلۆژیا ((کومەڵێك دیدو بۆچوونو دابو نەرێتی پێکەوە گونجاوە، تەعبیر لەبەرژەوەندی چینێك لەچینە کۆمەلایەتیەکان دەکات..))

*(کارل مانهایم)یش ئاوا لێکی دەداتەوە:-

ئایدیۆلۆژیا بریتی‌یە لەو ئایدیاو بۆچونە باوانەی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو.. یـــــائایدیاو بۆچونی باوی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو..

*لەئینسکلوپیدیای سۆڤیەت پێشوش... نوسراوە:-

ئایدیۆلۆژیا (ئەو زانستەیە لە یاساکانی گۆڕانی سروشتو کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە...)

*(موسوعة الهلال الاشتراكية)ش بەوجۆرە راڤەی دەکات.. ئایدیۆلۆژیا (دەرئەنجامی پرۆسەی کۆمەڵێك ئایدیایە، کەتەفسیری سروشتو کۆمەڵو کەس دەکات)

لەرۆژگاری ئێستادا مەسەلەی ئایدیۆلۆژی مایەی پیکداهەڵچوونی دیدو بۆچوونو لێکدانەوەی جۆر بەجۆرە، بەشێك لەوانە پیٚیان وایە، دەگەڵ رمانی بلۆکی شەرقی‌و نەمانی دنیای دوو جەمسەری، ئیدی حیزبە ئایدیۆلۆژیەکان پایەی وجودی خۆیان لەدەست داوە (سەردەمی پێکەوە لکانی بیرو بۆچونی هەمە جۆر لەچوار چێوەی حیزبو ڕێکخراوی سیاسی، بۆتە ئەلتەرناتیڤی حیزبە ئایدیۆلۆژیەکان) بۆچوونی واش هەیە دەڵی نەخێر.. گریمان ئایدیۆلۆژیای مارکسیش وجودی خۆی لەدەست دابیٚ، بەلاٚم (هیچ کارێکی سیاسی سیمای سەردەم بەخۆوە ناگریٚ، ئەگەر پشت بەئاقارێکی عەقیدەیی نەبەستیٚ.. کە ئەویش ئایدیۆلۆژیایە..)•

بەشی هەرە زۆری حیزبە شیوعیەکانیش، ئەگەر هەمووشیان نەبن قەناعەتیان وایە، ئایدیۆلۆژیای مارکسی.. نەك هەر شکستی نەهێناوە، بەڵکو زوو یادرەنگ پێگەی سەرەکی خۆی دەستە بەر دەکاتەوە چونکە لایان وایە.. ئەوەی مایەی

• تطور الايديولوجية العربية الثورية .. د. الياس فرح ل٨

شكستی باسكراوە، تەنها هەر شێوەی پراكتیزە كردنی ماركسیزمە.. نەك ئایدیۆلۆژیای ماركسی..

بەهەر حاڵ، رەنگە ئەو باسە زۆرتر هەڵبگرێو پێویستی بەتوێژینەوەی چڕو پڕتربێت، بەڵام راستی‌یەكی دیكە هەیە ، پێمان وایە ناتوانین لای لێ بكەینەوە. ئەویش ئەوەیە، ئەگەر لەوڵاتە پێشكەوتووكانا مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا شێوەیەكی تری بە خۆوە دیبێ، ئەوا لەكۆمەڵگە تازە گەشە كردوەكاندا، كەتائێستا سەقامگیری سیاسی‌و ئابووری‌و كۆمەڵایەتی بەخۆوە نەدیوە (داگیركەر، رەگەز پەرستی، دكتاتۆریەت) دەستی ناوەتە بینە قاقای گەلەكانی‌و بێ گوێ دانە بنەماكانی نەزمی نوێی دنیا، دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ پێ شێل دەكات‌و بەچەكی كوشندە وەڵامی داخوازیە رەواكان دەداتەوە،! لەو كۆمەڵگە گڕگرتواندا هێشتا حیزبە سیاسیەكان وەكو كەناڵی هەرە كاریگەر ئەرك‌و موهیمەی زۆریان لە پێش دایە، چونكە رژێمە لاسارەكان رێگای خەباتی توندو تیژی شۆڕشگێری بەسەردا بریون.. بۆیە ئایدیۆلۆژیای جۆر بەجۆری تێدا كاریگەرە، هەر لەئایدیۆلۆژیای شیوعی‌و سۆشیالیستی‌یەوە بگرە تـــادەگاتە ئایدیۆلۆژیای قومی‌و دینی بەو پێوەر، كەباسی رێكخستنی حیزبی دەكرێ دەبێ پێگەی ئایدیۆلۆژیاش لەچالاكی حیزبی‌دا بخەینە بەر چاوو پەیوەندی هەردوو كەناڵی رێكخستن‌و ئایدیۆلۆژیاش.. شی بكەینەوە پەیوەندی ئایدیۆلۆژیاو رێكخستن كارێك نی‌یە مەیل‌و ئارەزووی تێدا بكرێ‌و بكەوێتە خانەی ئەگەرەوە. لەحیزبە ئایدیولوژیەكانا سیاسەت رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیایە.. تیۆریش پابەندی سیاسەتە. میكانیزمی پراكتیزە كردنی هەر سێكیان لەرێگای رێكخستنەوە دەبێت، كەواتە پەیوەندی ئایدیۆلۆژیاو رێكخستن پەیوەندیەكی راستەوخۆو ناراستەو خۆیە. راستەو خۆیە بەحوكمی كاریگەریان لەسەر یەكتر، چونكە ((ئایدیۆلۆژیا لەرێگای رێكخستنەوە دەبێت بەحاڵەتێكی مادی لكاو بەجەماوەرەوەو رێكخستنیش بێ ئایدیۆلۆژیا، ناوێكی بێ ناوەرۆكە...))

پەیوەندی ناراستەوخۆش خۆی لەوەدا دەنوێنێ، سیاسەت لەو دەمەی لەئایدولوژیاوە سەرچاوە دەگرێ .. دەخرێتە چوارچێوەی رێكخستنەوە بۆ پیادە كردنی.. بێ لەوەش ئایدیۆلۆژیاو رێكخستن هەر یەكەیان ئەرك‌و فەعالیەتێك بەجێ دێنن، خزمەت بەهەموو چالاكیەكانی حیزب دەكات.. هەروەها ئایدیۆلۆژیا پێكهاتەكانی رێكخستن گەشە پێ دەكاو هێزو توانایان وەبەر دەدا، هەروەها.. تیۆر دەوڵەمەند دەكاو سیمای عیلمی‌و عەمەلی پێ دەبەخشێ. لێرەوە قەناتەكانی رێكخستن مادەو بابەتی زیندویان دەكەوێتە دەكەوێتە بەردەست‌و ئیستیجابەی جەماوەری بەرەو ڕوو دەبێتەوەو لەموقابیلدا رێكخستن یەكگرتویی‌و چوست‌و چالاكی توخمەكانی چالاكی ئایدیولوژی (سیاسەت‌و تیور) دابین دەكات، دەستە بەری ئەوەش دەكات، ئەو توخمانە.. ئامانجی خۆیان بپێكن‌و بەپێی سیاسەتی حیزب‌و ستراتیژو تاكتیك دارێژن..

بایەخی ئایدیۆلۆژیا بەرامبەر فەعالیەتی تەنزیمی هەمیشە لەبرەوو كەڵەگەت بوندایە چاوێك دەكا بە دوو، بۆ (بەدوا داچوون و بینینی گورانكاریەكان، ئەركە هەنووكەییەكان، خواست‌و ویستی جەماوەر، ئاستی گەشە كردنی كۆمەڵ) تــالەو سۆنگەوە.. ستراتیژو تاكتیك جۆش بدا، گۆڕین لەفۆرمەكانی رێكخستن دا بكات..

ئایدیۆلۆژیا وێرای ئەوەی سەر چاوەی تێزەكانی كارا كردنی پێكهاتەكانی رێكخستنە، هەر لەخۆشیدا یارمەتی دەری:-

١-دەستە بەر كردنی ئەو فۆرمە رێكخستنانەیە كەلە بارودوخی جیادا دەگەڵ سیاسەت‌و ستراتیژو تاكتیكی حیزب دەسازێن..

٢-بەهێز كردنی پایەكانی رێكخستن..

٣-گەشە پێدان‌و زەنگین كردنی سیفاتەكانی بەرپرسی ئۆرگانەكانی حیزبی سیاسی..

٤-تەئمینكردنی پەروەردەی ئەندامانی حیزب‌و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەنزیمی‌و سیاسی‌یان.

٥-نەخشە کێشانو پلان دانانێکی زانستی‌یانە بۆ ئۆرگانەکان، تـــــابتوانن بەدیدو بۆچونێکی کراوەو مودێرنو واقع بینانەوە ئەرکو موهیمەی خۆیان لەبوارەکانی چالاکی ڕێکخستندا جی‌بەجیّ بکەن...

ڕێکخستنی حیزبیو کادر

مەسەلەی کادر لەحیزبە سیاسیە شۆڕشگێڕەکانا، نەخوازە حیزبە (فکری.. عەقیدەیی.. ئایدیولوژیەکان) یەکێکە لەو مەسەلانەی ئەهمیەتێکی زۆری پێ دراوەو چەندین بابەتی لەسەرنوسراوە، هەر لەهەڵبژاردن تــــادەگاتە ئاستی هۆشیاریو خەسڵەتەکانی، ئاشکراشە چەمکی کادر سیفەتێك نی‌یە مانای پلەو پایەو مەرتەبە بگەیەنێ.. بەڵکو سیفەتە بۆ ئەو کەسانەی بەهرەو شارەزاییان لەیەکێك لەمەجالەکانی سیاسەت، ڕێکخستن، ئیدارە، ئابووری، کۆمەلاّیەتی، جەماوەریو.. هی تر، لەباردایە..

بەدەر لەچوار چێوەی حیزبی سیاسیش بەو کەسە دەڵێن کادر کەلێهاتوویی بەرچاویی هەبێت لەبوارێکی چالاکی هەمە جۆرەی ئینسانیەت...

پێمان وانی‌یە لەو سەردەمەدا کەسێك هەبێت لەحزبیکی سیاسی‌دا بێت، کەمانا گشتی‌یەکەی کادر نەزانێت، وەلیّ گومانمان لەوە هەیە، هەموو ئەندامێکی حیزبی سیاسی مانا تایبەتیەکەی کادر بزانێت!!، بۆیە لەو باسە کورتەدا بیّ مەنفەعەت نی‌یە، ئەگەر پێناسەیەکی کادرو خەسڵەتەکانی بخەینە بەر نەزەرو ڕوناکی‌یەك بەلایەنە پۆزەتیفەکانی بدەین، لەچالاکی حیزبی سیاسی‌دا....

لەکتێبی (موسوعة الهلال الاشتراكية)دا، ئاوا پێناسەی کادر کراوە:-

أ. کادر لەکۆمەڵگەی سۆشیالیستی‌دا (ئەو کەسەیە شارەزاییەکی دیارو بەر چاوی هەیە سەبارەت بەکاری سیاسی، کۆمەلاّیەتی، فکری، ئابووری..)

ب. کادری سیاسی (سەرکردەیەکی لێزانە لەڕێکخستنی چینو توێژەکانو بەیەکتر بەستنەوەیانو جیّ بەجیّ کردنی جۆرەها فەعالیەتی تەنزیمی..)

ت. کادری جەماوەری (سەرکردەیەکی ناسراوە بەتوانایەکی فراوان بۆ ڕابەری کردنی خەڵكو بەگەڕخستنو تەئسیر لیّ کردنیان..)

جورج دیمتروفیش دەڵیّ:-

((بریاری هەرە گرنگمان وەکو مەرەکەبی سەر کاغەزە، ئەگەر کەسێك نەبیّ لەسەر ئەرزی واقع جیّ بەجیّی بکات..))[•]

[•] وحدة النشاط الایدیولوجی والسیاسی ، والتنظیمی ، د . حمید بخش

(تیودور جیفکوف) بەو شێوەیەی خوارەوە راڤەی کادر دەکات:-
((هەرچۆنێ بارودوخ بگورێ، تەکنیك چەند پێشکەوێ، ئیدارە (سبرانیەت) • بەخۆوە ببینی، لینین گوتەنی:- ((کادر توانای بەسەردا دەشکێ، قودرەتی وەکارخستنی هەیە.)) •

لەکتێبی (فی التنظیم والتربیة الحزبیة) لاپەرە (٢٢) نوسراوە..
کادر ((ئەو هەڤاڵانەن بڕوایەکی نەگۆڕیان بەعەقیدەی خۆیان هەیە. لەکوانووی خەباتیشدا قاڵ بوونەتەوە.. ئەو دوو سیفەتەش رێگای سەرکردایەتی بۆ خۆش کردوون.))

تیۆری سیاسیو تیۆری رێکخستن، دوو پێگەی سەرەکی چالاکی حیزبین، قەناتەکانی تری چالاکی حیزبیش هەر لەو دوو بوارە سەرچاوە دەگرن. هەردوو تیۆریش لە ئاکامی چەند پرۆسەیەك دێنە ئاراوەو پەیوەندیەکی (جدل) یشیان لەنێواندا هەیە. بۆ نمونە:-

(تەکان بەرەو ئامانج) لەخاڵی دەست پێ کردنەوە رووەو (ئەو ویستەی گەرەکمانە)و بەپێی (ئوسلوبێکی دیاری کراو) ئەمانە سێ کوچکەی پێك هاتەی (تیوری سیاسین)و لەرێگای پراکتیکەوە دەبن بەحاڵەتێکی مادی لکاو بە مرۆڤەوە. هەروەها پراکتیزە کردنی تیور، دارشتنی شێوەی پەیوەندی جەماوەر، چارە سازی ناکۆکیەکانیان، پێش بینیی رەد فعلەکان، ئەوانەش بنچینەی تیۆری رێکخستن دەرەخسێنن، بەردەوامیش میکانیزمی جێ بەجێکردنی توخمەکانی تیورلەژێر دەسەڵاتی کادر دایە...

واتە کادر داینەمۆی چالاکیە حیزبییەکانەو بەبێ بوونی کادر، سیاسەتو رێکخستن، وەکو هەیکەلی بێ جووڵەو حەرەکەتن.. لەهەمان کاتا، کادری بێ تیۆریش شەرکەرێکی دەست بەستراوە!!...

خەسڵەتەکانی کادری رێکخستن..

• سبرانیەت :- زانستی زەبت (علم الظبط)

• وحدة النشاط الایدیولوجی والسیاسي ، والتنظیمی . د ، حمید بخش

١-پێکهاتە سەرەکیەکانی چالاکی حیزبی هەزم کردبێ، پەی بەئامانجە گشتیو تایبەتیەکانیان بەرێت، لانی کەم پێنج ساڵ کاری رێکخستنی حیزبی کردبێ...
٢-باگراوندێکی باشی هەبێت لەبارەی هۆشیاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی...
٣-لەقوڵایی دەرونیەوە بڕوای بەئەهمیەتی رێکخستن لەچالاکی سیاسیدا هەبیت.
٤-خاوەن مێشکێکی کراوە بێت، هەستی بەپیرەوە چوونی نوێ کاریەکانی بەهێزبێت، موتابەعەی گۆرانەکانی دنیا بکات...
٥-توانای رووداوەکانی تێدا بەدی بکرێ..
٦-بوێرانە رەئیەکانی خۆی دەربڕێ.. رووتووشی کارە دزێوەکان، هەڵەکانی ناو رێکخستن نەکات..
٧-لەکاتی تەنگژەو ئاستەنگەکاندا، توانای بڕیاردانی هەبێت...
٨-بەردەوام بخوێنیتەوە، مێشکی بەچەکەکانی مەیدانی رێکخستنی حیزبی چەکدار بکات.
٩-بڕوای بەدیموکراتی، مافی مرۆڤ، رەخنەی بیناکار هەبێت....

ناکرێ وابزانین دوو حیزبی جیا لەدوو کۆمەڵگەی جیا فەزای کارکردنیان وێك دەچێ یاموبەمو ئەزمونی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیدا فەرزبکەین.... یەکێك لەو رەخنانەی ئاراستەی (ستالین) کراوە ئەوەیە، وەکو لیژنەیەکی محەلی حیزبی شیوعی سۆڤیەت مامەڵەی دەگەڵ ئەو حیزبە شیوعیانە کردوە کە لەفەلەکی ئەواندا سوڕاونەتەوە.. حیزبە شیوعیەکانیش بەدەر لەحیزبی شیوعی (چین، ڤیتنام).. کتومت ئاراستەی حیزبی شیوعی سۆڤیەتیان پەیڕەو کردوە بێ لەبەر چاو گرتنی تایبەتمەندی وڵاتەکانی خۆیان... لێرەوە ئەگەر حیزبی شیوعی سۆڤیەتی لەسەرێکەوە زەرەرمەند بووبێ بەتەئکید، حیزبە شیوعیەکانی وڵاتانی تر.. دوو لایەنە توشی گرفت بوون.. یەکەمیان.. ناراستی سیاسەتی ستالین... دووەمیان.. نەگونجانی ئەو سیاسەتە دەگەڵ زروفی بابەتی کۆمەڵگەکانی غەیرە سۆڤیەتیو ئالۆزبوونی حیزبەکانیان..

ئەو بۆچونەی سەرەوە قەت بەو مانایە نی‌یە کەدەرگای ئەزمونی حیزبە سیاسیەکانی ولاَتان لەسەر خۆمان کلۆم بدەین‌و تەنها بەئەزمونە لۆکاڵە کانەوە سەرقاڵ بین، تەرح کردنی ئەزمونی حیزبە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی جۆربەجۆر کارێکی پۆزەتیڤە، بەمەرجێ هەمیشە حساب بۆ عاملی زەمەن بکەین، واقعی ئێستای کۆمەڵگەی خۆشمان لەبیر نەچێت.. هەر لەو سۆنگەیەوە بەچاکی دەزانین، باسەکەمان بەبۆچونی دوو کەڵە سیاسی سەردەمی خۆیان دەوڵەمەند بکەین رەنگە ئەو دیدەی ئەوان زەمەنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبێ، بەلاَم بەبێ شك تاکو ئێستاش بۆ مەبەستی ئەو باسەی ئێمە گروتینیان هەرماوە...

لینین یەکێکە لەو سیاسیانەی زۆر بەتەنگ دیاری کردنی کادری لێهاتوو بوە، بۆیە لەمەڕ شێوەی دەست نیشان کردنی کادردا دەڵێ:

((ئێمە خەریکین زۆر لەسەرخۆو بەئیهتمامەوە لەچوارچێوەی لێکولێنەوەو دراسەیەکی چڕوپڕ.. ئاشنایەتی دەگەل خەڵکی (رێکخستن ساز) پەیدا بکەین.. لەوانەی خاوەن عەقڵێکی کراوەو حساباتی عەمەلین، ئەوانەی وێڕای دڵسۆزی‌یان بۆ حیزب، توانای تەواویشیان هەیە بۆ رێکخستنی جەماوەرێکی زۆر.. هەر ئەو کەسانە دوای چەند تاقی کردنەوەیەك، کاری ئاسان‌و گرانیشیان پێ دەسپێرین ئەوسا بەرەو ڕووی مەسئولیەتی سەرکردەییان دەکەینەوە.))•

هەر لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە ستالین لەوتەیەکیدا بۆ دەرچوانی ئەکادیمیەی سوپای سور بەو شیۆەیەی خوارەوە لەکادر دەدوێ:-

((دەبێ شیعاری "تەکنیك بریاردەری هەموو شتێکە". بگۆڕین، بەکادر بریاردەری هەموو شتێکە، چونکە ئەگەر لەهەموو بوارەکانا کۆمەڵێك کادری باشمان هەبێت، ئەوا ولاتەکەمان دەبێتە ئەو قەلاَیەی هەرگیزاو هەرگیز لەگرتن نایە، پێویستە کادرە گەنجەکان بێنە پیشەوە، زۆر زەروری‌یە))

پێویستە کۆ بەندی‌یەکی پتەو لەنێوان جیلی پێشوو جیلی ئێستادا هەبێت، تا بەهەردولا سەمفۆنیەك پێك بێنن.. کادرە کۆنەکان خاوەنی ئەزمونێکی زۆرن، بەهرەیەکی باشی عەمەلی‌و تەنزیمی‌یان هەیە. بەلاَم بەهۆی فاکتەری فیزیکی

• کتێبی (وحدة النشاط الایدیولوجی والسیاسی والتنظیمی) د. حمید بخش ل١١٢

(پیری، تقاعدی، مردن) تووشی بێ توانایی‌و سستی دەبن هەندێکیان هەستی نوێکاری‌یان زۆر نزمەو لەرابردوودا دەژین.. هەرچی گەنجەکانن دەگەڵ ئەوەش ئەزمونێکی کەمیان هەیە...

(١)بەشی هەرە زۆری کۆمەڵن...

(٢)تازە پێ گەیشتوون‌و دوورن لەبێ تاقەتی‌و تەقاعودی...

(٣)هەستێکی بەرزو حەساسیان هەیە بۆ بەبەڕێوە چوونی کاری نوێ...

(٤)بەپەلە گەشە دەکەن‌و بەزوویی فێری زانست‌و زانیاری‌و رۆشەنگەری دەبن..)•

چاو گێرانێك بەدیکومینتەکانی ئەو حیزبە سیاسیە شۆڕشگێڕانەی لەزۆر ولاَت دا بەولاَتانی تازە گەشەکردوشەوە کەبەئاشکراو نهێنی چالاکیان هەبوەو هەیە.. ئەوەمان بۆ دەردەخا، هەمویان لەمەسەلەی کادردا باس لەدیاردەیەکی نیگەتیڤ دەکەن، ئەویش ئەوەیە کادر بەشیوەیەکی مەوزوعیانەو لەسەر ئەو بنەمایانەی باسکران هەڵنابژێر درێن.. بەڵکو بەریگای (زاتی‌و میزاجی)و بۆ پڕکردنەوەی هەندێ شوێنی پێویست‌و بەبێ وجودی خەسڵەتە رەسەنەکان کادر لەرێگای فاکتەری (خزم‌و دۆست‌و برادەر تادەگاتە عەشیرەتگەری‌و بەرەبابی) دەست نیشان دەکرێ... ئەوەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین زیان بەرێکخستن‌و سەرجەم چالاکی حیزبی سیاسی دەگەیەنێ...

زوو یادرەنگ دەبێ حیزبی سیاسی چاوەروانی دابرانی تەواو بکا لە کۆمەلاَنی خەڵك، نمونەش گەلێ زۆرە کە بەهۆی ئەو دیاردە نیگەتیڤە، چەندین حیزبی زل هێز... شکستیان هێناوە کەوتوونەتە پەراوێزەوە

• کتێبی (المارکسیة اللینینیة ونظریة الحزب الثوری) منیر شفیق: چاپی دووەم ل١٢٨

قیادەو ڕێکخستن

هەر لەوەتەی ململانێی مرۆڤ لەپێناوی پێشکەوتن‌و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ژیان هاتۆتە کایە.. ئیدی لەنێو هەموو چین‌و توێژو بنەماڵەو شەریحەکانی کۆمەلگەکان.. قیادەی لێهاتوو دیارو ناسراو خۆیان بەمێژوی مرۆڤایەتی ئاشنا کردوەو تاکو ئێستاش لەڕۆژ هەڵات‌و ڕۆژ ئاوا ناویان بەسەر زاری خەڵکەوەیە. لەزۆر زانکۆو پەیمانگاو دامەزراوە عیلمی‌یەکانی بواری (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی) خەسڵەتەکانیان دەخرێتە بەر باس‌و لیکۆلینەوە. کەحیزبە سیاسیەکانیش پەیدا بوون بەتایبەتی مودێرنەکان، مەسەلەی قیادە بوو بەیەکێك لەو بابەتانەی کەهەر دەگەڵ ناوهێنانی دەورو کاریگەری چالاکی حیزبی وەکو بەشێکی هەرە سەرەکی پێکهاتەی حیزب مامەڵەی دەگەڵ کراوە، چەندین توێژینەوە لەسەر تەئسیری قیادە کەوتۆتە نێو زانستەکانی ترەوە..

وەلێ نابێ ئەو ڕاستی‌یەش فەرامۆش بکرێ.. ئەو سەرکردانەی لەمێژووی چالاکی مرۆڤ دا دەوریان هەبوە، هەموویان جێ دەستیان وەکو یەك نەبوە.. هەیانە تادنیا دنیایە جێی لەعنەت‌و سەرزەنشتی توخمی مرۆڤن!! زۆریشیان مرۆڤایەتی خۆی بەقەرزاریان دەزانێ، شاکارەکانیان لاپەرەیەکی پرشنگدارە لەرابردووی چالاکی گەلاندا...

ڕاستەو شتێکی بەڵگەنەویستە بەرلە (تعمیم) بوونی زانستی سیاسیش سەرکردەی لێهاتو هەبوەو هەڵکەوتووە، بەلاّم ئەوان بەحوکمی قۆناخی خۆیان، هەرچەندە مەسئولیەت‌و ئەرکەکانیان دژوار بوبێت، بەزۆری لەچوارچێوەی دەڤەرێك، عەشیرەتێك، حوکم ڕانیەکی تەسك بوە، ململانێکانیش چەند توندو تیژ بووبن، کاردانەوەی هەر لەسەر پانتایەکی دیاری کراو دابوە. دەگەڵ پێشکەوتنی هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤیش دوای ئەوەی حیزبە سیاسیەکان بوون بەسەنتەری چالاکی (سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی)، ئەرکی قیادەی حیزبەکان یەکجار گەورەو بە تەوژم‌و مەترسی ئامێز هاتە کایەوە...

بەشێوەیەك (٨٤) ساڵ بەر لەئێستا .. قیادەی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی لەپشت بەدی هێنانی گەورەترین ڕووداوی سەردەمی خۆی بوو، ئەویش بۆ یەکەمجار دامەزراندنی دەوڵەتێکی کومۆنیستی بوو..

هەروەها قیادەی هەر دوو حیزب، حیزبی فاشی ئیتالیٰ‌و حیزبی نیشتمانی سۆشیالیستی ئەڵمانی. چەندین ملیۆن کەسیان هاوێشتە نێو گڕی هەردوو شەڕی یەکەم‌و دووەمی جیهان‌و تائێستاش کاردانەوە نیگەتیڤەکانیان، جێگای نەفرەتی مرۆڤایەتی‌یە!!..

لەو سۆنگەوە دەتوانین بێژین، دەوری قیادە لەحیزبی سیاسی دا وەکو مێشك‌و مێشکۆلەی مرۆڤە، دوورنی‌یە لەحاڵەتی کەماڵ دا مەزنترین دیاردەی پۆزەتیڤ بێنێتە ئاراو هەرکاتێك لەکار کەوت‌و تووشی شێوان بوو یائینسانەکە دەفەوتێنێ یاشێت‌و هاری دەکات‌و پارسەنگی هەموو چالاکیەکانی تێك دەدات!!..

بەو پێیە قیادەی حیزبی سیاسی وەکو ئەقڵێکی کارای هەموو چالاکیەکان، چۆن فاکتەرێکی سەرەکی وەدەست هاتنی سەروەریەکانی حیزبی سیاسی‌یە، ئاواش مەسئولیەتی هەر نەهامەتیو شکستێکی لەئەستۆیە کەبەرەو ڕووی حیزب دەبێتەوە.. ئەو لێکدانەوەیەش هەرگیز ئەو مانایە نابەخشێ، دەوری جەماوەرو سیاسەت‌و ڕێکخستن لەپەراوێزدا بخوێندرێتەوە، بەپێچەوانەوە شانازی قیادەو سەرکەوتنەکانی لەسەنگەری (جود)و بەخششی سیاسی‌و تەنزیمی جەماوەرو قەناتەکانی چالاکی حیزبی سەرچاوە دەگرێ...

بەدەستە جەمعی پێکهاتەی چالاکی حیزبی قیادە ئاراستەیان دەکات، وەلێ سیاسەت‌و ڕێکخستن وەکو دوو پێگەی سەرەکی چالاکی حیزبی سەودایان دەگەڵ دەکرێ، یەکەمیان نەزەرو دیدو بۆچونی حیزبە.. دووەمیان وەسیلەی پیادەکردنی سیاسەتە، نەخشەو بەرنامە ڕێژی سیاسەتیش، کاری سەمیمی قیادەی سیاسی‌یە، کەچی ڕێکخستن دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی قیادەی عەمەلی حیزب.. ئەوەی هەردوو (ستاف) پێکەوەو بەهەم ئاهەنگی یەکتر بەشداری تێدا دەکەن، مەسەلەی ڕێکخستن‌و گونجاندنیەتی دەگەڵ فەزای ئاشکرای فەعالیەتی سیاسی‌و

گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگەو رووبە رووبونەوەی قوناخە دژوارەکانە.. لەجێبەجێ کردنی ئەو پرۆسەیەش، قیادە بەردەوامو شێلگیرانە لەکۆشش دا دەبێت بۆ:-

١-گۆڕینی شکڵو شێوەی رێکخستنەکانو سازدانەوەی بەپێی هەر گۆڕانو هەلو مەرجێکی بابەتی تازەو ئەتموسفیری سیاسی نوێ.. بەهەردوو شێوەی (سلبیو ئیجابی)..

٢-پاراستنی پارسەنگی سیاسەتو رێکخستن، تا وەکو دوو هێلی تەریبی ماشێنی چالاکی حیزبی پێکەوە بەسەر سککەی ئامانجو مەرامەکاندا بەرێوە بەرن..

٣-کارا کردنی قیادەی رێکخستن بۆ ئەوەی ئیلهام بەخشی فەعالیەتی نمونەیی بنو ئۆرگانەکان بەرەو ئەو ئاقارانە تەکان بدەن، کەقواعدو جەماوەر بەموعتەبەری دەزانن...

لەزۆر حاڵەتیشا گەرەکە قیادەی سیاسی دەخالەت بەتۆڕەکانی رێکخستن بکات، بۆ ئەوەی کێشەو گرفتەکانیان بخاتە بەر نەزەرو توێژینەوە، گوێ لەرەخنەکانیان بگرێ.. موتالای بۆچونەکانیان بکات، مشووری گوزەرانیان بخوا، فلاتی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی دڵیان فراوان بکات.

لاکردنەوەو پشت گوێ خستنی هاوسەنگی سیاسەتو رێکخستن لەحیزبی سیاسیدا، بێ لەوەی جەوهەری چالاکی حیزبی پەك دەخات ستراتیژو تاکتیك دەخاتە حاڵەتێکی سڕ بوون، دوور نییە دوو دیاردەی خەتەر ناکیشی لێ بکەوێتەوە.. ئەوانیش ئەمانەن:

١-رێکخستن لەئاستی گەشەکرنی سیاسەت دا نەبێتو ببێتە لەمپەر لەبەردەم تەوژمی چوونە پێشەوەی سیاسەتو دۆخی تازە بابەتی کۆمەڵگە، لەدواییشدا بەجێ مانی حیزبی سیاسیو لەدەست دانی هەلو مەرجە بابەتیەکان!!..

٢-لەساتو کاتی تەنگژەدا تۆڕەکانی رێکخستن بکەونە بەر شاڵاوی راونان و قەلاّ چۆکردن، چەندین کادری لێ هاتو لەکیس چێو ئۆرگانەکان بشێوێن.

پشت بەست بەو راستیانەی سەرەوە، دەبێ ئەوەمان لاروونو جێگیر بێت، کەپەیوەندی قیادەو رێکخستن پەیوەندییەکی هەمیشەییو بەردەوامەو هەدادانی تێدا نییە.. قیادەی فەعالیەتەکانی رێکخستن وێرای ئەوەی (سیاسیو فەنیو ئەزمونییە)، پسپۆڕیشی تێدایە.. هەموو ئەو کەسانەی بەو کارە رادەگەن، مەرجە باگراوندێکی سیاسیو نەزەرییان هەبێت، هەر لەو مەنزورەشیەوە شەرت نییە سیاسەتمەداریکی چاك، دبلۆماتێکی زیرەك، بتوانێ قیادەی رێکخستن بکات، چونکە ئەگەر سیاسەت زانستو هونەری بێت، کاری رێکخستن (نەزەرو هونەرو ئەزمونە). بۆیە قیادەی رێکخستنی حیزبی دەبێ ئەو مەرجو خەسڵەتانەی خوارەوەیان تێدا بەدی بکرێ:-

١-بڕوای تەواویان بەکاریگەری رێکخستن هەبێتو لەفکرو سیاسەتی جیا نەکەنەوەو بەکارێکی هونەری رووتی نەزانن.

٢-لانی کەم دە ساڵ مومارەسەی کاری رێکخستنیان کردبێ، لەکوانووی قۆناخە ئیجابیو سلبییەکانی رێکخستنی حیزبیدا قاڵ بووبنەوە.

٣-عەقڵێکی کراوەیان هەبێت، بۆ بەڕێوە چوونی داهێنانو نوێ کاریو فلاتی بیرکردنەوەیان مەودا نزیكو دوورەکان لەخۆ بگرێ.

٤-عەقلێ- ئەنالیزە کردنی گۆڕانە سیاسیەکانیان حەساس بێ.

٥-توانای ئاراستە کردنی رێکخستنیان هەبێت بەو ئاقارانەی دەگەڵ هۆشیاریو واقعی کۆمەڵگە دەگونجێ.

پوختەی مەبەست لەو باسەدا ئەوەیە:-

ئەگەر قیادەی حیزبی سیاسی، توانی خەتێکی سیاسی گونجاو بۆ بارودۆخی مەوجود دارێژێ، بەو پێیەش کۆکیو تەبایی بەینی سیاسەتو تۆرەکانی رێکخستن بەرجەستە بکات.. ئەوا بۆی دەکرێ بەقودرەتەوە لەئالۆزترین زروف دا مەبەستی خۆی بپێکێو بگاتە ئەو دەرەنجامە باشەی پلانی بۆ دارشتوە.

ڕاستییەکی دیکەی حاشا هەڵنەگریش لەکاریگەری پەیوەندی قیادەو رێکخستندا، خۆی لەوەدا دەنوێنی:-

قیادەی سیاسی بۆی ناکرێ تەنها بەڕێنمایی تیۆری دەوری شایستەی خۆی ببینێ، بەڵکو دەبێ لەرێگای کەناڵەکانی رێکخستنو ئەزمونەکانی، چەندین شارەزایی (خبرة) وەدەست بێنێ، چونکە هیچ قوتابخانەیەك ناتوانێ جێگای خوێندنگای خەباتو تەجرەبەی عەمەلی بگرێتەوە، بەسەرکەوتنو شکستیشەوە.

بەڵام ئەو بۆچونەش ئەوە ناگەیەنێ کەقیادە هەر لەسەر ئەزمونەکانی خودی رێکخستنو حیزب بنوێو بەکافیی بزانی. گۆڕانکاریە سیاسیەکانی دەوروبەرو دنیا زۆر خێران، دەکرێ وێڕای شارەزایی خۆی، تەجرەبەی هەڵکشانو داکشانی گەلو حیزبو دەوڵەتی غەیرەش وەربگرێو بیکا بەچراوگی رۆشنکردنەوەی رەوتی خەباتی ئێستاو ئایندەی حیزبی سیاسی. بەکورتی چێژو حسی رێکخستن هەرچەند بالاْو بەرزبێت، لەقیادەی حیزبی سیاسی دا ئەگەر داینەبەزێنیتە نێو قواعدو جەماوەر وەك بلْقی سەر ئاو هەر تاوێکەو ئاسەواری نامینێ، حەماسەتی قواعدو جەماوەریش بۆ رێکخستن هەرچەندە بەجۆش بێ، بەبێ ئاراستەکردنی لەلایەن قیادەوە. مەودایەکی کورتی دەبێو بەزوویی دادەمرکێتەوە..

رێکخستنی حیزبیو.... جەماوەر

جەماوەر: یەکێکە لەو زاراوانەی تاکو ئێستاش ماناو (مدلول)ی ساخ نەبۆتەوە. حیزبە سیاسیەکان هەر یەکەو بەپێی دیدی سیاسی خۆیان سەودایان دەگەڵ کردوە. شیوعیەکان (کرێکارو هاوپەیمانەکانی) بەجەماوەر دەزانن. سوشیالیستو حیزبە شۆڕشگێڕەکان (کریکارو جوتیارو بۆرژوای بچووكو هەندێ توێژی دی) دەخەنە چوار چێوەی مەفهومی جەماوەر، جارجارەش زاراوەی (خەڵك یــاکۆمەڵانی خەڵك) وەکو ئەلتەرناتیڤی جەماوەر لەئەدەبیاتی سیاسی‌دا بەدی دەکرێ..

ئەوەی جێگای گومانیش نی‌یەو هەموو لایەك لەسەری تەبان ئەوەیە، ناشێ زاراوەی جەماوەر لەجیاتی چەمکی (گەل) بەکاربێت، چونکە گەل ماناکەی لەجەماوەر فراوان ترە.

هەموو ئەو توێژینەوانەی لەسەر پەیدا بوونی حیزبە سیاسیەکانی دنیا کراوە، جەخت لەسەر ئەو راستی‌یە دەکەن کەیەکێك لەپایە هەرە سەرەکیەکانی بونی حیزبی سیاسی مەسەلەی جەماوەرە، بەجۆرێ هیچ حیزبێکی سیاسی ناکرێ خۆی بەحیزب بزانێ، ئەگەر جەماوەری بەدواوە نەبێت.. هێزو تواناو قودرەتی حیزبیش هەر لەجەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێ.. جەماوەر یەکێکە لەکۆڵەکە هەرە بەهێزەکانی پێکهاتەی حیزبی سیاسی.

لینین ساڵی (١٩٢٠) لەنوسینێکی رەخنە ئامێز بۆ شیوعیەکانی بریتانیا نوسیبووی:-

((ئەگەر کەمینەیەك لەخۆرانەبێنێ رابەری جەماوەر بکاتو پەیوەندی توندو توڵیان دەگەڵ ببەستێ، بەرەهاییەوە دەڵێم نەحیزبن نەهیچ قیمەتەکێشیان هەیە، بــاناویشیان لەخۆ نابێ حیزب.))*

(د. شمران حماد)یش لەلاپەرە (٦٥)ی کتێبەکەیدا، (الاحزاب السیاسیة والنظم الحزبیة) دەڵێ.

((نابێ وابزانین بەجەماوەر بوونی حیزب تەنها لەرێگای راستی رێبازو خەتی حیزب داین دەبێ؟ چۆن ئەوەیان بەشێکە لەراستیەکان، بەشی دووەمی ئەو

* الحزب المارکسي اللینیني.. ودورة في کفاح العمال الطبقی (دار الفارابی– بیروت ل٢٧)

راستی‌یانە گونجاندنی ڕێکخستنە دەگەڵ زروفی بابەتی کۆمەڵگەو باری دەروونی جەماوەرو ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی نیشتیمانیو کۆمەڵایەتیو شەخسی‌یان.))

لەژێر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، دوو فاکتەری سەرەکی کار دەکەنە سەر بەجەماوەر بوونی حیزبی سیاسی..

١-ڕاستیو بابەتی ڕێبازو خەتی سیاسی..

٢-گونجاندنی ڕێکخستن دەگەڵ ئاستی جەماوەرو مەیلو ویستو داخوازیەکانی.

خاڵی یەکەم.. ئەوەندە بەئاقاری باسەکەی ئێمەدا گوزەر ناکا ئەوەی دەکەوێتە کرۆکی مەتلەبەکەمان، گونجاندنی ڕێکخستنە بەجۆرێ قودرەتی ئەوەی هەبێ جەماوەرێکی فراوان ڕاکێشێتە نێو تۆڕەکانیو بچێتە قاڵبێکی واوە کەجەماوەر ئولفەتی پێوە بگرێ، بەئارەزوی خۆیان بێنە ژێر ڕکێفیەوە، هەڵوەدای ئامۆژگاریو ڕێنماییەکانی بنو پرانسیپەکانی بەجێ بگەیەنن.

دەگەڵ باسکردنی بنەماکانی بەجەماوەر کردنی ڕێکخستن. کەخۆی لەخۆیدا نیشانەی فراوان بوونی پانتایی چالاکی‌یە. ناکرێ ئەو مەیلو خەسڵەتە خەتەرناکانەش فەرامۆش بکرێ، کەلە مێژووی حیزبە سیاسیەکانا وەك نەخۆشیەکی کوشندە ئاماژەی بۆ کراوە لەڕووی عەمەلیشەوە بۆتە مایەی شکستو شێوانو پووکانەوەی چەندین بزوتنەوەی سیاسی.

أ.مەیلی خۆ هەڵکێشان بۆ سەر جەماوەرو بنیاتنانی وەهمی کوتەڵی شەمع ئامێزی (زلایەتی، لووت بەرزی، پایەو مەقامو جاردانی نازناوی داتاشراوی ڕزگارکار، شکودار، پایەبەرز، خاوەن عەرش)

ئەو مەیلو خەسڵەتانە نمونەیان زۆرە، خاوەنەکانیان ڕەنگە لەپەنای تۆقاندنو زەبروزەنگ بۆ ماوەیەك خۆیان سەپاندبێ، ئەنجامەکەی حیزب بووبێ یاحکومەت، ڕسواییو نەدەمی بەدواوە بوە، نەهامەتیان بەسەر حیزبو گەلدا هیناوە...

ب.مەیلی دابەزاندنی حیزبی سیاسی بۆ ئاستی هەرە پاشکەوتوویی هەندێ شەریحەی جەماوەرو خۆ بەستنەوە بەنەریتی کۆنو بیرکردنەوەی (نۆستالیژیا)• و پابەند بوون بەعادەتو تەقالیدی سەلەفی بەبیانووی کەسب کردنی جەماوەر.

کاردانەوەی ئەو دیاردەیەش دەبێتە مایەی:-

١-لەدەست دانی جەوهەری حیزبی شۆڕشگێڕو عیلمانی.

٢-بەجێ مانی حیزبی سیاسی لەگۆڕانکاریەکانو دابڕانی لەدنیای شارستانیو مودێرنو خولانەوەی لەبازنەی دوگمایی‌دا.

مەبەست لەڕێکخستنی جەماوەر.. ڕێکخراوی دیموکراتیو بنکەی کۆمەڵایەتی سەندیکاو کۆمەڵی‌جوتیارانو هی تر نی‌یە، ئەوەیان لایەنێکی دیکەی کاری حیزبی سیاسی‌یە، بەڵکو مەتلەبمان ڕاکێشانی جەماوەرە بۆ ژێر ڕکێفی ڕێکخستنی حیزبی. دەبێ بۆ ئەو مەسەلەیەش کەرەستەی (فکری، سیاسی، تەنزیمی) تایبەتی سازو ئامادە بکرێ.

چونکە بنەمای ژیان، ئاستی هۆشیاری، بگرە وەزعی دەرونی‌ی جەماوەریش، تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەو قیاسە حیزبە جەماوەریەکان بەرەچاوکردنی ئەو حەقیقەتانە دوو جۆر ڕێکخستن دادەڕێژن.

- ♦ ڕێکخستنی ئۆرگانیك (ڕێکخستنی ئەو ئەندامانەی ئاستی هۆشیاری‌یان لەبارە)
- ♦ ڕێکخستنی جەماوەری.

گەرچی هەردوو شێوە لەپێڕەوی حیزب سەرچاوە دەگرن، بەڵام بۆ دووەمیان کادر، ئەدەبیاتی سیاسی لۆکاڵو گونجاو دەگەل زروفی بابەتیو چوارچێوەی ژیانی جەماوەر بەکاردێ، هەر بەو ئاقارەش ستراتیژو تاکتیك ئاراستە دەکرێ.

١-کادر لەڕێکخستنی جەماوەردا:-

هەرچەندە لەبابەتێکی تایبەت بەکادردا باس لەئەرکو خەسڵەتەکانی کادر کراوە، وەلێ لێرەشدا بەپێویستی دەزانین بڵێین، سەرەڕای هەموو سیفاتە تایبەتیەکانی کادری ڕێکخستن دەبێ ئەو کادرانەی موهیمەی ڕێکخستنی جەماوەریان دەکەوێتە ئەستۆ، چەند مەرجێکی ئیزافیشیان تێدا بەدی بکرێ، کەهەرە زەقەکانیان ئەوانەی خوارەوەیە:-

أ- شارەزایی تەواویان لەنەریتو عادەتو تەقالیدی ئەو جەماوەرە هەبێت کەرێکخستنیان لەنێودا هەڵدەسورێننو بەتەواوی سنوری ئەو بوارانە نەڕەتێنن.

ب-خۆیان دوور بگرن لەڕواڵەتی فەنتازیانەو نامۆ بەهەڵسو کەوتی جەماوەر.

ت-بەکارهێنانی زاراوەو گۆتەی ساکارو باو، بەشێوەیەك جێگای تێگەیشتنی هەموو لایەك بێت.

• نۆستالیژیا – کۆن خوازی

پ- خاكی‌یه‌تو خۆ هێنانه ئاستی خه‌ڵك، تاوا هه‌ست نه‌كه‌ن ده‌گه‌ڵ مه‌سئولێك یاپیاوێكی گه‌وره (به‌گوته‌ی خۆیان) به‌ره‌و ڕووته، چونكه له‌و حاڵه‌تـه‌دا زۆر له‌گرێ كوێره‌و بۆچونیان په‌نهان ده‌كه‌ن. ئه‌وه‌ی ده‌شی‌زانن له‌بیریان ده‌چێته‌وه. له‌رووی سایكۆلۆجیشه‌وه ، مرۆڤ هه‌میشه ده‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سانه ده‌سازێ كه له‌ئاستی خۆیه‌تی.

((ده‌گێرنه‌وه، كوری كابرایه‌كی گه‌وره حه‌ز له‌كچی گاوانی خۆیان ده‌كات، چه‌ند پیاو ماقوڵێك ده‌چن‌و داوا له‌گاوانه‌كه ده‌كه‌ن كه‌كچه‌كه‌ی بداته كوڕی كابرای گه‌وره. گاوانه‌كه.. نایدات. براده‌رێكی گاوان به‌و كاره ده‌زانی‌و خۆی ده‌گه‌یه‌نێته ماڵه گه‌وره‌كه‌و ده‌ڵی:- قوربان ئه‌وه‌ی به‌پیاو ماقولاٚنی جه‌نابت نه‌كرا من جی‌به‌جی‌ی ده‌كه‌م.. ئیدی خۆی ده‌گه‌یه‌نێته گاوان‌و ده‌ڵی: كابرا شێت بویت.. چۆن كچی خۆت ناده‌یته كوڕی فلاٚن... نه‌گبه‌ت پاروت ده‌كه‌وێته ڕۆنی. گاوانه‌كه ده‌ڵی:- جا كوا دوو پیاوی وه‌ك تۆی ناردوه تامن نه‌یده‌م؟!! مادام تۆ هاتی.. فه‌رموو پێشكه‌شیان بێت..!!))

ئه‌و مه‌سه‌له‌یه دروست بێ یانه له‌ڕووی نه‌فسی‌یه‌وه حه‌قیقه‌تێكی زۆری تێدا به‌دی ده‌كرێ.

ج-هه‌زم كردن‌و خوێندنه‌وه‌ی گرفت‌و ئازارو كوێره‌وه‌ری جه‌ماوه‌رو په‌ی بردن به‌خواست‌و پێداویستی یه‌كانیان.

ح-بنیادنانی په‌یوه‌ندی‌یه‌كی پته‌وو مكوٚم، تاكو وه‌كو یه‌كێك له‌ئه‌فرادی خانه‌واده‌ی خۆیان لێیان دڵنیابن، داواو مه‌تڵه‌ب‌و نهێنی‌یه‌كانیان بدركێنن، له‌وه‌ش پشت ئه‌ستور بن كه به‌جدی كار بۆ مه‌یسه‌ر كردنی حاڵه‌ته‌كان ده‌كرێ..

خ-وه‌كو خوێندكاریك گوێ بۆ راوبۆچوونی جه‌ماوه‌ر شل بكرێ .. وه‌كو ماموٚستاش هه‌مان ئه‌فكاری ئه‌وان بخرێته چوارچێوه‌ی واقعیه‌ت‌و سیمای بابه‌تی بدرێتێ‌و رووبه‌ڕووی خۆیان بكرێته‌وه.

د-رێكخستن چه‌ند توندوتۆل بێت پێویسته به‌فكرو سیاسه‌ت ئاو بدرێته‌وه.. رێكخستن به‌بێ فكرو رۆشنبیری كووله‌كه‌ی وشكه نابێ ئه‌وه‌شمان له‌بیربچێ.. سه‌قافه‌ت، فكر هه‌میشه ده‌بێ به‌شێوه‌یه‌ك ته‌رح بكرێ، وێڕای به‌رژه‌وه‌ندی نیشتیمانی، حیزبی، ئه‌و باسانه‌شی تێدا بێ كه‌به‌رژه‌وه‌ندی جه‌ماوه‌ر ده‌نوێنێ. زیره‌كی‌و لێ هاتوویی‌مان له‌وه‌دا ده‌رده‌كه‌وێ كه‌هه‌ر بابه‌تێك ده‌یخه‌ینه ڕوو ره‌نگدانه‌وه‌ی ویست‌و ئاره‌زووی خه‌ڵك بێت.

ژ-ئه‌و بابه‌ته به‌گوته‌یه‌كی (ماوتسی تۆنگ) سه‌ركرده‌ی جارانی ولاٚتی چین قفلێ ده‌ده‌ین كه‌ده‌ڵی:-

((با به‌دڵ‌و به‌گیان خزمه‌تی گه‌ل بكه‌ین، بۆ ته‌نها چركه‌یه‌كیش له‌جه‌ماوه‌ر دانه‌بڕێین، باهه‌موو كاروكرده‌وه‌یه‌كمان له‌پێناوی به‌رژه‌وه‌ندی گه‌ل بێ نه‌ك بۆ به‌رژه‌وه‌ندی خۆمان‌و تاكه كه‌س‌و ده‌سته‌یه‌كی بچكۆلانه))•

٢-بینای تۆڕه‌كانی رێكخستن.

به‌شێوه‌یه‌كی گشتی هه‌ر حزبێكی سیاسی، به‌پێ‌ی حه‌جمی رێكخستنه‌كانی‌و پانتایی چالاكی‌و زروفی بابه‌تی كۆمه‌ڵگه‌كه‌ی بینای رێكخراوه‌یی داده‌مه‌زرینێ. له‌كاتی پێویستدا به‌روودانی هه‌ر گۆڕانێكی سلبی‌و ئیجابی شكڵ‌و شێوه‌یان ده‌گۆرێ، به‌پێ‌ی دۆخه تازه‌كه‌ش دروستی ده‌كاته‌وه. ئه‌و كاره‌ش خۆی له‌خۆیدا یه‌كێكه له‌سیما پۆزه‌تیڤه‌كانی حیزب. به‌لاٚم ئه‌وه‌ی له‌زۆربه‌ی حیزبه‌كان دا كه‌م تا زۆر به‌لایه‌وه ناچن‌و ره‌نگه زیانێكی زۆری پێ گه‌یاندبن، ره‌چاونه‌كردنی تایبه‌تمه‌ندی رێكخستنی جه‌ماوه‌ره، به‌تایبه‌تی له‌و ولاٚتانه‌ی هێشتا قۆناخی رزگاری نیشتیمانی‌یان نه‌بڕیوه‌و سه‌ربه‌خۆیی سیاسی‌یان تێدا به‌رجه‌سته نه‌بوه. بۆیه گه‌ره‌كه ئه‌و حیزبانه‌ی جه‌ماوه‌رین‌و جه‌ماوه‌ر به‌ئه‌ساسی كاراكردن‌و چالاكی داده‌نێن، له‌رێكخستنی جه‌ماوه‌ردا ئه‌و خالاٚنه‌ی خواره‌وه به‌جدی وه‌ربگرن‌و شێلگیرانه كاری بۆ بكه‌ن.

١-تۆڕه‌كانی رێكخستن له‌نزیك شوێنی كاری رۆژانه‌ی جه‌ماوه‌ر دامه‌زرێنن.
٢-وێڕای خه‌ت‌و رێبازی حیزب، ئه‌و بابه‌تانه‌ش بخرێته به‌رنامه‌وه كه‌په‌یوه‌ندی به‌ژیانی (سیاسی، ئابووری، كۆمه‌لاٚیه‌تی) جه‌ماوه‌روه‌ره‌وه هه‌یه.
٣-له‌دێهاته‌كاندا له‌نێوان چه‌ند گوندێكی نزیك به‌یه‌كتر ئۆرگانیك بۆ سه‌رپه‌رشتی‌یان بێته ئارا. له‌حاڵه‌تێك ئه‌و مه‌سه‌له‌یه ئه‌سته‌نگ بوو، ده‌كرێ ئورگانی قه‌زاو ناحیه‌كان كادره‌ی گوند دامه‌زرێنن‌و هه‌ر كادره‌ی چه‌ند گوندێكی پێ بسپێردرێ.
٤-كاتی كۆبوونه‌وه‌و چاو پێ كه‌وتنیان كار نه‌كاته سه‌ر ئیش‌و كاره ئه‌ساسیه‌كانیان.

• حول الحزب ---- لیو .. شاو .. شی . ل٤٤

٥-له سەنتەری ئۆرگانو تۆڕەکاندا جگە لەبەرنامەی (فکری، سیاسی، روشەنبیری، هونەری) بەرنامەی چروپڕی (کشتوکاڵی پیشەسازی، تەندوروستی، ئاژەڵ داری، ئاودێری) پەیڕەو بکرێ. ئەو بەرنامانە دەکرێ لەدوو کەناڵەوە پیادە بکرێن.

أ.   ئەگەر کەناڵی دەزگا رەسمیەکانی حکومەت وجودیان هەبێت.

ب. کەناڵی خودی ئورگانو تۆرەکان بەهەم ئاهەنگیو بەشداری ڵیزانانی جەماوەر.

- داواو راسپاردەو ویستەکانیان وەربگیرێو لەرێگا قانونیەکانەوە موتابەعە بکرێ.
- دەورەی نەخوێندەواریو تەندروستییە سەرەتایەکانیان بۆ بکرێتەوە. بۆ ئەو موهیمەش هانا بۆ ئۆرگانی شارەکان ببرێ بۆ پشتیوانیو هەم ئاهەنگی.

ئەوانەو زۆر وردە کاری تریش هەن، دەبێ ئورگانو تۆڕەکانی رێکخستن بەئەرکی خۆیانی بزانن. بەقەد تواناو قودرەتی خۆیان شانی وەبەر بدەن، چونکە بناخەی بەجەماوەر بوونی رێکخستنو حیزبی سیاســـــــین. لەدوایش دا دەڵێین:-

((بنیات نانی پێگەی پەیوەندی بەجەماوەرەوە زەرورەتێکی عەمەلیو پەروەردەییەو هەر لەخۆ وەو بەحەماسەتی رووت جیٚبەجیٚ نابیٚ، بەڵکو لەکەناڵی بەرنامەیەکی عیلمی نەخشە بۆ کێشراوی تەنزیمی دێتە دی، چونکە جەماوەر هەرتەنها زاراوەیەکی نوسراو نییە، بەڵکو قودرەتو ئامانجو شوورەی قایمی حیزبی شۆڕشگێڕە، حیزب بەبیٚ جەماوەر دەکەوێتە بازنەی غوربەتو نامۆییەکی قووڵەوە، لەدوایش دا لــەبۆشایـــی دنیای عەدەم دا   وجودی خۆی لەدەست دەدات))•

بینای رێکخراوەیی

وردکردنەوەی تیۆری رێکخستنو ئاشنایی دەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو تیۆرە هەر بەتەنها بەس نییە بۆ کارابوونی رێکخستنی حیزبیو ئەنگاوتنی ئامانجەکانی.. بەڵکو گەرەکە رێکخستن لەچوارچێوەی بینایەکی رێکخراوەیی گونجاودا پراکتیزە بکرێ، ئەڵقەکانی لکانی بەجەماوەرەوە یەك لەدوای یەك سەقامگیر بکرێن.. تادەستە بەری ئەوە بکات میکانیزمێکی زانستیو واقعیو عەمەلی بێنێتە ئارا بۆ:-

١—پەیوەندی قیادەو قواعد.

٢—پەیوەندی قیادەو قواعدو جەماوەر.

بۆ ئەوەی هیچ کەلێنو بوارێك نەهێڵێتەوە، میکرۆبی نەخوشیەکانی رێکخستن گەرای تێدا بکا.. یاکۆسپو لەمپەر لەبەردەم چالاکی حیزبی قوت کاتەوە، ئەرکو مافی ئۆرگانەکان بشێوێنیو رێکخستن ڕوەو پاشاگەردانیو فەوزا، راپێچی..

وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پیٚدا، پەیدا بوونی حیزبە مارکسی- لینینی یەکان، بەبەهاری پشکوتنی چرۆی تیۆری رێکخستنو بینای رێکخراوەیی دەناسرێ. بۆیە لەدوای شۆرشی ساڵی (١٩١٧)ی سۆڤیەتی جاران، ئیدی زۆربەی حیزبە شیوعیو پێشکەوتن خوازەکانی وولاٌتانی ئاسیاو ئەوروپا کەوتنە گواستنەوەو کۆپی کردنی بینای رێکخراوەییو بگرە نەزەرو بۆچوونەکانی حیزبی شیوعی سوڤیەتو کار گەیشتە ئەوەی بەرنامە سیاسیەکانیشیان لەژێر کاریگەری ئەوان دادەرشت.. بەبیٚ رەچاو کردنی باری (زاتیو مەوزوعی) کۆمەلگەکەی خۆیان. دیارە ئەو کارە نیگەتیڤە، کاردانەوەیەکی خراپی دایەوەو لەزۆربەی ولاٌتانا چانسی سەرکەوتنیان یارنەبوو، هەروەها تووشی کارەساتو نەهامەتی هاتنو جەماوەری خۆیان لەدەست دا، لەزۆر ولاٌتی ئاسیاو ئەوروپاش جیا نەزەریو لێکترازانی فکری لیٚ کەوتەوە،!!

• ناميلكەی / حول العمل بين الجماهير .. دار الطليعة --- بيروت چاپی یەکەم (١٩٧٣)

ئەو توێژینەوانەی لەسەر حیزبە سیاسیەکان کراوە، دەگەڵ ڕەفزکردنەوەی دیاردەی گواستنەوەو کۆپی کردنو کلێشە سازی لەرێکخستنو بینای رێکخراوەییدا، پێیان وایە بۆ سازدانی بینای رێکخراوەیی حیزبە سیاسیەکان، دەبێ ڕەچاوی چەند فاکتەرێك بکرێو لەژێر رۆشنایی لێکدانەوەیان بینای رێکخراوەییو بەرنامەی سیاسی پیادە بکرێ کارێکی زۆر واقعیو بابەتیشە، دەگەڵ ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك شکلی بینای رێکخراوەیی گۆڕانی بەسەردابێتو نوێ بکرێتەوە،.. ئەو فاکتەرانەش بریتین لە:-

١-ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵ لەرووی (سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، روشەنبیری).

٢-هێزو قەبارەی حیزبی سیاسی.

٣-ئەتموسفیری کاری سیاسی.

٤-قۆناخی خەباتی سیاسی.

٥-پێگەی حیزبی سیاسی لەدەسەلاتدا.

١-ئاستی پیشکەوتنی کۆمەڵ..

هەر کۆمەڵگەیەك.. خاوەنی سروشتی تایبەتی خۆیەتیو لەوانی تری جیا دەکاتەوە. حیزبی سیاسی ئەو دەمە بالا دەکا کەئەو سیما تایبەتیە بخوێنێتەوەو لەژێر رۆشنایی واقیعەکەیدا بەرنامەی سیاسی، تەنزیمی، بینای رێکخراوەیی خۆی جار بدات، لەدەرەوەی زروفی زاتیو مەوزوعی کۆمەڵگەو رادەی گەشەکردنی، هەموو نەزەرو لێکدانەوەیەك نەزۆکیو نامۆیی بەخۆیانەوە دەبینن‌و تەمەنیان درێژ نابێت!! بینای رێکخراوەیی حیزبی سیاسیش لەو حاڵەتە بەدەر نییە.

لەکۆمەڵگەیەکی گەشاوەدا کەسەقامگیری (سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، روناکبیری) لەئارادا بێ، پرۆسە دیموکراتیەکان رەگو ریشەی خۆیان چەسپاندبێ، هەرکەسێك مافو ئەرکی خۆی ناسیبێ لەو کومەڵگەیە.. بینای رێکخراوەیی زۆر کراوەو فراوان دەبێت، بگرە کۆڕو کۆبونەوەو خیتابی سیاسی جێی دەگرێتەوە، تۆڕەکانی رێکخستن لەبەر کاریگەری میدیاکان وجودیان زەروری نییە.. میتینگ، رێ رەو، کۆبونەوەی جەماوەری، (مناظرة)ی تەلەفزیۆنی دەبنە کەرەستەی ئاشنا کردنی حیزبی سیاسیو بەرنامەکانی. رەنگە هەر حیزبێکیش ئوفیسێکی هەبێتو بەس!! حیزبەکانی ئەمریکا، سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا، نمونەی ئەو حیزبانەن کەئەوەندە خوو نادەنە بینای رێکخراوەیی. خودی حیزبە شیوعیەکانی ئەوروپاش وەکو یەك گرنگی بەرێکخستنو بینای رێکخراویی نادەن، پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانەش لەرێکخستنو بینای رێکخراوەیی حیزبە سیاسیەکانی ولاتانی پاشکەوتو بەنەزەر وەردەگیرێ. واتە رێکخستنو بینای رێکخراوەیی.. توندو تولۆو تۆکمە دەور دەبینێو وەکو وەسیلەیەکی کاریگەر بۆ پەیوەندی بەکۆمەلانی خەڵكو هۆشیار کردنەوەو وروژاندنیان لەپێناوی ئامانجە سیاسیەکانی حیزبەکان پێك دەهێنرێن.. نابێ ئەو راستی یەش فەرامۆش بکرێ، رادەی ئیهتیمامی خەڵکیش بەسیاسەت کار دەکاتە سەر بینای رێکخراوەییو چۆنیەتی دارشتنی، لەهەندێ کۆمەڵگە لەکاتی هەڵبژاردنو تەنگەژەیەك نەبێت ئیدی کەس بیر لەمەسەلە سیاسیەکان ناکاتەوە.. کاری سیاسی تەنها ملیاردێرو خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکان پیادەی دەکەن بۆ بەدەست هێنانی دەسەلات بۆیە حیزبەکانیشیان پێك دێن لەهەیکەلێکی سەرەوەو هیچی تر.

٢-هێزو قەبارەی حیزبی سیاسی..

رەنگە زۆر جار خەڵکانی سیاسەتمەدارو سەرقاڵ بەمەسەلە سیاسیەکان، هێزو توانای جەماوەریو سەرکەوتنی حیزبی سیاسی لەبەدی هێنانی ئامانجەکانیدا یـــاوەدەست هێنانی رای گشتی بگێرنەوە بۆ راستو دروستی فکرو رەسەنایەتیو واقع بینی بۆ چوونەکانی، چونکە ئەو خەسڵەتانە دەبێتە هاندەری جەماوەر، کەمتمانەی تەواوی خۆیان ببەخشن بەو حیزبەو پابەندی دروشمەکانی بن، ئەو روانینە شتێکی رەها نییە، بەڵکو بەشێکە لەراستی‌یەکان، چونکە کاریگەری حیزبی سیاسی لەسەر ڕای گشتیو فراوانی فلاتی رێکخستنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکیو هیچ کامێکیان ناتوانن بەتەنها ئامانجی خۆیان بپێکن، ئەو دوو فاکتەرەش بریتین لە:-

أ.دروستی فکرو دیدگای حیزبی سیاسیو ئامانجەکانی.
ب.دروستی ڕێکخستنو بینای ڕێکخراوەییو گونجانی دەگەڵ زروفی زاتیو مەوزوعی...

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانە، بینای ڕێکخراوەیی بەرەچاوکردنی هێزو قەوارەی ئەندامەکانی دادەڕێژرێ، زۆریو کەمی ئۆرگانەکانیش هەر لەپانتایی چالاکی حیزب سەرچاوە دەگرێ، واتە.. ناکرێ حیزبێکی بچووك چەندین تۆڕی ڕێکخستن سازداو خەڵکێکی ئەوتۆشی نەبێت ئەو بۆشاییانە پڕکاتەوە.. هەروەك حیزبێکی زلهێزیش، تەنها بەچەند ئۆرگانێك کاری سیاسیو ڕێکخراوەیی مەیسەر نابێ، وا چاكو شیاوە، بینای ڕێکخراوەیی هەر حیزبێك (بارتەقای) حەجمی ئەندامەکانی بێتو بەگوێرەی کەمیو زۆری ئەندامو لایەنگرو هەوادارانی پەیوەندی ئۆرگانەکانی بەرنامە ڕێژبکات.

٣-ئەتموسفیری کاری سیاسی..

لەفەزای ڕزگاریو دیموکراتیدا. حیزبە سیاسیەکان بواری باشیان هەیە بینای ڕێکخراوەیی خۆیانو ڕێکخستنەکانیان بەو پەڕی ژیرکاریو بەئوسلوبێکی عیلمی گونجاو دەگەڵ باری بابەتی کۆمەڵگە داڕێژن.. هیچ کۆسپو لەمپەری ئەوتۆیان لەرێگادا نییە کەساڵی چەند جارێك گۆڕانکاری تێدا بکەن، بەڵام لەئەتموسفیری نیگەتیڤدا وەزعەکە بەشێوەیەکی ترە، کێشەو گرفتی زۆر لەئارادا دەبێت، کادری زۆر ژیری دەوێ کەبتوانێ فێڵو تاکتیكو ئەوراقەکانی گوشاری دوژمن بخوێنێتەوەو لەنێو تۆڕی جاسوسیو فشاری بەهێزدا بینای ڕێکخراوەییو کاری ڕێکخستن بەڕێوەبەرێت!! هەر بەراستی کادری ڕێکخستن لەسەردەمی خەباتی نهێنی دەبێ هۆشیارو زاناو خاوەن ئەزمون بێت، چونکە وێڕای ژیانی خۆی چارەنوسی چەندین کەسیشی لەبەر دەستایەو جاری واهەیە نهێنیەکانی بەرنامەیەکی زۆر گرنگی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلێك بەخۆوە هەڵ دەگرێ..
بینای ڕێکخراوەییو تۆڕەکانی ڕێکخستنیش دەبێ ئەوەندە تەسكو مکوم بێت، هەروا بەزوویی چنگی دوژمنی لێ گیر نەبێت..

لەژمارە یەکی گۆڤاری (الصین الجدیدة) کەژمارەو ساڵیم لەبیر نەماوە لەمەڕ کاری نهێنی حیزبی سیاسیو لێهاتوویی کادر نووسیبووی:-
بەر لەرزگاربوونی چین، کادرێکی کارای حیزبی شیوعی ئەوسا دەکەوێتە ژێر چاودێریەکی زۆر چڕو پڕی سیخوڕەکان، مەبەستیان بوو خۆیو چەندین تۆڕی ڕێکخستنیش کۆنترۆڵ بکەن. دوای سێ مانگ ڕاپۆرتێکیان دایە دەزگاکەی خۆیانو دەڵێن: ئەو ئەخباریەی لەسەر فلان درابوو زۆر لەراستییەوە دوورە، ئێمە سێ مانگە چاودێری دەکەین. ڕۆژانە ئەو کابرایە هاتووچۆی نادی، سینەما، مونتەدا دەکات کەئەچێ بۆ کتێبخانەکان، تەنها گۆڤاری خلاعی دەکڕێ، پێ ناچێ فڕی بەسەر سیاسەتەوە هەبێت، زیاتر لەپیاوی دنیاییو هەوایی دەچێت، ڕۆژانەش هاودەمی چەند ژنێکە!!
لەدوای ڕزگاربوونی چین بۆ بەدوا داچوونی ناوەڕوکی ئەو ڕاپۆرتەو ڕاستی بۆچونەکانیان موقابەلەیەکیان دەگەڵ کادرە کەکرد.. ئەویش ووتی:-
خەبەرم بۆ هات کەچاودێریم لەسەرە،. ئیدی بۆ ماوەی سێ مانگ شوێنی یەکتربینینی هاوڕێکانم کردە (نادی، سینەما، مونتەدا)، لەوێ کاری حیزبی خۆمان ئەنجام دەدا. هەموو ڕاپۆرتو بلاوکراوەی حیزبیشم لە نێو پەڕەکانی گۆڤاری خلاعی دەشاردەوە.. لەبازاڕو شوێنە گشتییەکانیشا تەنها دەگەڵ توخمی ژن دەسوڕامەوە..))
لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە کۆمەڵگەی خۆمان دەگەڵ وڵاتی چین بەراورد بکەم، تەنها دەمەوێ بڵێم: بینایی ڕێکخراوەیی نهێنیو کاری سیاسی لەدەمی سلبیدا پسپۆڕیو ئەزمونو لێ زانی دەوێت بۆ ئەوەی سەر لەدوژمنو داگیرکەر بشێوێو زەفەر بەرێکخستنەکان نەبات...
بەشێوەیەکی گشتی بینای ڕێکخراوەیی حیزبە شۆڕشگێڕەکان چەند شکڵێك بەخۆیەوە دەبینێ وەك:
١-بینای ڕێکخراوەیی ئاسۆیی.
٢-بینای ڕێکخراوەیی ستوونی.

٣-بیناى ڕێکخراوەیی تێکەڵاو (ستونی+ ئاسۆیی).

ئەو بینا ریکخراوەییانە، لەزۆربەی حیزبە سیاسیەکانی ئاسیاو ئەوروپا پیادە کراون‌و هەر یەکەش چاکەو خراپەی خوی هەیە، لەنێو بۆتەی خەباتی سیاسی‌دا، دەکرێ کەم‌و کورتی هەریەکەیان پر بکرێتەوە. بەپێ‌ی بەرژەوەندی حیزب ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنێ، دەبێ ئەوەش بڵێین لەسەردەمی ئیجابی‌و سلبی هەندێ حیزبی سیاسی‌دا تەشکیلاتی ئیداری حکومەتەکان بەنەزەر وەردەگرن‌و لەبینای ڕێکخراوەیی‌دا رەچاوی دەکەن وەك:-

أ.مەڵبەند، لق، یاهەرناوێکی ترلەشارە گەورەکان (محافظة).

ب.کۆمیتە، ناوچە لەقەزاکان.

ت.کەرت، ریکخراو، یالیژنەی شار لەناحیەکان.

لەبارودۆخی لەباریشدا بارەگای قیادەی حیزبەکان بەزۆری لەپایتەخت دەبێت، لەزروفی نالەباریشدا سەخترین دۆڵ‌و شیوو قەد چیاکان، بارەگای سەرکردایەتیەکانی حیزبی سیاسی لێ جێگیردەبێت.

ڕێکخستنی حیزبی

ئەزمونی کوردستانی باشوور

لەبەر رۆشنایی ئەو بابەتانەی لەسەر ڕێکخستنی حیزبی تائەو جێیەی زەینی ئێمە بڕی کرد هاتنە گۆرێ، بەپێویستی دەزانین بێینە سەر باسی ئەزمونی ڕێکخستنی حیزبی لەکوردستانی خۆمان‌و بەرەچاوکردنی فاکتەری زەمەن‌و بارودۆخی ئەوێ رۆژی خەباتی سیاسی بدەینە بەر توێژینەوەو ئاکامە چاك‌وخراپەکانی هەڵێنجێنین ،لەو کارەشدا نیازمان نی‌یە بگەڕێینەوە سەرەتای دروست بوونی حیزبە سیاسیەکان. گەرەکمانەلەئەڵقە هەرە بەهێزەکانی ژیانی حیزبی ئەو دەڤەرە دەست پێ بکەین. بەمەزەندەی ئێمە ئەو ئەڵقەیەش ساڵانی دوای (١٩٧٥) دەگرێتەوە، هەڵبژاردنی ئەو مەودایە وەنەبێ کارێکی سەرپێ‌یی‌و سەلیقەیی بێت یان پەیوەندی بەهیچ ڕوانین‌و بۆ چوونێکی تایبەتی‌وە هەبێت، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەیە، لەو دامەدا دیاردەی فرە حیزبی بوو بەحاڵەتێکی واقیعی‌و دوو قۆناخی زۆر حەساس‌و جیا لەیەکتریشی تێدا هاتە کایە.

أ.پێش ڕاپەرین کەش‌و هەوای خەباتی سیاسی‌و چەکداری بەجۆرێ دژوارو ناهەمواربوو، لەزۆرلاوە بەکارێکی موستەحیل لەقەڵەم دەدرا، چالاکی سیاسی‌و تەنزیمی گرانترین تاقی کردنەوەی بەخۆوە بینی.

ب.پاش راپەرین حیزبە سیاسیەکان، ڕوو بەڕووی ئەزمونێکی زۆر ساوای کاری حیزبی ئاشکراو دەسەڵات بوونەوەو کومەڵێك کێشەو گرفتی ئاڵۆزی بۆ نانەوە.

پێگەی ڕێکخستنیش لەچالاکی‌ی سیاسی‌دا ئەوەندە زەبوون‌و زەلیل هاتە بەر چاو، کەس خۆزگەی پێ نەدەبرد..!! بۆ پیشاندانی ڕووی دروستی‌و نادروستی ئەو (ئەنالیزە)یەو نەهێشتنی ئیشکال، فەرزە هەردوو قۆناخی ئاماژە بۆکراو بکەین بەمەترەح‌و بەدیدێکی واقع بینانەش هەڵی سەنگێنین.

***پێش ڕاپەڕین**

زێدە ڕۆیی نی‌یە گەر بەو سەردەمە بێژین، قۆناخی بەرجەستە بوونی چەمکی فرە حیزبی، بەڵام لەسەخت ترین ساڵانی فەعالیەتی سیاسی‌و گرژترین فەزای ڕێکخستنی حیزبی، دیارە لەو جۆرە ئەرزشەشدا، مەحاڵە بتوانرێ پرەنسیپەکانی ڕێکخستن بەتەواوی ڕەچاوبکرێن، خەسڵەتە زانستی‌یەکانی تیۆری ڕێکخستن پیادە بکرێ. بۆ دوورکەوتنەوەش لەزەبرو زەنگی تۆرە جاسوسیەکان سێنترالیزم زاڵ دەبێ بەسەر دیموکراسی‌و بەشداری جەماعی‌داو ئاسان نابێت (دەست نیشان کردنی کادر، دانانی بەرپرسی ئۆرگانەکان)، بمانەوێ‌و نەمانەوێ دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی قیادەو پانتایی تەبلیغاتی ڕێکخراوەیی، وێك دێتەوە. دیسپلین‌و ڕەخنەو موتابەعە کەمتر بواری جێبەجێ کردنی دەبێ.. ئەو کەم‌و کورتی‌و ناگوزوریانە هەمووی دەکەونە ژێر سەرپۆشێکی کاریگەرو زاڵ بەسەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسی. ئەویش خەبات‌و پووچەڵکردنەوەی تاکتیکەکانی داگیرکەرو سەرخستنی بەرنامەکانی شۆرشە...

بێ لەوەش ئەگەرچی لایەکی هەڵو مەرجی سلبی ڕێکخستنی حیزبی کۆمەڵێك تەنگژەو ناکامڵی چالاکی ڕێکخراوەیی پێوە دیارە. وەلێ لایەکەی دیکەی چەند خاڵێکی گەش‌و پرشنگداری بواری ڕێکخستن بەرجەستە دەکات لەوانە:-

١) ئۆرگانەکانی ڕێکخستن خەڵکانی دڵسوزو خۆڕاگرو خاوەن هەڵوێست بەخۆوە دەبینن.

٢) بینای ڕێکخراوەیی‌و چالاکی تەنزیمی، کەنالیزەو توندو تۆکمەو پتەو دەبن.. تاڕادەیەك بەپێی بەرنامەو پلان بەرێوە دەچن.

٣) هەلپەرست‌و مشەخۆرو پاشەڵ پیس، ناوێرن خۆیان لەکاری سیاسی بدەن، مەگەر بە ڕاسپاردەی دوژمن.

٤) نەخۆشیەکانی (بیروکراتی، تەکەتول، خۆپەرستی) کەمتر تەئسیر بەخش دەبن.

٥) حەماسەتی شۆڕشگێڕی‌و گەل‌و وڵات پەرستی لەلوتکەی بەرزیدا خۆیان دەنوێنن.

٦) ململانێی نامەشروع وجودی کز دەبێت.

خولاسەی مەبەست، دەکرێ ئەتموسفیری کاری حیزبی لەپێش ڕاپەرین لەدوو خاڵ چڕ بکرێتەوە.

یەکەمیان... وێرای زەبرو زەنگی دوژمن، ڕێکخستنەکان ڕۆڵێکی بەر چاویان گێڕا لەجێبەجێ کردنی بەرنامەکانیان، بەدەریش نەبوون لەکەم‌و کورتی پرەنسیپەکانی ڕێکخستن‌و پێك هاتەکانی.

دووەمیان... لەناوچە رزگارکراوەکان ئەگەرچی دەیان بڵاوکراوەی هۆشیاری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بڵاودەکرانەوە، بەڵام لەبواری ڕێکخستن‌و کاری ڕێکخراوەیی‌دا دەست کورتی پێوە دیارە، زۆر بایەخ بەو تەوەرە نەدراوە، چونکە پەیوەندی‌یەکی نەپساوە نەبوە لەنێوان فکرو سیاسەت‌و ڕێکخستن، بەڵکو تەنزیم وەکو مەسەلەیەکی تەکنیکی کەهیچ عیلاقەی بەسیاسەت‌و ستراتیژو تاکتیك نەبێ مامەڵەی دەگەڵ کراوە.

***دوای ڕاپەڕین**

پێمان وایە، کەس گومانی لەوە نی‌یە کەڕاپەرین وەرچەرخانێکی نمونەیی بوو لەمێژووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد، فاکتەرەکانی دەرەکی بێ یا ناوەکی، چەند پرۆسەیەکی شارستانی وەبەرهێنا، رووی ڕەوایی خەباتی خۆی بەدنیا ناساندو تەم‌و مژی چەواشەکاری دوژمنی لەسەر خەبات‌و تێکۆشانی عەدالەت ئامێزی خەڵکەکەی ڕەواندەوە، قودرەت‌و توانای لێبڕاوانەی خۆشی ئاشکرا کرد بۆ دەسەڵات گرتنە دەست‌و بنیات نانی کۆمەڵگای دیموکراتی‌و ئینسان دۆست. ئەو پرۆسانەش ئەگەرچی زۆرن، بەڵام هەرە گرنگ‌و دیارەکانیان بریتیبوون لە:-

١) ڕامالێنی داگیرکەرو رزگار کردنی بەشی زۆری خاکی ئەو بەشەی وولاتەکەی.

٢) ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری مۆدێرن.

٣) دامەزراندنی پەرلەمان‌و حکومەتێکی گەلی.

٤) والا کردنی فلاتی چالاکی جۆربەجۆری حیزبە سیاسیەکان.

٥) ڕەخساندنی فەزایەکی دیموکراتی ئەوتۆ.. ڕێك ڕەنگدانەوەی ئەو تامەزرۆیەی ئازادی یە بوو کەگەلی کورد سەدان ساڵە هەڵوەدایەتی..

هەموو شۆرش‌و ڕاپەرینێك، خەرمانی دەستكەوتەكانی چەند بەبڕشت بێت بەتەئكید ژانیشی هەر دەبێت لەرووی (فكری، سیاسی) كاری ئێمە نی‌یە شانی بدەینە بەر، بەڵكو زیاتر ئەركی پسپۆرەكانی ئەو بوارەیە، بەڵام جێگای خۆیەتی‌و دەكەوێتە نێو جوغزی باسەكەی ئێمە، ئاماژە بەو قسورانە بكەین كەرەهەندەكانی ڕێكخستنی حیزبی گرتەوە، كەحەماسەتی ڕێكخراوەیی تاڕادەیەك خەفە كردو رەوشی ڕێكخستنی خەشداركرد وەك:-

*هەر لەیەكەم هەنگاوی راپەرین (پرەنسیپی ڕێكخستن) كەوتە ژێر پی‌ی (مەددی) حیزبی.

*كۆمسیون‌و كۆمیتەو ئورگانە حیزبییەكان، بوون بەئوفیسی قۆزتنەوەی خەڵكی هەمە جۆر، بەبێ هیچ مەرج‌و شەرتێك، تەنها ئەوە نەبێ كام (رەنگی خۆش دەوی‌و دەگەڵ میزاجی دەگونجی...!

*خەڵكانی دەراوشلوێ.. لەجیاتی ئەوەی چاوەڕوانی لێ پرسینەوە بن بواریان بۆ رەخسا لەپێشبڕكێ‌ی پایەو نیشانەی حیزبی‌و حكومی بەشداری بكەن‌و رابردوشیان بوو بە (ئەو نانە نانە ئەمرۆ لەخوانە)...!!

*پەیڕەوو پرۆگرام ، توزی پێ خاوستی شالاوی بوون بەحیزبی یان كەوتە سەر.

*چەندایەتی، چۆنایەتی بەچۆك داهێنا..!!

*حیزبەكان بوون بەكۆمپانیای بەخیوكردنی هەزاران كەس.!! زۆربەشیان لەقەناتەكانی ڕێكخستندا دامەزران .

*پشت بەست بەئەنجامەكانی پێش راپەرین، غرورو بیرۆكراتیەت باڵی بەسەر فەزای ڕێكخستندا كێشا.

*پێگەی ڕێكخستن‌و (پرانسیپە) بنەڕەتیەكانی لەچالاكی سیاسی‌دا شوێنی خۆیان لەدەست دا.

دەنگی واش بەرز بوەوە كەكۆڕو كۆبونەوەی فراوان بكرێت بەئەلتەرناتیڤی ڕێكخستنی حیزبی..

هەڵسەنگاندنێكی واقعی بارودۆخی دوای راپەرین بەتایبەتی ساڵەكانی هەوەڵی.. ئەو حەقیقەتمان بۆ ئاشكرا دەكا.. ئەگەرچی حیزبە سیاسیەكانی كوردستانی باشوور لەهەموو قوناخەكانی خەباتدا مەسەلەی ڕێكخستنی حیزبییان چاك بەرجەستە نەكردوەو نەچوونە بنج‌و بنەوانی یەوە، هەتا لەخودی ئەو پەیمانگانەی بۆ كادران سازدراوە، حەقی خۆیان نەداوەتە پێگەی ڕێكخستن، بەڵام لەدوای راپەرین، چەند فاكتەری سەرەكیش هاتە ئارا، كەكاردانەوەیەكی سەرەكی هەبوو لەسەر شپرزە بوونی ڕێكخستنی حیزبی.. ئەوانیش:-

*پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی‌و پێویستی بەدەنگی زۆرینە...

*شەڕی ناوخۆو سلبیاتەكانی..

*لۆجیكی خەباتی سیاسی‌و چەكداری هەموو گەلانی دنیا بەگەلەكەی ئێمەشەوە، ئەوەی سەلماندووە.

((خەباتی دژواری چەكداری بەحوكمی خەسڵەتەكەی، بەرەڵڵایی لەڕێكخستن‌و بیرۆكراتی‌و هەلپەرستی‌و مشەخۆری لەناو دەبات.. كەچی خەباتی سیاسی ئاشتی‌یانە، سەرەڕای چاكەكانی ئەو خەسڵەتە دزێوانەش زۆر دەكات‌و جاری واش هەیە كێشەی ئەوتۆ دەنێتەوە سەرتاپا دەست كەوتەكان دەخاتە مەترسی‌یەوە...))•

ئەگەر مافی (ڤیتو) بەخۆمان بدەین لەهەمبەر وەزعی ڕێكخستنی حیزبە سیاسیەكان، بەدرێژایی خەباتی سیاسی بەشێوەیەكی گشتی‌و دوای راپەڕین بەتایبەتی، دەبێ ئەو راستی یەش فەرامۆش نەكەین كەزانست‌و هونەری سیاسەت لەتوانای زەقكردنەوەی ئەو كێشە سەرەكیانە سەرچاوە دەگرێ كەپێویستە بەتوانایەكی چڕو لێبڕاوانە بچینە وێزەیەوەو چارەسەری عیلمی‌و عەمەلی بۆ داڕێژین، چونكە روداوە سیاسی‌و تەنزیمیەكان پێكەوە گرێ دراون‌و لەهەمان كاتا زۆریش ئاڵۆزن. دەتوانین (لینین) گوتەنی (بەو زنجیرەی بشوبهێنین كەئاسنگەر دروستی دەكا) دەگەڵ جیاوازیەكی سەرەكی كەئەویش ئەوەیە:-

زنجیرەكەی ئاسنگەر ئەڵقەكانی یەك بەدوای یەك مامەڵەیان دەگەڵ دەكرێ،.. كەچی لەسیاسەت‌و ڕێكخستندا دەتوانین ئەو حەلقەیە بدەینە بەرنەزەر كەكێشەی سەرەكیە... هەر بۆ زیاتر روون بوونەوەی مەبەستمان دەڵێین:-

---

• البیروقراطیة فی العمل السیاسی – عزیز السید جاسم ل٤

لەڕاپەڕین، ئەڵقەی ڕامالّینی دوژمن‌و ڕزگار کردنی شارەکان لەپێشەوە بوو.. دواتر، ئەڵقەی هەڵبژاردن‌و کۆکردنەوەی زۆرینەی دەنگ بوو بەسەرەکی.. پێمان وایە ئێستاش زیندووکردنەوەی پرەنسیپ‌و دیسپلینی ڕێکخستن بۆتە کارێکی زەرورو زۆر پێویست... میکانیزمی لیکۆڵینەوەی ئەو ئەرکە گرنگەش لەتوانای تاکە کەس گەورە ترە،.. بەزۆری موهیمەی سەرەکی قیادەی سیاسی‌و عەمەلی حیزبەکان‌و ئۆرگان‌و کۆمسیونەکانی ڕێکخستنی حیزبی‌یە.. چۆن هەر حیزبێك خاوەنی دیدو بۆچوونو فۆرمی ڕێکخستن‌و فەعالیەت‌و تەبلیغاتی تەنزیمی خۆیەتی، ڕەنگە لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دی جودایی هەبێت، بەپێی پێکهاتەی چین‌و توێژەکانی‌و حەجمی جەماوەری‌و فلاتی ڕێکخستنەکانی ئەهمی‌یەتی ڕێکخستن بقەبڵێنی، بەڵام بۆمان هەیە ئەوەندە بڵێن گەرانەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەو نووسینەی لەبەر دەستایەو کەڵك لێ وەرگرتنیان ئەگەر بەرادەیەکی کوللیش نەبێت، زۆر لەلەمپەرو تەگەرەکانی بەردەم ڕێکختن رادەماڵی‌و چالاکی ڕێکخراوەیی کارا دەکاتەوە.

کۆتایی ئەو چەند دێرەش بەدوو ڕوونکردنەوەی پێویست دەهێنین، یەکەمیان لەبابەت پرسیاری هەندێ کەسە، کەئایا تاکەی هەر وەدوای ئەو دیدو بۆچونانە بکەوین کەمەودایەکی زۆر بەر لەئێستا موعتەبەر بوونە..؟ دووەمیان لەسەر ئەو بۆچوونانەیە کەپێ یان وایە ڕێکخستنەکانی ئێستا گەرەکە بگۆڕدرێن.

١- بۆ نوسینی ئەو باسە، هانامان وەبەر چەند سەرچاوەیەك‌و گوتەو بۆچوونی کەسانی شارەزاو پسپۆری بواری ڕێکخستنی حیزبی بردوە. ڕاستە ئەو دیدگاو نەزەرانە، هی سەردەمی خویان‌و ئێستا زەمەنێکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە، بارودۆخ گۆڕاوە، نەزمی دنیا لەئاستێکی تردایە، تەرازوی ململانێی هێزەکان لەخانەی خۆیاندا نەماون، فکرو ئایدۆلۆژیای ئەوێ لەقاڵبێکی نوێ دا داڕێژراوەتەوە، چەمکی گەلەك مەسەلە بەرژگاری ئەورۆ نامۆیە.. خودی حیزبەکانی خۆشمان کیفە تەسکەکەی جارانیان دڕاندوەو فەزایەکی سیاسی لەبارو فلاتێکی فراوانتری فەعالیەتیان بۆ ڕەخساوە، بەڵام بەرەهاییەوە دەڵێن، لەرووی ڕێکخستنی حیزبی هێشتا ئەو پرانسیپانە گەرماییان هەر ماوەو تائەو جێیەی بۆ وەزعی ڕێکخستنی حیزبی ئێستامان سازە، دەکرێ‌و دەشێ کەڵکییان لێ وەر

بگرین، ڕەچاویان بکەین، بەمەرجێ بەدەربێ لەکلێشە سازی‌و پیادە کردنێکی بێ بنەمای بابەتی‌و دوور لەزروفی ئێستای کۆمەڵگەو ئەتموسفیری سیاسی‌و تەنزیمی حیزبەکانمان. لەوەش زیاتر دەمانەوێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین، تائەو دەمەش بۆ ڕێکخستنی حیزبی بەدیلی ئەو پرەنسیپانە لەهیچ لایەکەوە پەیدا نەبوە هەتا حیزبە سوسیال دیموکراتیکەکانی ئەوروپاش هەر هەمان پرانسیپ بەکاردێنن بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەگەڵ واقعی کۆمەڵگەو ئاستی پێشکەوتنی هۆشیاری‌و سیاسی خۆیان بگونجێ.

٢- سەبارەت بەو بۆچونانەی پێیان وایە، کاتی ئەوە هاتوە شکڵ‌و فۆرمی ئێستای ڕێکخستنی حیزبە سیاسیەکان بگۆڕدرێ‌و لاسایی حیزبە سوسیال دیموکراتیکەکان بکرێتەوە لەڕێکخستندا. دەگەڵ ئەوەی دەربڕینی نەزەر مافی سروشتی هەموو کەسێکە، ئێمە ئەوە بەبیرکردنەوەیەکی پێش وەخت دەزانین..!! چونکە، گۆڕینی فۆرم‌و شکلی ڕێکخستنی حیزبی کارێکی میزاجی نی‌یە، بەبڕیارێکی سەرپێییش سەقام گیر نابێ، بەڵکو لەئاکامی چەند فاکتەرێکی بابەتی سەر هەڵدەداو خۆی دەسەپێنێ، لەوانە:-

- گۆڕانی ئەتموسفیری کاری سیاسی‌و تەنزیمی (ئاشکرا بۆ نهێنی‌و نهێنی بۆ ئاشکرا).
- پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەڕووی (سیاسی، ڕوشنبیری، مەدەنی).
- نەمانی مەترسی داگیرکردنەوەو چەوساندنەوەو ڕاوەدوونان.
- ڕەخسانی زروفی وەلاتانی خەباتی چەکداری‌و توندو تیژی‌و هاتنە کایەی فەزای دیموکراتی، خەباتی سیاسی ئاشتی ئامیزی بواری هەڵبژاردن‌و خەباتی پەرلەمانی.
- پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن.
- سەقامگیری تەواوی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی)

بەکورتی ئێمە هەمیشە خوازیاری کاری داهێنەرانەین لەبواری ڕێکخستنی حیزبی، بەڵام لەچوارچێوەی واقعی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو، گۆڕینی شکڵ‌و فۆرمی ڕێکخستنەکانیش بەکارێکی زۆر زیندوو لەبار دەزانین، ئەگەر فاکتەرەکانی

ئەو گۆڕانە لەئارا دابن... وەلێ لەبارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەکەماندا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی ئاماژەمان پێ دا هیچ بنەمایەکی زانستیو واقعی لەخۆناگرێ.

ڕێکخستنی حیزبیو ئەستونەکانی

پێمان وایە لەباسەکانی پێشوو کەم تا زۆر وردەکاریەکانی ڕێکخستنی حیزبی باسیان لێوەکرا، بێشك ڕەنگە زۆر کامڵیش نەبێت، بەڵام بۆ ئەو حیزبانەی، ئەو باسەیان پێ گرنگەو بەپێی بارودۆخی حیزبو کۆمەڵگەی خۆیان گەرەکیانە کەڵکی لێ وەربگرن، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەڵێین، بەرکولێکمان خستۆتە بەردەستیان ئەگەر خاترجەمیشیان نەکات ئەوا تادەگەنە سەرچاوەی چاکتر ئۆقرەیەکی پێوە دەگرن. ماوە بڵێین، ڕێکخستنی حیزبی چەند ئەستونێك ڕای دەگرنو دەیپارێزن، مەودا نادەن لەسککەی خۆی دەرچێو فارغۆنەکانی وەرگێڕێ لەڕێڕەوی ڕاستی خۆی برەتێ، کەناڵەکانی ڕێکخستنی حیزبیش لەهەموو ژەنگو خڵتەیەك پاك دەکاتەوە.. پارسەنگی سیاسەتو ڕێکخستن، قیادەو قواعد، ڕادەگرێ،.. دیارە ئەو ئەستونانەش لەبایەخو لێکدانەوەو مامەڵە دەگەڵ کردن جیا نەزەری زۆری تێدایە، هەموو حیزبەکان بەیەك قیاس کاری پێ ناکەن،..!! بەتایبەتی ئەو حیزبانەی، مەیلی تاکە کەسی تیدا زاڵە، بەپێی میزاجو قازانجی مەرجەع بەعەمەلی دێنن. حیزبە ڕەگەزپەرستو دکتاتورەکانیش ئەگەر بەلاشیەوە بچن، تەنها بۆ ئەوەیە کەبیانکەن بەلغاوی دەمی قواعدو دەم کوت کردنیان،!! بەپێچەوانەشەوە حیزبە شۆڕشگێڕەکان دەیانکەن بەکوانوی جۆشدانی ڕێکخستن، هەمیشە جەخت لەسەر دەرەنجامە باشەکانیان دەکەن، بەحەماسەتێکی زۆرەوە چاودێری پراکتیزە کردنیان. بەهەرحاڵ مەبەستمان لەو ئەستونانە ئەوانەی خوارەوەیە:-

١-سێنترالیزمی دیموکراتیك

((پرەنسیپی سێنترالزمی دیموکراتیك چوارچێوەی پەیوەندی نێو ڕێکخستن دادەڕێژێ، مافو ئەرکی ئەندامی حیزب دەستەبەر دەکات))•

کۆبەندی بەندی ئەو دوو چەمکە لەزۆرلاوە مشتو مڕو بۆچوونی جودای لەسەرە، هەیە پێی وایە دوو چەمکی پێچەوانەی یەکترینو ناکرێ پێکەوە ئەنجامێك بدەنە دەست.!! کەچیبەشی زۆری حیزبە شۆڕشگێڕو چەپەکان ئەو بۆچوونە بەڕاست نازانن، پێشیان وایە یەکانگیری ئەو دووچەمکە لەبواری ڕێکخستنی حیزبی دا کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤیی هەیەو وەکو مەبدەئێکی سەرەکی لەمەجالی عەمەلیدا زەرورەتی بوونی خۆی سەلماندوەو بۆتە شتێکی موسەللەمو حاشاهەڵنەگر، چونکە چەمکی دیموکراتی لەو شوینەدا حەق بەهەموو ئەندامێك دەدات کە لەهەڵویستی سیاسیو ستراتیژو تاکتیکی حیزبەکەی بەئاگابێت، زۆر بەئازادیو سەربەستی دیدو بۆچونەکانی خۆی دەربڕێ، ڕەخنەش لەو تەوەرانە بگرێ کەپێی وایە زیان بەرەوتی حیزبەکەی دەگەیەنێ، دەرگای موناقەشەو تۆیژینەوەی بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەدنیای فکرو مەعریفەتو زانست ئاشنا بێتو بتوانێ بەشداربێ لەدارشتنی پلانو بەرنامە سیاسیو تەنزیمیەکان، کەسایەتی سیاسی خۆی بسەڵمێنێ، پانتایی بوێری لەدەربرینی نەزەر پەرە پێ بدات. ڕویەکی دیکەی ئەو چەمکە خۆی لەوەدا دەنوێنێ کەهەر فەردێکی حیزب بۆی هەیە سەرکردەکانی هەڵسەنگێنێ لەکاتی پێویست داو دەنگی هەبێت لەچارەنووسی دا بەکورتی ((چەمکی دیموکراتی لەژیانی حیزبایەتیدا دەبێتە جۆرێك لەحەماسەتی شۆڕشگێڕی نێو ڕێکخستنەکان، پێش ئەوەی یاساو تابلۆی نێو خۆی ژیانی حیزبی بێت.))

ئەمەیان لایەکی چەمکی (سێنترالیزمی دیموکراتی) بوو.. ڕوەکەی دی سێنترالیزم.. کەپارسەنگی دیموکراتی دەپارێزێو هیچ بۆشاییەك ناهێڵێتەوە لەپەنایەوە دیموکراتی سنووری دیاری کراوی خۆی ببەزێنێو ڕوەو پاشاگەردانیو وەلانانی دیسپلینی حیزبی، پەل بکێشێو پلانو بەرنامە ئیفلیج بکات، بێ

• الاستراتيجية السياسية والتنظيمية ، الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين ل١٧٦

لەوەش، زۆر جار حیزبی سیاسی ڕوو بەڕووی ڕووداوو هەلوێستی ئەوتۆ دەبێتەوە، گەرەکە زووبەزوو، چارەی هەنووکەییو فەوری بۆ داڕێژێ.. ئەگەر لەچوارچێوەی رادەربڕینی، دیموکراتیانەی ئۆرگانەکان، بەدوای. وەلاّم بگەرێ.. رەنگە بەشێوەیەك دوا بکەوێ.. فرسەت لەدەست چووبێتو وەلاّمدانەوەی نەك هەر سەنگی سیاسی نەمابێ، بەلّکو کاردانەوەی خراپیشی بەدواوە بێت.. لەو حالّەتەدا سێنترالیزم بواری تەواو بەقیادە دەدات، بەزۆرینەی دەنگ لەو جۆرە ڕووداوانە هەلوێست وەرگریو بڕیاری شیاوی بۆ بداتو نەهێلێ حیزب بکەوێتە دواوەی ڕووداوەکان.. هەر لەو سۆنگەوە (سێنترالیزم).. پێگەی قیادەی حیزبی لەچالاکی سیاسی و تەنزیمی بەرز دەنرخێنێو لەبڕیارە چارە نووس سازەکان مەودا دەدا بە هەم ئاهەنگی (قواعد) کەدەوری تایبەتی خۆی ببینێ و پشت بەست بەئەزموونی کەلّەکە بووی خۆی حیزبی سیاسی بەرەو سەرکەوتن بەرێت، لەتەنگژەوشکست بیپارێزێ. لەوەش زیاتر..

((سەرکردایەتی جەماعی، هەم ئاهەنگی (قیادة وقواعد)، گوێ رایەلّی کەمینە بۆ زۆرینە ، ئەندام بۆ رێکخستنو ئورگانەکانی خوارەوە بۆ سەرکردایەتی..، ئەوانە هەمووی لە پرەنسیپی (سێنتریالیزمی دیموکراتی) سەرچاوە دەگرن...))

أ.رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن

چەمکی ((رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن)) ئەوەندە گوتراوەو لەسەری نوسراوە ئاشنایەتی تەواوی دەگەلّ قیادەو قەواعیدی حیزبە سیاسیەکان پەیدا کردووە، حیزبە شۆڕشگێرەکانیش لەئەدەبیاتی سیاسیاندا پێگەیەکی موعتبەریان بۆ داناوە لەکاری رێکخستنو سیاسیدا بەمەرجێ:-

١-مەبەستی دروست کردن بێت، نەك شێواندنو تێکدان.

٢-بابەتیانەو عیلمییانە بخرێتە روو.

٣-کێشە سەرەکیو گشتی یەکان بگرێتەوە، دووربێ لەمەسەلە خودیو بچوکەکان.

٤-بۆ شکاندنو سوکایەتی نەبێت.

٥-لەبەرژەوەندیی تایبەتی سەرچاوە نەگرێت.

٦-لەکاتی پێویستدا سەنتەری دەسەلاّتی حیزبیش بگرێتەوە نەك تەنها کالاّی بەقەد بالاّی ئۆرگانەکانی خوارەوە بێت.

٧-لەکاتو ساتو چوارچێوەی شیاوی حیزبیدا ئاراستە بکرێ.

٨-وردبینیو دووربینیەکی ئەوتۆی تێدا بکرێ کە بەهیچ جۆرێ دوژمن کەلّکی لێ وەرنەگرێت.

شتێکی نوێ نادرکێنین کەبلّێین:-

ئەگەر چی رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن بەئەستونێکی پتەوی سیاسەتو رێکخستن ناودێرکراوە، سەراپا بەرنامەی حیزبە سیاسیەکان جاڕی بۆ دەدەن، وەلێ نابێ وابزانین تەنها بەنووسینو بانگەشە بۆ کردنی، ئیدی دەتوانی وەکو (گۆچانی سیحری) موعجیزەمان بۆ وەدەست بێنێو بەکارایی ئەرکەکانی فەراهەم بکات.!! بەلّکو پێویستە. (قیادة)ی حیزبەکان بەتایبەتیو (قواعد) بەگشتی ئەتموسفیری بەرێوە چونێکی کارای (رەخنە) بڕەخسێنن، کەبوێری وەبەر رەخنەگر بنێن، واتە: بەجدی کار بۆ ئەوە بکرێ:-

*خاوەن رەخنە، راوەدوو نەنرێو بوغزو کینەی لێ هەلّنەگیرێ.

*لەکۆنگرەو کۆنفرانسو پلینیۆمو کوبۆنەوە حیزبیەکان خاوەن رەخنە رووشکێن نەکرێتەوەو نەبێتە مایەی بەقوردا چونە خوارەوەی.

*چالاکی حیزبی هەر چەندە فەعال بێت هەر دەبێ بەرەو چاکتر بڕوات بۆیە دەبێ جەخت بکرێ راپورتی هەموو ئورگانەکان تەوەری (رەخنەی) تێدا بێت.

*پێشوازی لەرەخنە بکرێ، (قیادة وقواعد) بەوردی لێی بکۆلّنەوە، بیر لەراستکردنەوەی ئەو مەسەلانە بکرێتەوە کەرەخنەی ئاراستە کراوە.

*سوپاسو پێزانین بۆ ئەو کەسانە بنوسرێ کەرەخنەی زانستیو بینا کار دەگرنو هان بدرێن بۆ ئاشکرا کردنی کەمو کورتی زیاتر.

پەیڕەو کردنی (رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن) هۆکارێکی زۆر کاریگەرە بۆ ئەوەی حیزبی سیاسی، درك بەکەمو کوڕیەکان بەریو رێگا چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، هەروەها رێگا لەکەلّەکە بوونی قسورەکان دەگرێو مەودا نادات میکرۆبی ئەو

نەخۆشیانە گەرا لەقەناتەکانی سیاسەتو ڕێکخستدان بکاتو لەپەلو پۆیان بخات. پەیوەندی (قیادة و قواعد)یش پتەو دەکات، جەماوەر زۆرتر دەلکێنی بەحیزبەوە، لەتەریك بونو دورە پەرێزی دەیپارێزی، سەرەڕای ئەوەش (ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن) خەسڵەتە دزێوەکان لەحیزبی سیاسی دور دەخاتەوەو ئیبداعو حەماسەت لەچالاکی سیاسیو تەنزیمیدا نوێ دەکاتەوە.

((ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن)) یاسایەکی گشتییە بۆ پێشکەوتنی حیزبی سیاسی، کرۆکی ئەو یاسایەش ململانێی نێوان چاكو خراپو ڕاستو ناڕاست، ململانێی نێوان کۆنو نوێیە. بەو پێیە (ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆ گرتن) دەبێتە یاسایەکی (ئیلزامی) بۆ هەموو حیزبە شۆڕشگێڕەکان، چونکە دیموکراتی ژیانی حیزبی بەرجەستەو فەراهەم دەکات))•

• فی التنظیم والتربیة الحزبیة ل٨٥

پوختەی مەبەست

لۆجیکی خەباتی سیاسیو چەکداری هەموو گەلانی دنیا بەگەلەکەی ئێمەشەوە ئەوەی سەلماندووە:-

((خەباتی دژواری چەکداری، بەحوکمی خەسڵەتە سەختەکانی.. ڕێڕەوە پڕ لەمەترسییەکەی، نرخە گرانەکەی، بەرەڵڵایيو بیرۆکراتيو هەلپەرستيو مشەخوری لەرێکخستندا لەناو دەبات. کەچی خەباتی سیاسی ئاشتی یانە وێڕای کاردانەوە، چاکەکانی زۆر خەسڵەتی دزێو بەخۆیەوە دەبینێ.. جاری وایە ئەو خەسڵەتە دزێوانە کێشەی ئەوتۆ دەنێنەوە کەسەراپا دەستکەوتەکانی گەل دەخاتە مەترسی یەوە... لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستی یەدا هەموو شۆڕشو ڕاپەڕینێك خەرمانی دەستکەوتەکانی چەند بەبڕشت بێت ئێشو ئازارو ژانیشی بەدواوەیە .. بۆیە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێك گیروگرفتو کەمو کورتی ڕەهەندەکانی ڕێکخستنی گرتەوە، کەتاڕادەیەك حەماسەتی حیزبایەتی خەفەکردو ڕەوشی ڕێکخستنو کاری ڕێکخراوەیی شێواند وەك:

١-هەر لەیەکەم هەنگاوی ڕاپەرین، پرانسیپەکانی ڕێکخستن کەوتنە ژێر باری (مەددی حیزبی).

٢-ئۆرگانەکانی حیزبی بوون بەئۆفیسی ناو نووسکردنی ئەو خەڵکەی دەبوون بەحیزبیی بەبێ هیچ مەرجو شەرتێك.

٣-هەندێ لەجیاتی لێپرسینەوە بواریان بۆ ڕەخسا خۆیان بخزێننە نێو ڕێکخستنەکان، ململانێ دەگەڵ خەڵکی دڵسۆزوماندوو بکەن، بۆ وەدەست هێنانی پلەوپایە.

٤-چەندایەتی، چۆنایەتی بەچۆك داهێنا.!!

٥-دەستەگەری، ناوچە گەری، بگرە کۆنە (مەیل) گەری بوون بەخەسڵەتیکی باو.!!

٦-مەسەلەی فیکری، یان ناگوزوری فیکری حەماسەتی خوێندنەوەو خۆفێرکردنی دابەزاند.

٧-دابەشکردنی پلەو پایەی حیزبی وەکو بەخششو رازی کردن نرخی کاری رێکخستنی هێنایە خوارەوە.

٨-کزبوونی دیموکراسیو زاڵ بوونی سێنترالیزم لەژیانی رێکخراوەییدا. داهینانو بوێری لەناوبرد.

٩-رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن پێگەی خۆی لەدەست داو رەخنە بوو بەمایەی سەریەشەو کێشە نانەوە.

١٠-رێکخستن بوو بەتاپۆی ئەو کەسانەی لەسەر کاری رێکخستن دەژینو لەجەماوەر بەگشتی دابڕا.

ئەوانەو زۆر قسوری دیکەش لەکەناڵەکانی رێکخستندا بەزەقی کاردانەوەی خراپیان لەسەر چالاکیی تەنزیمی هەبووو دەیان هەڤاڵێ دڵسۆز لەکاری حیزبی بێزار بووەو گەلێکیان خۆیان لەکاری رێکخستن پەراوێز کردووە.. لەکاتێکدا بۆ کاروباری رێکخستنو بینای رێکخراوەیی دەشێن.!!

ئاشکرایە دوای راپەڕین بزوتنەوەی رزگاری خوازو دیموکراسی کورد وەرچەرخانێکی مێژوویی بەخۆوە بینی.. ئەو فاکتەرانەی دەستە بەری ئەو گۆڕانو وەرچەرخانە بوون، دەرەکی بن یا ناوەکی.. چەند پرۆسەیەکی زۆر بایەخداریان لێ کەوتەوە لەوانە:-

أ.جێگیربوونی پرۆسەی ((پرۆڤاید کومفورت)) بەو پێیە ئەنجومەنی ئاسایش بنکەیەکی سەربازی لەئەنجەرلیکی تورکیا دامەزراند بۆ پاریزگاری کورد لەهەر هێرشێکی حکومەتی عیراق.

ب.هەڵبژاردنی سەرتاسەری.

ت.دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم.

ئەو بارودۆخە نوێیە قیادەی سیاسی کوردی خستۆتە بەردەم کۆمەڵێك گۆڕانو داڕشتنەوەی سەر لەنوێی سیاسەتو دیدو بۆچوون بەرامبەر دەوڵەتانی جیرانو ئەوروپاو ئەمریکاو نەزمی نوێی دنیا. ئیدی لێرەوە حساب دەگەڵ وتاری سیاسی کورد دەکرێ.. داخوا لەبارێدا هەیە، مافی رەوای گەل مسوگەر بکاتو گەمە بەئەوراقەکانی سیاسەتی دەولی بکات، بەشێوەیەك کەکێشەی کورد بکەوێتە نێو ئەو کێشە هەنوکەییانەی دۆسێیان لەژێر دەستی زل هێزەکانە..

بەڵام بۆ مەسەلەی شێوەو شێوازی کارکردنی ئێستا لەرێکخستنداو گونجانی دەگەڵ وەزعی نوێی کوردستان دەبێ بڵێین بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر شێوەی رێکخستنی حیزبی کراوە.. دەبێ چەند فاکتەرێك لەئارادابێت بۆ گۆڕینو سەر لەنوێ داڕشتنەوەی رێکخستن. لەوانە:-

*گۆڕانی ئەتموسفیری کاری تەنزیمی (لەئاشکرا بۆ نهێنیو لەنهێنی بۆ ئاشکرا..)

*پێشکەوتنی کومەڵگە لەروی روناکبیریو مەدەنیەت.

*رەخسانی بارودۆخی وەلانانی خەباتی چەکداریو هاتنە کایەی فەزای دیموکراسی بۆ خەباتی سیاسی.

*نەمانی مەترسی داگیرکردنەوەو راوەدونان.

*سەقامگیری تەواوی باری (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی)

کومەڵگەی ئێمە بەهۆی ئەوەی سەرەڕای رزگار بوونی بەشێکی زۆری، کەمتر ئەو گۆڕانکاریانەی سەرەوەی بەخۆوە دیوە.. بۆیە تائێستاش شێوەی رێکخستنەکانی پێشو هەر لەبارو گونجاون، بەڵام بەمەرجێ کەمو کورتیو لەمپەرو کۆسپەکان نەمێنن.. بەواتایەکی تر.. تاکو ئێستاش رێکخستنی تۆکمەو پتەو تاکە فاکتەرە بۆ جۆشدانو سازدانەوەی گیانی شۆڕشگێڕی لەناو جەماوەری گەلەکەماندا.

پێکهاتەکانی چالاکی حیزبی چەند ئەڵقەیەکی پێکەوە گرێ دراون، دەکرێ کام ئەڵقە پێویستی بەچاکسازی هەبوو لەوێوە دەست پێ بکەین.. ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە چاوێك بەرێکخستنو بینای رێکخراوەیی‌دا بگێڕینەوەو هەوڵی تۆکمە کردنو گەشە پێ دانی رێکخستن بخەینە پێشەوەی ئەرکە هەنووکەییەکان. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ رەچاوکردنی ئەو خاڵانەی خوارەوە بە هەنگاوێکی باش بزانین بۆ کارا کردنو تۆکمە کردنی رێکخستنو بینای رێکخراوەیی:-

١-کارا کردنی قیادەی رێکخستن بەکەڵك وەرگرتن لەتواناى لێهاتوترین کادری بواری رێکخستن.

٢-پێداچونەوەی تەشکیلاتی ئۆرگانەکانو دابەشکردنی کادری پسپۆر بەسەریاندا.

٣-کۆبونەوەی دەیانو سەدان کادر لەشارەکان بێ ئەوەی کارێکی ریکخراوەییان لەبەر دەست بێت، نیشانەیەکی زەقی بێ بەرنامەیی رێکخستنەو دەبێ بە پێی پلانێکی عیلمی هەموو ئەو کادرانە پەرت بکرێن بۆ دەرەوەی شارەکان تاکو دەوری کاراکردنی رێکخستن ببینن.

٤-بەرنامەکانی رێکخستن بخرێنە ئەستۆی لێهاتوترین توخمی کادرانی سەرکردەی عەمەلی حیزب.

٥-لەدێهاتو ئۆردوگاکان خەڵکی شایستە دەست نیشان بکرێو لەڕووی فیکریو تەنزیمی پەروەردە بکرێنو بکرێن بەکادری هەمیشەیی.

٦-چاك کردنی مەعیشەتی کادرو بوار نەدرێ هیچ کارێکی تر بکات.

٧-دابین کردنی متمانەو پشتگیری بۆ ئۆرگانەکان، تابتوانن کاری داهێنەرانە جێبەجێ بکەن.

٨-چاودێری بەردەوامی ئورگانەکانو هەڵسەنگاندنی کارەکانیان.

٩-زیاتر بوژاندنەوەی دیموکراسی لەژیانی حیزبی‌دا.

١٠-گەشە پێ دانی مەسەلەی (رەخنە)و لیکۆلینەوەو ئاکامەکانی.

١١-گواستنەوەی سەنتەری چالاکی (فیکری، سیاسی، تەنزیمی) لەشارەکان بۆ دیهاتو ئۆردوگاکان.

١٢-نەهێشتنی دیاردەی دزێوی خۆ بەزل زانینو سوڕانەوە بەکۆمەڵێك (مظاهری) نامۆ بەژیانی کۆمەڵانی خەڵك.

١٣-جیاکردنەوەی رێکخستنی خەڵکی هەڵسوڕاو لەرێکخستنی جەماوەرو دابین کردنی کادری هەردوو شەریحە بەجیا.

١٤-گێڕانەوەی هەیبەتی پلەو پایەی حیزبیو رێز لێ گرتنی.

١٥-بایەخ دان بەتۆڕی رێکخستنی گوندەکان بەو پێیەی کەدەگەڵ بارودۆخی ژیانی ئەوان دەگونجێ.

١٦-رەچاوکردنی چۆنایەتی لەکاری رێکخستندا.

١٧-هەڵبژاردنی بەرپرسی ئۆرگانەکان لەخەڵکی هۆشیارو زاناو خاوەن باگراوندی سیاسیو تەنزیمی.

١٨-بەگەر خستنەوەی سێ کوچکەی رێکخستن لەچالاکی حیزبی‌دا ((دابەش کردنی کار+ موتابەعەی کار+ هەڵسەنگاندنی کار)).

١٩-بەهێزکردنی قەناتەکانی مەعلوماتی حیزبی بەشێوەیەك هەموو بوارەکانی (فکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، سەرژمێری) بگرێتەوەو سوود لەو مەعلوماتانەش وەربگیرێ بۆ نەهێشتنی کەمو کورتی یەکان.

٢٠-پیادە کردنی بەرنامەی زانستیو نوێ گەریو مەدەنی لەبوارەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك.

٢١-پەیتا پەیتا توێژینەوە لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە بکرێ.

أ. ستانداردی تێگەیشتنی جەماوەر لەئایدیاو سیاسەتی حیزب.

ب. رادەی پابەندی جەماوەر بەبۆچونەکانی حیزب.

ت. تەخمینکردنی چینو توێژە زۆرینەکانی ناو رێکخستن.

بەکورتی کارێکی زۆر راستە، هەمیشە حیزبی سیاسی دەگەڵ کاری نوێو داهێنەرانە بێت بەمەرجی لەچوارچێوەی باری بابەتی پێشکەوتنی کۆمەڵ بێت،

خودی حیزبی سیاسیش نابێ ببێتە بەشێك لەکۆمەڵگەی دواکەوتو بەڵکو دەبێ بەردەوام گۆڕانکاری لەو بوارانەدا بکات کەمومکینەو کێشە نانێتەوە، هەمیشەش کادری حیزبی سیاسی دەبێ لەریزی پێشەوەی جێبەجێ کردنی ئەو گۆڕانکاریە نوێ یانەدا بێت.

بۆ نووسینی ئەو باسە سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە

ز	ناوی سەرچاوە	نووسەر
١	وحدة النشاط الايديولوجي و السياسي والتنظيمي للحزب الشيوعي	د . حميد بخش
٢	الاسلوب العلمي في العمل السياسي	د. حسين كامل بهاء الدين
٣	الاحزاب السياسية	موريس ديظرجية
٤	في الجبهة الوطنية الموحدة / دار الطليعة بيروت	جورجي ديمتروف
٥	موسوعة الهلال الاشتراكية	
٦	سياسة الحكم / الجزئ الثاني	اوستن رني
٧	حول الحزب	ليو- تشاو- تشي
٨	الاحزاب السياسية والتنظيم الحزبي	د. شمران حمادي
٩	الماركسية اللينينية ونظرية الحزب الثوري	منير شفيق
١٠	الاستراتيجية السياسية والتنظيمية	الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين
١١	في التنظيم والتربية الحزبية	مكتب الثقافة والاعلام للحزب البعث العربي الاشتراكي